# ژوان

گۆڤاری فەرهەنگی ئەدەبی کۆمەڵایەتیی

ساڵی بیستەم، ژمارەی 30، پاییز و زستانی 1399


خەسارناسیی کۆمەڵگای پزیشکی لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە / دوکتور مەسعوود بینەندە

خەسارناسیی کۆمەڵگای پزیشکی لە ڕوانگەی پزیشکییەوە / دوکتور عوبەید ڕەحمانی

ئیسفای دیاردەی دوزوانەیی و باوترین نمێنەکەیل فێرکاری دوزوانە / عەلی عەلیزادە

کورووش کەسایەتییێکی مێژوویی یا ئوستوورەییێکی گوفتمانی / ژیار ڕەنجبەر

یەڵماز گۆنەی و چەکی ڕەخنە / کۆکردنەوە و نووسین: ئەمین عەبدوڵانژاد






# ناسنامە

گۆڤاری فەرهەنگی، ئەدەبی، کۆمەڵایەتیی ژوان
زانکۆی زانستە پزیشکییەکانی کوردستان

ساڵی بیستەم، ژمارەی 30، پاییز و زستانی 1399

خاوەن مۆڵەت: بنکەی فەرهەنگی ئەدەبیی سۆران

سەرنووسەر: دڵشاد ڕەستاد
بەرپرس: ژیار(دانش) ڕەنجبەر

گەڵاڵەدارێژیی لۆگۆ و لاپەڕەکان: سوهەیب شەمس

هاوکارانی ئەم ژمارە:
د. مەسعوود بینەندە، د. عوبەید ڕەحمانی، م. ئیبراهیمی
د. فەرزاد حاجیمیرزایی، د. عەبدوڵا ئەمینی، ژیار ڕەنجبەر
ئەمین عەبدوڵانژاد، عەلی عەلیزادە، ئارش مێهرەبان
مەهوەش درۆستکار، سینا شامحەمەدی، ئەحمەد عومەری
زانا کەرەمی

binkey.soran @binkeysoran

# وتاری سەرنووسەر



دڵشاد ڕەستاد

ژمارەی سییەمی"ژوان" لە کاتێکدا بڵاو ئەبێتەوە کە بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا، پێوەندی نەپچڕاوی سیاسەت، دەسەڵات و مێدیکالیزێیشێن واتا بە پزیشکی کردنەوەی کۆمەڵگاکان دۆخێکی هێناوەتە ئاراوە کە مەیلە جیاوازە بێ سنوورەکان و حەشیمەتەکان دەبێ پۆلێنبەندی بکردرێن، ڕا بێن، تەبا ببن و بخرێنە نێو بازنەی پێشبینی کراو و ئێستا ئەم ڕەوتە کۆنترۆڵییە لەوپەڕی زەقبوونیدا دەبیندرێت.

ئەم ڤایرۆسە و شێوازی مامەڵەکردنی دەسەڵاتەکان لەگەڵیا، بە جێبەجێکردنی پێکهاتەکان، دیاردەکان، بایەخەکان و تەنانەت هەستە مرۆییەکان، ژیانی ڕۆژانەی تووشی وەستان و بێجووڵەییەکی بەرچاو کردووە.

زانکۆ یەک لەو پێگانەیە کە بەردەوامبوونی قەیرانی کۆنترۆڵی ئەم دۆخە نەشیاوە، کێشە و گرفتەکانی کە هەردەم لەگەڵیا ڕووبەڕوو بووە، گواستووەتە چوارچێوە و قاڵبێکی تر و ئاستێکی هەرە بەرزتر.

چالاکیی فەرهەنگی بە دوای دابڕانی خوێندکار لە زانکۆ وەک ناوەندی پەرەسەندنی ئەندێشە و بزاڤی خوێندکاری، لە پەراوێزخراوترین حاڵەتی خۆیدا بەسەر ئەبات و کەلێنی نێوان زانکۆ و زانکۆییەکان، قووڵبوونەوەیەکی سەیر بەخۆیەوە ئەبینێت.

تێکڕای تەواوی کاریگەرییە نەرێنییەکان و ئەو پاشکەفتگەلەی بەدوای ئەم پەتا و شەڕی سەردەمەدا چاوەڕوان ئەکرێت، دوور لە هەر چەشنە درووشمێک، هەنگاوگەلی هێزلێبڕاو بەڵام باوەڕمند و بەهیوامان هەڵئەگرین و بەپێی گرینگایەتیی ئامانجەکانمان، لە هەوڵ و هەڵوێست و بەرپرسیاریەتی بەرانبەر بە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانمان، بەردەوام ئەبین.

دەستەی بەڕێوبەری گۆڤار، بڕیارمان دا بەشێکی تایبەت لە قاڵبی وتووێژدا تەرخان بکەین بۆ "خەسارناسیی کۆمەڵگای پزیشکی" کە هەوڵمان ئەوەیە لە ژمارەکانی داهاتوودا بە توێژینەوە و گەڕان و خوێندنەوەی پسپۆڕانە، پەرە بدەین بەم ڕەوتە کە گرتوومانەتە بەر و ئاستی پێوەندیداربوونی بابەتەکان و بواری خوێندنی ئاکادمیکمان، بگەیێنینە خاڵێکی بەرز.

هەروەها هەروەک پێشووتر، لە بوارگەلی جیاوازدا لەوانە، فەلسەفە، مێژوو، ئەدەبیات، سینەما و ... بە هاوکاری هاوڕێیان، بابەتمان لە شارە جیاکانی کوردستان بە دەست گەیشتووە کە سپاسی پاڵپشتی و مانووبوونیان ئەکەین و لە کۆتاییدا:

"ئەگەر ژانە، ئەگەر برکە، ئەگەر خەم
دەبێ سەودام لە سەردا بێ هەتا هەم"

"تا ژوانێک لەودیو سنووری ڕۆژگارەکان"

# پێڕست

1. وتووێژ
_خەسارناسیی کۆمەڵگای پزیشکی لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە ........................... 5
دوکتور مەسعوود بینەندە

_خەسارناسیی کۆمەڵگای پزیشکی لە ڕوانگەی پزیشکییەوە ........................... 12
دوکتور عوبەید ڕەحمانی

2.فەلسەفە
_ جمعیت پرکار ........................................................................ 23
بە قلم م. ابراهیمی

_شوپنهاور و فەلسەفەی دەرمانخوازی ................................................ 29
نووسین: دوکتور فەرزاد حاجی‌میرزایی
وەرگێڕان: ژیار ڕەنجبەر

3. وتووێژ
دوکتور عەبدوڵا ئەمینی ............................................................... 33

4. مێژوو
_کوروش کەسایەتییەکی مێژوویی یا ئوستوورەییەکی گوفتمانی ..................... 40
ژیار ڕەنجبەر

5. سینەما
_یەڵماز گۆنەی و چەکی ڕەخنە.......................................................... 48
کۆکردنەوە و نووسین: ئەمین عەبدوڵانژاد

6.زمان
_ ئیسفای دیاردەی دوزوانەیی و باوترین نمێنەکەیل فێرکاری دوزوانە............ 55
عەلی عەلیزادە

7. ئەدەبیات
_ جیهانی فانتێزی لە ئەدەبی منداڵان.................................................. 60
ئارش مێهرەبان

8. شێعر
مەهوەش دروستکار ..................................................................... 63
سینا شامحەمەدی....................................................................... 64

9. Mûzîk
_ Dengbêjî û di Kurmancî de cihê wê........................................ 66

وەرگێڕان بە زاراوەی ئەردەڵانی: زانا کەرەمی ........................................ 65



# خەسارناسیی کۆمەڵگای پزیشکی لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە

دوکتور مەسعوود بینەندە

ئاماژە

دوکتۆر مەسعوود بینەندە لە شاری مەریوان لەدایک بووە و قۆناغەکانی خوێندنی لە بوارەکانی زانستی فیزیا و کۆمەڵناسیدا تەواو کردووە. بۆ ماوەی نیزیک 13 ساڵ سەرنووسەری گۆڤاری توێژینەوەیی-شیکاری زرێبار بووە. هەروەها وەکوو ئەندامی دەستەی نووسەران لە چەند گۆڤاری کوردی دیکەدا وەکوو گۆڤاری مانگانەی بیروهزر و گۆڤاری وەرزانەی هەناردا چالاکی نواندووە. لە بوارەکانی فەلسەفە و ئەدەبیات و کۆمەڵناسیدا خاوەن لێکۆڵینەوە و وتارە و لە ئێستادا وەکوو مامۆستای زانکۆ و ئەندامی کارای توێژینگەی کوردستانناسیی زانکۆی کوردستان لە وانەوتنەوە و توێژینەدا بەردەوامە. دوکتۆر مەسعوود بینەندە بۆ ساڵانێکی دوور و درێژ ئەندامی چالاکی بزاڤی خوێندکاریی کوردی بووە و لەو مژارەشدا خاوەن دەق و بیروڕا و هەڵوێستە. ئەم وتووێژە سەبارەت بە چەمکێک لە خەسارناسیی کۆمەڵگای پزیشکی لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە لەگەڵ بەڕێزیان ئەنجام دراوە.

**سڵاو و ڕێز لە خزمەتتان. ئایا پەرەپێدان بە زانستە پزشکییەکان وەک لایەنی قودرەت و لە لایێکی دیکەوە سەرنجنەدان بە زانستەکانی دیکەی زانکۆیی، سیاسەتی سیستمی پەروەردەیە؟ ئەگەر وایە هۆکارەکانی ئەم بابەتە چ شتگەلێکن؟**

سڵاو و ڕێز. ئەم چەشنە تێڕوانینی جیاوازە، پێشینە و مێژوویێکی لە پشتە، هەم لە ئاستی وڵاتی ئێران و هەم لە ئاستی وڵاتانی دیکە. هەر لە مێژە بواری پزیشکی و تەندرووستی بۆ مرۆڤ و فەرهەنگی مرۆڤایەتی پرسێکی گرنگ و ئێمێرجێنسی بووە. کەوایە دەکرێ بڵێین گرنگایەتی ئەم بوارە و پیشە و کەسایەتی پێوەندیدار بەم بەستێنەوە خۆیلەخۆیدا دەکرێ سەرەتایێک یان خود پاساوێک، هەرچەندە نە بە تەواوی درووست، بۆ ئەم مژارە لەبەرچاو بگرین. لە سەرەتای داهاتنی ناوەندە مودێرنەکانی زانکۆ، لە وڵاتی ئەڵمانیا، هەر ئەم دیاردەیە واتە هەڵاواردن و نابەرابەریی نێوان بوارە جیاوازەکانی زانست و مەعریفە جێباس بووە و ئیمانوێل کانت فیلسووفی بەناوبانگ لە وتارێکدا ئەم کێشەیەی وروژاندووە.

کانت دەڵێ: «کۆلێژەکان بەشێوەیەکی نەریتی لەسەر دوو پلە دابەش کراون: سێ کۆلیژی باڵادەست(higher facul-ties) [ئیلاهیات، پزیشکی و ماف] و یەک کۆلیژی ژێردەست (lower faculty)[فەلسەفە]. روونە کە ئەم دابەشکاری و ناودێرکردنە، چ پێوەندی¬یێکی بە پسپۆڕانی ڕاهێنراوەوە نییە، بەڵکوو لە پێوەندی لەگەڵ حکوومەتدا هاتۆتە کایەوە و وەرگیراوە؛ بۆیە کۆلێژێک تەنها ئەو کاتەی بە باڵادەست دانراوە کە وانە و فێرکارییەکانی- هەم لە بواری ناوەرۆک و هەم لە بواری شێوازی ئاراستەکردنیان بۆ هەمووان بەرژەوەندییەکانی حکوومەت ڕەچاو بکات، لە حاڵێکدا ئەو کۆلێژەی کە ئەرکی تەنها بەرگریی لە پەرۆشییەکانی زانستە، بە ژێردەست ناوزەد کراوە...» . کانت لە درێژەی باسەکەیدا سەرەڕای بەڕەوادانانی جیاوازی و مشتومڕی ئەو بوارانە، پێی وایە دەبێ ئەو پێوەندییە لە شێوازی نابەرابەری باڵادەست/ژێردەست دا هەڵبوەشێتەوە و هەڵاواردنی نێوانیان بسڕدرێتەوە. دیارە لەو سەردەمەدا هاوبەندیی بوار و کۆلێژەکانی زانکۆ، جیاوازییان لەگەڵ ئێستا هەبوو بەڵام توخمی هاوبەشیان ئەو کارکردەیە کە بوارە زانستییەکان دەتوانن لە پێوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی دەوڵەت و هەروەها ئابووریی بازاڕدا ببیەن بەڕێوە. بەسەرنجدان بەم ئاماژە مێژوویی¬یە بەو دەرئەنجامە دەگەین کە زانکۆ و بواری خوێندنی زانکۆیی دیاردەیێکی تەواو سەربەخۆ نییە و وەک هەر ناوەندێکی‌تر هاوپێوەند لەگەڵ ناوەندەکانی دیکەی کۆمەڵگە پێناسە دەکرێ و دەور دەگێڕێ.

لەم سەردەمەدا کە سەردەمی هێژمۆنی و باڵادەستیی جیهانیی گوتاری نیۆلیبڕالیزمە، فاکتەری ئابووری و ڕەهەندی بازاڕ زۆرتر و زەقتر لە هەر کاتێکی دیکە هاتۆتە ڕۆژەڤەوە و کاریگەرتر لە هەر قۆناغێکی مێژوویی ڕۆڵ دەگێڕێت. داخوازی و پێداویستیی بازاڕ ناوەندی زانکۆی گەمارۆ داوە و تەنانەت کار لەسەر گۆڕاندنی مەبەست و ئامانجەکانی زانست و خوێندن دەکات. ئەم دیاردەیە بەتایبەت لە ئێراندا کە ئابووری¬یێکی تا ڕادەیێک زۆر دەوڵەتیی هەیە بە شێوەیێکی جیاواز دەردەکەوێ.

دەوڵەتی‌بوونی زانکۆ و پلاندانانی خوێندن ئەم ئەرکە ئاسایی تر دەکاتەوە کاتێک دەوڵەت دەبێتە یەکەیێکی بەڵێندار و هاریکاری پرۆسەی بازاڕی‌کردن و بەکەرتی‌تایبەتی‌کردنی ڕەوتی زانست و مەعریفە. کاتێک زۆربەی کەرت و جومگە کانی کۆمەڵگە لەژێر کۆنتڕۆڵ و چاوەدێریی دەسەڵاتی دەوڵەتیدا بێت و پرۆسەی نیۆلیبڕالیزەکردن لەسەرەوە و بەبێ ئیزن و بەشداری زۆربەی خەڵک بەڕێوە بچێت، دەرئەنجام دەبێتە ئەوەی کە تەواوی پلانی سیستەمی پەروەردە و ڕاهێنان و تەنانەت پلانی بنەماڵەکان و هەروەتر ناوەندی بازاڕ و میدیا دەبێتە گۆڕەپانی تەراتێنکردنی سەرمایەداریی پزیشکی و بەپزیشکی‌کردنی تەواوی بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگە.

**زۆربەی خوێندکارانی قوتابخانە، چ بە پێی حەزی خۆیان و بگرە زۆرتر بە پێی خواستی بنەماڵە و ڕوانین لە دۆخی دەرچووانی زانکۆ کە لە باری پیشە و ئابووریدا دۆخێکی باشیان نییە،ڕوویان هێناوەتە زانستە پزشکییەکان؛ پاشکەفتەکانی ئەم ڕووهێنانی لە ڕادەبەدەرە لە کۆمەڵگادا چ شتگەلێکن؟**

پێم وانییە ئەم لێشاوی ڕووکردن لە بوارەکانی زانستە پزیشکییەکان، ئاسایی یان بەپێی حەزی کەسەکان بێت. وەک لە ڕێبازە نوێیەکانی سیاسەت و کۆمەڵناسیدا ئاماژەی پێدەکرێ هەر دیاردەیێک پێکهێنراو و ڕۆهێنراوە و ناتوانین شتەکان وەکوو خۆیان‌لەخۆیاندا پێناسە بکەین. بەپزیشکی کردنی کۆمەڵگە ڕەوتێکی گشتگیری جیهانییە و وڵاتی ئێرانیش لەژێر کاریگەریی ئەم تەوژمەدایە. بەپزیشکی‌کردن یان پزیشکی‌بردەیی(medicalization) ئەو ڕەوتە کۆمەڵایەتی-مێژوییەیە کە لەوێدا ناوەند و گوتاری پزیشکی بەسەر هەموو کون‌وقوژبنەکانی کۆمەڵگە زاڵ دەبێت و کۆنتڕۆڵ و چاوەدێری پزیشک و شێوەڕوانینی پزیشکی بەسەر هەموو تاکەکاندا پەرە دەستێنێ. بۆ نموونە ستایلی جەستەکان، چەشنی خواردن، پێوەندییەکان و بەگشتی هەموو هەڵسوکەوتێکی مرۆڤ بەپێی گوتاری پزیشکی سەرلەنوێ دادەڕێژرێنەوە و پزیشکی سەردەکاتە نێو تەواوی بەستێنەکانی ژیانی مرۆڤدا و هەموویان تووشی تابۆشکێنی و پیرۆزی سڕینەوە دەکات. بێگومان لەم ڕەوتەدا هەم دەسەڵاتی فیگۆری پزیشک بەهێز دەبێت و هەم جێگە و پێگەی زانستی پزیشکی لە ئاست زانست و پیشەکانی تر بەرزتر دەنرخێندرێت. ئەم خەسارە خەسارێکی گشتگیرە و ئێمەش تووشی ئەو دەردەی هاتووین، بەڵام دەردەکەی ئێمە چەند قات زۆرترە و بەچەشنێک هایپێر-درم و زەوەند-خەسارە. واتە لێرە کێشەکە لەوەدایە کە فۆرمی دەسەڵات سێنتڕاڵ و چەقبەستووە و بەهاوڕابوون لەگەڵ ڕەوتی پزیشکی‌بردەیی، تەواوی سەرچاوەکانی کۆمەڵگە لەپێناو سەرخستن و بە هەژمۆنکردنی ئەو ڕەوتە دەخاتە گەڕ. نیۆلیبڕالیزەکردنی

ڕەوتی پزیشکیبردەیی و هاوکات بەدەوڵەتیکردنی ئەو ڕەوتە؛ کە خۆیلەخۆیدا دیاردەیەکی دژوازە، وزە وتەوژمێکی لەبڕاننەهاتووی پێ دەبەخشێ و تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگە لە بەرانبەریدا بێپشتوپەنا و کاردۆژە دەکات.
پاشهاتەکانی ئەم ڕەوتە لە ئاستی زانست و بوارەکانی خوێندندا ئەوەیە کە زۆربەی بوار و ڕشتەکانی خوێندنی زانستی لە ئاست پزیشکی کەم بایەخ دەبن و دەخرێنە پەراوێزەوە. پەرەسەندنی زانستی و گەشەی مەعریفی دیاردەیێکی چەندڕەهەندی و مۆڵتیدیسیپلینە و تەنێ بە بوارێکی زانستی جێبەجێ ناکرێ.تاک ڕەهەندی بوونەوەی خوێندن و سیستەمی ئاکادیمیا ئەو خەسارەیە کە تووشی هاتووین و دێر بتوانین لەکۆڵی خۆمانی بکەینەوە. لە ئاستێکی دیکەدا داسەپاندنی ئەم تاکڕەهەندییە بەسەر بنەماڵەکاندا کە چارەنووسی نەوەکانی داهاتوو دیاری دەکەن کارەساتێکی مەزنتری لێ دەکەوێتەوە. بنەماڵەکان بە شێوەیەکی سیستەماتێک و بەپێی پلانی ئایدۆلۆژیای پزیشکیبردەیی، بەهرە و توانستی منداڵان و لاوان بەرەو ئاقارێک دەبەن کە نە ویست و حەزی ئەوانی تێیدا دەبینرێتەوە و نەش هاوئاهەنگی و لێکچوونێک لە نێوان بواری خوێندنیان و بەهرە و تواناکانیان لە ئارادا دەبێت. ڕکابەری و کێبڕکێ یێکی ناتەندرووست و نەشیاو لە نێوان خوێندەوارانداا دێتە کایەوە کە لەسەر دەروون و کردەوەیان کاریگەریی نەرێنی دەبێت و کەسایەتی یێکی بەرژەوەندیخواز و هەلپەرەستیان لێ بەرهەم دێنێت. تاکخوازیی نیگەتیڤ کە بەشێکی بەرهەمی ئەم ڕێبازە گشتگیرەیە کۆمەڵگە بەرەو چەشنێک دابڕان و لێکترازان ڕا دەنێ و هەرچی ڕەوت و ناوەندی بەکۆمەڵ و گشتییە لاواز و کەمبایەخ دەکات. هاوکات بازاڕێکی مەزن بۆ ئەم کێبڕکێیە چێ دەبێ کە تێیدا چینی سەردەست و بۆرژوا پێگەی باڵادەستیی خۆیان بەرهەم دەهێننەوە و چینی ژێردەست و هەژار تووشی پاتراندن و پەراوێزکەوتەیی دەبن. فێرکاری و پەروەردە ڕۆژلەدوایڕۆژ پتر بەدەردی بەکاڵابوون دەچن و ڕادەی دەستپێڕاگەیشتوویی چینەکانی ژێردەست و هەژار بە سیستەمی خوێندنی شیاو و خاوەن کوالێتی بەردەوام کەمتر دەبێتەوە.

بەپێی ئامارەکان، بە پێچەوانەی ئەو کردارەی لە وڵاتە ڕۆژاواییەکاندا هەیە، لە وڵاتی ئێمەدا نیزامی سڵامەت بەشێکی کەم لە مووچەی خۆی بۆ بابەتی "پێشگیری" تەرخان دەکات و ئەوە دەبێتە هۆی گەشەکردنی ژمارەی نەخۆش و نەخۆشینەکان؛ لە لایەکی ترەوە سەرنجی زیاتر لەسەر بابەتی "دەرمان" دەدرێ کە دیارە لە "پێشگیری" تێچوویێکی زۆرتری دەوێ، بەڵام قازانجی توێژی پزشکی لە بابەتی "دەرمان"دایە؛ ئایا ئەوە خاڵێکە بۆ بڕواهێنان بە چەمکی "بازاڕی پزشکان"؟

لە دونیای ئەوڕۆدا و لەژێر کاریگەری ئابووریی سەرمایەداریدا هەموو دیاردەیێک دەبێت بە پیشەسازیی و بەستێنێک بۆ بەرهەمهێنان و وەگەڕخستنی سوود و سەودا. پیشەسازیی پزیشکی لە ئێراندا دووئەوەندەی پیشەسازیی نەوت و گاز سەرمایەی لەگەڕیاندایە، کەوایە دەبێ ئەو ڕاستییەمان بۆ ڕوون ببێتەوە کە ئەم بەستێنە بەستێنێکی سەوداگەرانەیە و بە سووک و سانایی کونترۆڵ و بەرتەسک ناکرێتەوە. وەک دەزانین قازانجی سەرەکی ئەم گۆڕەپانە لە هەڵهێنجانی سوود و سەرمایە لە جەستەی نەخۆش و فرۆشتن و بەکارهێنانی هەرچی زۆرتری دەوا و دەرمان و خزمەتگوزاری پزیشکییە. کەوایە هەرچی زۆرتر ئەم چەرخە هەڵبسووڕێ، هەڵگۆزینی قازانج بەرفراوانتر دەبێ و کەڵەکەسازیی سەرمایە لە لایەن پیشەسازیی پزیشکی سەرکەوتووتر دەبێت.
بازاڕی پزیشکی جەخت لەسەر ئەو قۆناغە دەکات کە لەوێدا چەرخی کاڵا و خزمەتگوزاریی پزیشکی پڕتاوتر هەڵبسووڕێ، کەوایە قۆناغی پێشگری لە بازنەی قازانجی ئەودا ڕەچاو ناکرێت. تەناتەت ئەگەر دەبینین دروشم و پلانی پێشگری هاتۆتە نێو ئەم بازنەیەوە تەنێ بە مەرجی بەکاڵابوون و دەسخستنی بەرژەوەندی ئیزنی دەرکەوتنی پێدرواە. وەک دەزانین ئامپوول و دەرمانی پێشگری پەرەی ئەستاندووە و خۆی بووە بە بازاڕێکی بەربڵاو. بەهەرحاڵ هیچ پلان و پەرچەکردارێک نییە کە لە لایەن لۆژیکی بەهێزی سەرمایەداریی پزیشکییەوە پووچەڵ نەکرێتەوە و هاوئاڕاستەی بەرژەوەندییەکانی دەکار نەهێنرێت.

چ هەوڵگەلێک بۆ وشیارکردنەوەی خەڵک بە مافە ڕەواکانیان وەک نەخۆش یان بنەماڵەی نەخۆش دراوە و ئەم مافگەلە تا چ ڕادەیێک پارێزراون؟
هەروەها چ هەوڵگەلێک بۆ وشیارکردنی خەڵک لەسەر مافی پزشکان و لێژنەی دەرمان دراوە؟ ئەم مافگەلە تا چ ڕادەیێک پارێزراون؟



کۆمەڵگەی مودێرن بەپێی مافەکانی مرۆڤ و مافی شارۆمەندی جەخت لەسەر ئاگادارکردنەوە و وریاکردنەوەی تاکەکان لە مافەکانی خۆیان لە هەر بەستێنێکدا دەکات. لە کۆمەڵگەی کراوەدا تەنانەت کەسێ کە تاوانی قورسی کەوتۆتە ئەستۆ مافی تایبەتی خۆی هەیە و پێش هەموو شتێ لە مافەکانی خۆی و چۆنییەتی بەکارهێنانیان ئاگادار دەکرێتەوە.

سوێندی پزیشکی، تەواوی پزیشکان و دەرمانگەران هان دەدات کە مافی نەخۆش بپارێزن و بە هۆگری و بەرپرسیارەتییەوە کار و ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن. بەڵام تەنێ ئەم بڕیارە ئەخلاقییە بەس نییە بۆ ئەوەی مافی نەخۆش لە ئەرزی واقیعدا بچەسپێ و پێویستە لایەنی تر ڕەچاو بکرێت.

مرۆڤی نەخۆش بەپێی دۆخی تایبەتی، بە سانایی دەکەوێتە نێو پێوەندی نابەرابەری سیستەمی دەرمان و پزیشکییەوە و زۆر جاران لە لایەن خۆیەوە و بەدەستی خۆی نکۆڵی لە بەرژەوەندی و مافەکانی خۆی دەکات. بۆ نموونە نەخۆش هەندێ جار بۆ ئەوەی لە دەرد و نەخۆشییەکی ناسۆر رزگاری ببێ خۆی لە ماف و یاساکان بێوەری دەکات و چاو لە زۆرێ لە ناهەقی و هەڵاواردنەکان دەپۆشێنێ.

لەم دۆخەدا ئەگەر سیستەمێکی مافپەروەر و یاساسەروەر لە ئارادا نەبێت کە ڕێگری لە گەندەڵی و نابەرپرسیارەتی پزیشکی بگرێت بێگومان مافی نەخۆش ئەوەندەی تر دەسووتێت. کاتێ لە وڵاتێکدا ئۆلیگارشی پزیشکی ئەوەندە هێز دەگرن کە تەنانەت ڕێگا لە نومایشکردنی فیلمێکی گاڵتە تایبەت بە دۆخی پزیشکی و دەرمان دەگرن و خاوەنی دەسەڵاتی سانسۆر و بایکوت دەبن دیارە قسەکردن لە مافی نەخۆش ئەوەندە جێگایەکی شیاوی نابێت. هەر ئەم ئۆلیگارشییە ئەوەندەی هێز هەیە کە ئیزن بە تاوانبارکردنی هیچ پزیشکێک لە هیچ حاڵەتێکدا نادات. کەوایە بەو ئەنجامە دەگەین کاتێ چین و توێژێکی دەستەبژێر ئەوەندە هێز بگرن کە زۆرترین بەرژەوەندی بۆ توێژی خۆیان پاوان بکەن و سەرووتر لە یاسا و ئاکار هەڵبسووڕێن، لە ئاستی هیچ کردەوەیەکی خۆیان بەرپرسیار نابن و وەڵام بە هیچ لایەنێک نادەنەوە.

گرێبەستێکی تایبەتی سەرمایەداری و دەسەڵات هۆکاری سەرەکی ئەم چەشنە گەندەڵییەن کە ئیزن بە جێبەجێکردنی مافی نەخۆش نادەن و هەرچەشنە هوشیاری و دەنگهەڵبڕینێک لەم بوارەوە دەمکوت دەکەن. بێگومان ئەم زانیاری و بەئاگابوونە لە مافی نەخۆش و هەروەتر پزیشک هاوبەستە و پێوەندیدارە و لە دۆخی ئاماژەپێکراودا هیچ لایەنێکی دەستەبەر ناکرێت.

بە گشتی دەتوانین بڵێین ماف خۆیلەخۆیدا وەکوو یاسایێکی نووسراو یان وەکوو هوشیارییەکی زەینی دەسکەوتێکی بەرهەست و بەرچاوی نابێ.

تاکوو دەسەڵاتێکی دیاریکراو هەوڵ بۆ جێبەجێکردنی یاسای پەسەندکراو نەدات و زەمانەتێکی بەرچاو بۆ پاراستنی مافی نەخۆش وەکوو لایەنی لاواز و بندەستی هاوکێشەی نەخۆش-پزیشک رەچاو نەکرێت، هەڵوێستی ئاکارمەندانە و دروشمی مرۆڤخوازانە بەتەنێ هیچی لێ سەوز نابێت.

**بەرپرسانی نیزامی سڵامەت کە زیاتر لە ٪90یان لە پزشکان پێک‌هاتوون و لە توێژەکانی تری ئەو نیزامە کەمتر کەڵک وەرگیراوە، تا چ ڕادەیێک بوونەتە هۆی پاوان‌کردن(انحصار) لە ڕشتەی پزشکیدا؟**

پاوانکردن و سنووربەندی لە هەر بوار و پیشەیەکدا لە ئارادایە، تاکوو شوناس و ئاستی دەسەڵات و پرێستیژی ئەو پیشە و بوارە بپارێزرێت. بەڵام ڕادە و چۆنیەتی ئەوە پاوانکاری و سنووربەندییە لە هەر بوارێکدا جیاوازە و هەرچەندە چینی پاوانکار بە دەسەڵاتێکی زۆرتر و بە ئیتۆسێکی نابەرپرسیارترەوە دەربکەون، دیاردەی هەڵاواردن و گەندەڵی زۆرتر دەبێت. بێگومان دیاردەی تەندرووستی تەنێ لایەنی پزیشکیی نییە بەڵکوو ڕەهەندی دەروونناسانە دەروونشیکارانە، کۆمەڵناسانە و هتدی هەیە و نابێ هەموو سیستەمی سەلامەت و تەندرووستی لەژێر دەسەڵات و چاوە دێری پزیشکان بەڕێوە بچێت. پزیشکی بە هۆی ئەوەی بوارێکی ئۆبژێکتیڤ و بەرهەستە، زۆرتر لە ڕوانگەیەکی پۆزیتیڤیستی و ئێمپێریکاڵەوە چاو لە نەخۆش و هۆکارەکانی نەخۆشی دەکات. کۆمەڵناسیی پزیشکی بوارێکی کۆمەڵناسییە کە پێمان دەڵێ پزیشکی و نەخۆشی بەرهەمهێنراو و سازدراوێکی کۆمەڵایەتییە و ناکرێت چینی پزیشک وەکوو ئۆلیگارشییەکی دابڕاو و نامۆ لە بایەخەکانی کۆمەڵگە دەربکەون. تەندرووستی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە و ئەگەرچی پزیشکی و دەرمان بەشێکی ئەو پرۆسەیە پێک دەهێنن بەڵام ناکرێ وەکوو براگەورە و تەواوکۆی ئەو پرۆسەیە ببینرێن. هەروەها کە دۆخی ئێستا لە سیستەمی پەروەردە و ئاکادیمیا، زۆربەی بوارەکانی تری زانست و خوێندنی لەبەرچاو خستووە؛ واتە لە پەراوێزی ناون، و پیشەی پزیشکیی بەسەر هەموویاندا زاڵ کردووە، لە بڕیار و پلاندانان بۆ بەشی تەندرووتیش هەروەها لایەنەکانی تریان وەکوو کۆمەڵناسان و دەروونناسانیان وەلا ناوە و تەنیا لە ڕوانگەی دەوا و دەرمان و قازانجی مادییەوە چاو لەم دیاردەیە دەکەن. تەندرووستی جەستە و دەروون پێوەندییە
کی بنەڕەتیی لەگەڵ پێوندی و هاوبەندیی کۆمەڵایەتیی هەیە و تاکوو چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە لە پرۆسەی سەلامەت و تەندرووستیی خۆیاندا خاوەنی دەنگ و دەسەڵات نەکرێن ئەو مەبەستە بە درووستی و ڕێکوپێکی بە ئەنجام ناگات.

**نیزامی دابین‌کردنی مەزەنە لە دەرماندا کە لەودا جیاوازیی و هەڵاواردنێکی(تبعیض) بەرچاو لە نێوان مووچەی پزشک و لێژنەکانی تری دەرمان وەک نەخۆشیار(پرستار) و... هەیە، تا چ ڕادەیێک بووەتە هۆی ڕووتێکردنی لە ڕادەبەدەری قوتابییان بە زانستە پزشکییەکان؟**

هەر سیستەمێکی هەڵاواردن سەرەڕای ئەوەی نابەرابەری و جیاوازی لە ئاست بەرانبەرەکان پێک دێنێت لە نێو خۆیدا هەروەها ئەو هەڵاواردنە بەرهەم دەهێنێتەوە. کەوایە زۆر ئاساییە کە پیشەسازیی پزیشکی بەردەام سنوورەکانی خۆی تەنگتر بکاتەوە و بازنەی بەهرەمەندان لە دەسکەوت و داهات بەرتەسکتر و هەژماری دەرکراوان لەو بازنەیە بەرفراوانتر بکاتەوە. ئەم کەلێنە نە تەنیا لە لایەن پزیشکانەوە بەرهەڵستی پەرستاران بەڵکوو دیسان لە نێو خودی پزیشکانیشدا بە شێوەی جیاواز سەرهەڵدەداتەوە. پزیشکی پسپۆڕ لە ئاست پزیشکی گشتی، پزیشکی پلاستیک و جوانکاری لە ئاست پزیشکی دەروون و ... کەوایە لۆژیکی سەرمایەداریی پزیشکی، ڕاستەوڕاست هاوشێوەی سەرمایەداری کۆمپانیا پاوانکارەکان دەجووڵێتەوە کە بەردەوام لەپێناوی کەڵەکەی زۆرتری سەرمایەدا سنوورەکانی خۆ لە ئاست ئەویدی تەنگتر و تەسکتر دەکاتەوە. ئۆلیگارشیی پزیشکی لە یۆتۆپیای خەیاڵکردی خۆیدا "کەمایەتییەکی پسپۆڕی خاوەن ماف" دەبینێ و "زۆرایەتییەکی نەخۆش و پەککەوتەی بێ ماف"؛ کەوایە تا پێی دەکرێ سەرمایە و پێگە و دەسەڵات وەکوو سێ کاڵای نایاب بۆ خۆی ڕادەگرێ و نەخۆشی و بێمافی و بێ دەسەڵاتی بۆ ئەویدییەکانی خۆی بەجێ دەهێڵێ.

**بەپێی ئامارەکان لادانی ئەخلاقی و ڕووهێنان بە مادە هۆشبەرەکان لە ناو قوتابییانی زانستە پزشکییەکاندا جیاوازییێکی بەرچاوی هەیە لە چاو قوتابییانی زانستەکانی تر و ئاستی ئەو بابەتە لە ئەواندا لەسەرتر و بەرچاوترە؛ هۆکاری ئەو ڕووداوە چییە؟**

خودی دەستەواژەی لادانی ئەخلاقی جێگای مشتومڕە، واتە ئەو کردەوە و ئاکارەی بەم چەشنە ناودێر دەکرێ

ڕۆنراوێکی کۆمەڵایەتییە و لەگەڵ دەسەڵات و پێگە و جنسییەتی گرووپە کۆمەڵایەتییەکاندا پێوەندییەکی ئورگانیکی هەیە. خوێندکارانی پزیشکی یان ئەوانەی لەم پێگەیەدا خۆیان دەبیننەوە لە ڕوانگە و پێگەی چینی سەردەست و جیاواز لە زۆربەی خەڵک بڕیار لەسەر چاکی و خراپی کردەوەکان دەدەنەوە؛ واتە ئەو چەشنە هەڵسووکەوتە وەکوو ستایلی ژیان و شێوازی ڕابواردن چاو لێدەکەن تاوەکوو چەشنێ لادان و خەساری ئەخلاقی. لە کۆمەڵناسیی لادانەکان یان خەسارناسیی کۆمەڵایەتیدا باس لەوە دەکرێ کە چینی دەسەڵاتدار، هاندەری بۆ کردەوەی لادەرانە لە هەندێ بواردا زۆرترە، لەبەر ئەوەی هەم دەرفەت و لێزانینی تاوان و لادانیان زۆرترە و هەم بە هۆی پلە و پێگەیان کردەوەی لادەرانەیان کەمتر دەبینرێ و سزا دەدرێ. کۆمەڵگە هەروەتر لە ئاست تاوان و لادانەکانی ئێخەسپییەکان کەمتر دژکردەوە دەنوێنێ.بەگشتی ئەو کردەوانەی زۆربەی خەڵکی مامناوەندی و چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە بە دژەباو و دزێوی دەزانن، چینی سەروو وەکوو ستایلی تایبەتیی ژیانی خۆیان ڕەچاوی دەکەن و دواتریش خودی ئەو کردەوانەش هەوڵێکە بۆ سنووربەندیی چینایەتی و پیشەیی لە ئاست ئەویدییەکانی کۆلۆنیی پزیشکی؛ واتە دیاریکردنی مەودای ئولیگارشیی پزیشکی خاوەن ماف و پسپۆڕی و دەسەڵات لە ئاست نەخۆشانی بێماف و ناپسپۆڕ و کۆڵەوار.

**دیارە کاتێک دەڵێین "پاوانکردن لە زانستە پزشکییەکان"دا، بە واتای کەمتەرخەمی بە نیسبە ت زانستەکانی دیکەی زانکۆییە؛ ئەو چاوداپۆشینە چ ئاسەوارێکی لەسەر بلیمەتەکانی زانستەکانی تری کۆمەڵگا و خودی کۆمەڵگا هەیە؟**

سەدەی نۆزدەیەم لە ئەورووپا سەدەی گەشەسەندنی زانستە سرووشتییەکان بوو، هەر بۆیە کاتێک زانستە مرۆییەکان سەریان هەڵدا، لە زانستە سرووشتییەکان بۆ نموونە بایۆلۆژی و فیزیا وەکوو سەرچەشن کەڵکیان وەرگرت و خولیای ئەوەیان هەبوو ئاستی توانست و کریدیتی ئەو زانستانە بۆ زانستە مرۆییەکان دەستەبەر بکەن. ئەم هەڵسەنگاندن و تێکەڵبوونە، نابەرابەری و هەڵاواردنێکی مەزنی لە پانتایی مەعریفە و زانستدا هێنایە کایەوە کە تا ئێستا بە شێوەی جیاواز بەردەوام بووە.





ئەوڕۆکە بە زاڵبوونی ئابووری جیهانیی سەرمایەداری و ڕەوتی بیرێسای نیۆلیبرالیستی، هەموو زانستەکان و بگرە هەموو دیاردەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەپێی سوود و سەودا و کارامەیی دەنرخێندرێن، هەربۆیە زۆربەی بوارەکان وەکوو هونەر و جوانناسی، ئەدەب و زمانناسی، فەلسەفە و کۆمەڵناسی و ... وەکوو بوارگەلێکی هەژار و بێئەنجام لە باری شوغڵ و داهاتەوە دەنوێنرێنەوە و دەخرێنە پەراوێزەوە. ئەم سنووربەندییە دیسانەوە دزە دەکاتە نێو خودی بەرەی زانستە سرووشتییەکانەوە و ئەو بوارانەی کە ئاستی تیۆرییان زۆرترە و بنەڕەتیتر دێنە ئەژمار وەکوو زانستە بنەڕەتییەکان و تەنانەت زۆربەی ڕشتە تەکنیکی و موهەندێسییەکان بە هۆی بێ بازاڕییەوە، لایەنگر و هۆگریان نامێنێ و تووشی کزی و دابەزینی ئەوتۆ دەبن. کاتێک بنەماڵەکان، سیستەمی پەروەردە و خوێندن، میدیا و ڕاگەیاندنەکان، چاپەمەنی و بڵاوکراوەکان، نوێنەری پارلمان و وەزیرەکان و بازاڕی ڕەش و سپی هەموو بەرەیەکی یەکگرتوو پێک دێنن و منداڵی چارەڕەش هەر لە هەڕەتی منداڵییەوە بەرەو کێبڕکێییەکی هەڵە و ناتەندرووست هان دەدەن و ڕشتە و بوارێکی خوێندنی تایبەتیان بەسەردا دەسەپێنن، توانست و بەهرە جیاوازەکان لە هەناوی تاکەکانی کۆمەڵگادا دەکوژن و کۆمەڵگەیەکی تاکڕەهەند و میکانیکی بار دێنن.

هاوکات پاشهاتی ئەم گرێبەستە دزێوە کە فەرهەنگی پلۆرال و فرەڕەهەندی کۆمەڵگەی کردۆتە ئامانج، ئەوەیە کە شارۆمەندی بەرژەوەندیخوازی نابەرپرس بەرهەم دێنێ کە خوێندن و مەعریفە و لێهاتوویی کۆمەڵایەتی دادەشکێنێتە ئاست پسپۆڕییەکی ڕووت و بێ¬مەبەست کە تەنێ لە ڕوانگەی عەقڵێکی ئامێرمەندەوە چاو لە مرۆڤەکان دەکا.

فیگۆری پزیشک کە لە لایەن کۆمەڵگا و دەسەڵاتەوە تا ئاستی خودایی بەرزکراوەتەوە و پێگەیەکی بە ودم و پیرۆزی پێ بەخشراوە لە نەخۆشخستنی هزر و دەروونی ئەم کۆمەڵگایە بەرپرسیارە، لە مێگەلاندن و گەمژاندنی خوێندکاران و بەربەست پێکهێنان بۆ ڕشتە و بوارەکانی تری مەعریفە و خوێندندا تاوانبارە. هەروەها لەوەی کە پزیشکان کۆلۆنییەکی جیاواز لە کۆمەڵگایان بۆ خۆیان دابین کردووە و هیچ هەوڵێکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بێجگە مامەڵەکردن و کەڵەکەکردنی سەرمایە و سامان ناخەنە گەڕ، بە شێوەیەکی جیدی بەرپرسیار و تاوانبارن. کۆمەڵگای نەخۆش، کۆمەڵگای نەزان و لە کۆتاییدا کۆمەڵگای دەستەمۆ و سیاسەتپەرێز ئاکامی ئەم چەشنە پاوانکردنەی گوتار و سیستەمی پزیشکییە.



# خەسارناسیی کۆمەڵگای پزیشکی لە ڕوانگەی پزیشکی



دوکتور عوبەید ڕەحمانی

ئاماژە

دوکتور عوبەید ڕەحمانی ساڵی 1357 لە مەریوان لەدایک بووە. لە ساڵی 1375ەوە تا 1382 لە زانکۆی تەورێز خوێندکاری پزیشکی بووە.

لە سەردەمی زانکۆدا و لەگەڵ هاوڕێیانی، 19 ژمارە گۆڤاری خوێندکاریی کوردی/فارسی "ڕوانگە"یان بڵاوکردووەتەوە.

ماوەی شەش ساڵ لە چەند ناوەندێکی بێهداشتی و دەرمانی گوند و شاری سەوڵاوا و مەریوان، خزمەتی پزیشکی کردووە.

لە ساڵی 1385 تا 1387، بەرپرسی مەرکەزی بێهداشتی مەریوان بووە.

ساڵی 1388 دەسی کردووە بە خوێندنی پسپۆڕیی ڕادیۆلۆژی لە زانکۆی ئەهواز و دوای تەواو کردنی ئەو قۆناغە، واتا لە ساڵی 1392 تا ئێستا لە شاری مەریوان پزیشکی ڕادیۆلۆژیستە.

ئەم وتووێژە لەسەر چەمکێک لە خەسارناسیی کۆمەڵگای پزیشکی لە ڕوانگەی پزیشکێکەوە لەگەڵ بەڕێزیان ئەنجام دراوە.

**سڵاو و ڕێز لە خزمەتتان. ئایا پەرەپێدان بە زانستە پزشکییەکان وەک لایەنی قودرەت و لە لایێکی ترەوە سەرنجنەدان بە زانستەکانی دیکەی زانکۆیی، سیاسەتی سیستمی پەروەردەیە؟ ئەگەر وایە هۆکارەکانی ئەم بابەتە چ شتگەلێکن؟**

1 - سڵاو و ڕێز. بۆ باس کردن لە سەر ئەم بابەتە، لە سەرەتادا چەند خاڵ هەیە کە بە پێویستی ئەزانم باسی لەسەر بکەم. یەکێک لە بابەتە گرنگەکان ئەوەیە کە باسی "سڵامەتی" یان "تەندروستی"، باسێکی زۆر گرنگە. بەو هۆیە کە دەتوانین بڵێین گەورەدیکەین سەرمایەیێک کە هەر مرۆڤێک هەیەتی، لەش ساخی ئەوە و زۆربەی مرۆڤەکان سڵامەتی و لەش ساخیی خۆیان لە سەرووی هەموو شتێکی ترەوە دائەنێن؛ چونکە ئەو باسە تا ئەو ڕادەیە بۆ مرۆڤەکان گرنگە، ئەو شتانەش کە وا پەیوەندییان هەیە بە تەندروستی و ژیانێکی ساکار و بێ ئازار، گرنگایەتی¬یێکی زۆرتر پەیدا ئەکەن. کە واتە ئەوەی کە ئێمە وای دابنێین کە گرنگی دان بە بواری پزشکی تەنیا لە ئێراندایە، بڕواێیکی هەڵەیە. لە هەموو دنیا بە جۆرێک لە جۆرەکان، زانستە پزشکییەکان،

بەو هۆیە کە لەگەڵ چەمکگەلێکی دیکەیش تێکەڵ ئەبنەوە، ئەچنە ناو باسە حاکمییەتییەکانەوە. مەبەستم ئەوەیە، وەکوو چۆن لە باسی ئەمنییەتدا هیچ حکوومەتێک ناهێڵێ هیچ دەستکاری¬یێک لە لایەن خەڵکەوە بەسەریدا بکرێ و حکوومەت خۆی پاوانی ئەکا و دەست بەسەر ئەو لایەنەدا ئەگرێ، لە پێناو باسی تەندروستیش و بە چەند پلە کەمترەوە، هەر بەو شێوازەیە. واتە دەسەڵاتی وڵاتەکان دەست بەسەر ئەو بابەتەدا ئەگرن و هەوڵ ئەدەن فەکتەری تەندروستی لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتدا بمێنێ و بە تەواوی دەرنەچێ و حکوومەت بتوانێ گەڵاڵەکانی خۆی تێیدا دابڕێژێ و لە ڕاستیدا دەکرێ بڵێین دەیەوێ دەسەڵاتی خۆی بە سەریدا بسەپێنێ.

ئەمە لە باسی کۆرۆنادا بۆمان دەرکەوت و بینیمان زۆرێک لە وڵاتە دێمۆکرات و لیبڕاڵەکان لە دنیادا وایان بەسەرهات کە بۆ وێنە دەسەڵات، فەرمانی داخرانی بازاڕەکان، کەرەسەکانی هاتوچوو، زۆرەکی کردنی دەمامک بەستن و... دا و ئێمە ئەو ڕادەیە لە دەغڵ کردن لە باسی سڵامەتدا، لە وڵاتانی پێشکەوتوومان بینی.

کە واتە بەشێک لە باسەکە دەگەڕێتەوە سەر ئەوە کە دەبێ وەک پێشەکی¬یێک دان بەوە دا بنێین کە سڵامەتی، وەک باسی ئەمنییەت بە ڕادەیێک گرنگە کە حکوومەتەکان ئیزنی ئەوە بە خۆیان دەدەن کە سەبارەت بە کەسیدیکەین باسەکانی کۆمەڵگاکەیان یاسا تۆمار بکەن.

بەشێکی تر لە باسەکە ئەوەیە کە چ گرنگی¬یێکی زیاتر بە لایەنی پزیشکی لە چاو خوێندنەوە، خوێندنی باڵا لە زانکۆدا و لایەنەکانی تر دراوە و تا چ ڕادەیێک ئەوانەی کە لە ڕشتەگەلی سەر بە پزیشکیدا خوێندوویانە و دەرچوون، لە بواری دامەزران، ژیانێکی ئارام، بوونی مووچەیێکی ماقووڵ و... توانیویانە سەرکەوتووتر بن. لەم بەشەدا ئەبێ لەم ڕوانگەیەوە بۆی بڕوانین کە لایەنی پزیشکی لایەنێکی خزمەتگوزارە؛ ئەم لایەنە خزمەتگوزارە لە زۆر جێگا لەوانەیە حکوومەت دەغڵی تێدا بکات و بەشێک لەو باسانەیە کە ناتوانێ چاوپۆشی لەسەر بکا.

بۆ وێنە لەوانەیە لە ژیانی خۆشماندا، ئەگەر کەسێک لە قەیرانێکی ئابووریدا بێ، لە زۆر شت وەکوو خوێندنەوە، پۆشاک، پشوو، کات دانان بۆ هونەر و... کەم کاتەوە، بەڵام ناتوانێ لە نانی سەر سفرەکەی کەم کاتەوە و ئەوە ڕادەگرێ بۆ دواهەم قۆناخ؛ یا ئەگەر پێویستی بە دەرمان هەبێ ئامادەیە هەموو کارێک بکا بۆ ئەوەی کە سڵامەتی خۆی یا منداڵەکانی دابین بکات

دەسەڵاتەکانیش لە ئاست کۆمەڵگاکانیاندا هەر بەو شێوەیەن! بەو هۆیە کە دەسەڵاتەکان بۆ درێژەدان بە پتەوبوونی خۆیان دەبێ لانیکەم خزمەتگەیاندن بە خەڵکی کۆمەڵگاکەیان دابین بکەن و بۆ دابین کردنی ئەو خزمەتانە ناچار ئەبن کە هەوڵێکی زۆردیکەی بۆ بدەن و پارەیێکی زیادیکەی بۆ تەرخان بکەن و هەرکاتێکیش کەوتنە قەیرانێکەوە، هەوڵ ئەدەن لە بوارەکانی ترەوە قەرەبووی بکەنەوە و باسی خزمەتە پزیشکییەکان دائەنێن بۆ ئاخر قۆناغێک کە دەستی لێ هەڵبگرن. ئەمە بەشێکی گرنگی دیکەی ئەم باسەیە.

لە پاش ئەمە، بابەتێکی تر ئەخرێتە ئاراوە؛ باسی هەڵسەنگاندنی خوێندنی باڵا لە ڕشتەکانی پزیشکی و جگە لە پزیشکی؛ لە ئێراندا بە پێچەوانەی زۆرێک لە وڵاتانی دنیا و بە پێچەوانەی زۆربەی سیستمە پێشکەوتووەکانی خوێندن و دەرمان، خوێندنی باڵای زانستە پزشکییەکان بە هەموو لقەکانییەوە لە وەزارەتی علووم و خوێندنی باڵا دابڕاوە و خراوەتە سەر شانی وەزارەتی بێهداشت و تەندروستی؛ لە ڕاستیدا وەزارەتێک کە خۆی لە خۆیا ئەرکی ئەوەیە و وا چاوەڕوانی لێدەکرێ و بڕیار وایە تەندروستی دابین بکات، لە هەمان کاتدا خۆی بووە بە بەرپرسی فێرکاریی لێژنە(کادر)ی دەرمانی خۆی! ئەم گۆڕانکارییە کەی ڕووی دا؟ ئەو کاتە کە لە دەیەی **60**دا کە ڕادەی جەماوەر بەرەو زۆربوون ئەڕۆیشت و لە گەرما و گەرمی شەڕی ئێران و عێراق، ڕادەی پزیشک و لێژنەی پزیشکی زۆر کەم بوو و ژمارێکی زۆر لە لێژنەی دەرمان بە هۆی ئەو شەڕە، کۆچیان کردبوو بۆ وڵاتانی تر، قەیرانێک پێک-هاتبوو، هەر بۆیەش بۆ ئەوەی کە بتوانن ئەو بارودۆخە کونترۆڵ بکەن، هاتن فێرکاریی پزیشکییان لە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی علووم وەرگرت و دایان بە وەزارەتی بێهداشت و تەندروستی. ئەمە لەگەڵ خۆیا فەساد و گەندەڵی هێنا. لەبەر ئەوەی کە ئەگەر وەزارەتی بێهداشت و تەندروستی وەکوو ڕێکخراوەیێک کە ئەرکی خزمەتگەیاندنی سڵامەتیی هەیە، بەڵام وەزارەتی علووم ئەرکی فێرکاری لەسەر شان بێ، ئەوسا وەزارەتی علووم لە ڕاستیدا ناچارە کەیفییەتی فێرکاری و خوێندنی خۆی بەرز بکاتەوە! لەبەر ئەوەی وەزارەتی بێهداشت و تەندروستی لێی قەبووڵ بکا. بەڵام کاتێک فێرکاری لەسەر شانی

وەزارەتی بێهداشت و تەندرووستی بێ، هەروەها پێداچوونەوە و بەرپرسایەتیشی لەسەر شانی خۆی بێ و بۆخۆیشی بەڕێوەی ببات، ئەمە سیکلێکی سەقەت پێک دێنێ و ڕێگای گەندەڵی ئەکاتەوە.

بەشێکی دیکەی ئەوەیە کە لە ڕاستیدا فێرکاریی پزیشکی و پەرەدان پێی، لەبەر گرنگیدان بە خودی فێرکاریی پزیشکی نییە! بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە وەزارەتی بێهداشت و تەندروستی بە سازەیێکی گەورەی ئیداری و نەخۆشخانە و بنکەی دەرمانی جۆراوجۆرەوە، هێزی ئینسانیی نییە! و خەریکە بۆ دابین کردنی هێزی ئینسانیی خۆی، لە ناوەندە زانکۆییەکان لە قوتابییەکانی، و لە ناوەندە دەرمانییەکان لە هێزە تەرحییەکانی کەڵک وەردەگرێ! لە ڕاستیدا ئەم سیکلە سەقەتە هیچ کات کۆتایی پێ نایە! واتە ئەگەر ئەمساڵ



4000 پزیشک وەربگرێ، ساڵی تر 5000 و ساڵی ئەولاتر 6000 وەربگرێ، هیچ کات پێداویستیی نەخۆشخانە دەوڵەتییەکان بە هێزی کاریی خۆڕایی پزیشکی کە لە ڕاستیدا ئینتێرن و ڕێزیدێنت و قوتابییانی پزیشکی کە خەریکن باری سەرەکی کار و خزمەتگەیاندنی دەرمانی لە ناوەندە دەوڵەتییەکان دابین دەکەن، بە بێ ئەوەی بیمە بکرێن یا پارەیێکی وایان پێ بدرێ، کۆتایی پێ نایە! کە واتە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێداویستییان بە قوتابییە پزشکییەکان و لقەکانی دیکەی دەرمانی زۆرتر ئەبێ. واتە تا هەر ڕادەیێک کە لە کۆمەڵگادا پزیشک و ڕشتەکانی دیکەی زانستە پزشکییەکان زۆر هەبێ، لەو لاوە وەرگرتنی قوتابیی نوێ زۆر ئەکەن! نە لەبەر ئەوەی کە پزشکییان زۆر بە لاوە گرنگە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی کە پێویستییان بە هێزی کارێکە کە بە هەرزان یا بە بێ پارە کاریان بۆ بکا.

پاشان، کاتێک کەسێک لە خوێندنە پزیشکییەکاندا تەواو ئەبێ، ئەو کات تەرحی پزیشکی بۆ دائەنرێت. بەو مانایە کە لە جیاتی ئەوەی کە ئەو کەسە لە فێرکاریی خۆڕایی کەڵکی وەرگرتووە ئەبێ بۆ ماوەی یەک، دوو، سێ یا چوار ساڵ(بە پێی ڕشتەی خۆی) لە خزمەت سیستمی بێهداشتی و دەرمانیدا بێ و ئەبێ لە شوێنێک کە خۆیان بۆی دیاری ئەکەن، بە مووچەیێک کە خۆیان بۆی دیاری ئەکەن کار بکا، ئەگینا مافی کار کردنی نابێ.

ئەگەر ئێمە ئاوا بیری لێ بکەینەوە کە خوێندکارێک کە لە سەردەمی خوێندنی زانکۆیدا هەر ڕشتەیێکی دیکەی لەو وڵاتەدا خوێندووە کە لەوانەیە ڕشتەیەکی فەننی یا ئێنسانی یا... خوێندبێ، دەبینین کە ئەویش لە قازانجگەلی فێرکاریی خۆڕایی کەڵکی وەرگرتووە. بەڵام لەو ڕۆژەوە کە خوێندکاری زانستە پزیشکییەکان ئەچێتە نەخۆشخانە، زۆر زیاتر لەو شتەی کە دەوڵەت خەرجی بۆ ئەکا، خەریکە بە خۆڕایی کاریان بۆ ئەکا. بۆ وێنە قوتابییانی پزیشکی لە قۆناغی ئێنتێرنیدا زۆربەی کارێک کە دەیکەن پەرەستارییە! واتە نەخۆشخانەکان بە ڕادەی پێویست پەرەستاریان نییە و ئەو قوتابییە پزیشکییە لە جیاتی ئەوەی کە کاری خۆی فێر ببێ خەریکە بۆشایی پەرستارەکان پڕ ئەکاتەوە! واتە لە حاڵی کۆکردنەوەی داهات بۆ نەخۆشخانەیە بێ ئەوەی کە پارەیێکی شیاوی پێ بدرێ. ئەی بۆچی ئەبێ خوێندکارێکی پزیشکی یا زانستە پزیشییەکانی تر پاش ئەوەی کە خوێندنەکەی تەواو کرد تەرحێکی زۆرەکی تەواو بکات کە لە ناوچە دواکەوتووەکاندا ئیش بکات؟ بۆ ئەندازیارێک یا کەسێک کە لە ڕشتەکانی تر خوێندوویەتی ئەو تەرحەی بۆ دابین نەکراوە؟ ئەمە خۆی جۆرێک جیاوازیدانانە! لەبەر چی؟ لەبەر ئەوەی وەزارەتی بێهداشت و تەندروستی کە هاتووە ئەم شێوە لە فێرکارییەی داناوە، لەبەر ئەوەی کە ناتوانێ بە شێوەیێکی شیاو هێزی کاری خۆی دابین بکا، ژوماری هێزی کارێکی گونجاو کە پێکهاتووە لە تەواوی لقەکانی زانستەپزشکییەکانی هەبێ و بە ڕادەی پێویست مووچە و پارەیان بۆ دابین بکا، لەم هێزە کارە هەرزانانە وەک تەرح کەڵک وەردەگرێ. تا هەر ڕادەیێکیش کە ڕادەی دەرچووانی ئەم ڕشتەگەلە زۆرتر ببێ، هیچ گۆڕانکارییێک ڕوونادا و کۆمەڵگا بەردەوام دەبێ لە هەبوونی پەرەستار و پزشک و ڕشتەکانی دیکەی... بێکار و ئەوە لە کاتێکدایە کە زانکۆکان هەر خەریکن وەرگرتنی قوتابیی ئەو ڕشتانە بەرەو زۆرتر کردن ئەبەن. بۆ چی؟ بۆ ئەوەی کە کاری نەخۆشخانە فێرکارییەکانی بۆ بەڕێوەببەن لە سەردەمی خوێندنیاندا و پاش خوێندنیشیان دوو ساڵ لە نەخۆشخانەی ناوچە دواکەوتووەکان بێگارییان بۆ بکەن؛ چونکە وەزارەتی بێهداشت هێزی ئەوەی نییە کە پسپۆڕ یا پزیشکەکان لە دوای تەواوبوونی تەرحەکانیان لە ناوچە دواکەوتووەکان وەربگرێ، واتە هێزی ئەوەی نییە ئەوەندە سەرپشکی(ئیمتیاز)یان پێ بدا کە لەو ناوچە دواکەوتوویانەدا ڕایانبگرێ، ئەو کاتە ناچارە کە بە هێزی تەرحی ئینسانی جێگایان پڕ کاتەوە.

تا ئەو ڕۆژەی کە ئەم دوو باسە جیا نەکرێنەوە، تا ئەو کاتەی کە راهێنانی پزشکی نەدرێتەوە بە وەزارەتی علووم، و ئامانجی فێرکاری، دابین کردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵگا نەبێ، بەڵکوو فێرکاریی زانستە پزشکییەکان لە دەست ڕێکخراوەیەکدا بێ کە زۆر بوونی ڕادەی خوێندکارەکان بە قازانجییەتی چون تێچووی مادی ئەو کەم ئەکاتەوە و کاری هێزی ئینسانی ئەو ئاسان ئەکاتەوە، ئەم ڕەوتە هەر درێژەی ئەبێ. کە واتە لەجیاتی ئەوەی کە ئاوا بۆی بڕوانین کە ئەمە سیاسەتێکی فکری و فەرهەنگی و... یە و گەڵاڵەیەکی سەیری بۆ داڕێژراوە لەبەر ئەوەیکە خەڵک هان بدرێن کە بەرەو لایەنی زانستە پزشکییەکان بڕۆن و دەست لە ڕشتەکانی تر هەڵبگرن، لە ڕاستیدا ئەمە ئاکامی بەڕێوبەرایەتی¬یێک و دابەش کردنی کارێکی هەڵە و پێکهاتەی لاوازی وەزارەتی بێهداشت و تەندروستی ئێرانە.

لە بەشی دەرماندا ئەوەندە لاوازە کە ناچارە بەشی فێرکاری پزشکی بە شێوەیێکی لە ڕادەبەدەر لە ناو کۆمەڵکادا گەورە بکاتەوە بۆ ئەوەیکە بتوانێ کەمییەکانی بەشی دەرمانی خۆی پێ قەرەبوو بکاتەوە و بتوانێ هێزی پسپۆڕیی ناوچە دواکەوتووەکانی پێ دابین بکا چونکە خۆی بە مووچەیێکی گونجاو ناتوانێ هێزێکی پسپۆڕ وەربگرێ و خەرجی بۆ بکا.

ئەگەر لەم ڕوانینەوە بۆ باسەکە بڕوانین ئەبینین کە ئەم دۆخە لە ڕاستیدا دەرەنجامی سیاسەتێکی هەڵەیە، کە لە سەردەمێکدا داندراوە و بەردەوامیش ماوەتەوە.

تا ڕۆژێک کە ئەم سیاسەتە هەڵەیە بەردەوام بێ، خەڵک بەردەوام دەبن لە ڕۆیشتن بەرەو ڕشتە پزشکییەکان، فێرکاریی پزشکی لە ڕادەبەدەر گەورە ئەکرێتەوە، نەخۆشخانە پەروەردەییەکان و ناوەندە دەرمانییە گەورەکان لە هێزی فێرکاریی کەڵک وەردەگرن، لە ناوەندە بچووکەکان هێزی تەرحی بەکار دەهێنرێ و وەزارەتخانە نە بە پێی پێداویستی کۆمەڵگا بە هێزی ئینسانی، بەڵکوو بە پێی

پێداویستی¬یێک کە نەخۆشخانەکان بە هێزی کاری هەرزان هەیانە قوتابی پەروەردە ئەکا و تا ئەو کاتەی کە ئەم سیاسەتە هەڵەیە هەبێت، ئەم گەندەڵییەش بەدوایدا دەبێت و ڕێگا چارەیێکیشی نابێت.

**زۆربەی خوێندکارانی قوتابخانە، چ بە پێی حەزی خۆیان و بگرە زۆرتر بە پێی خواستی بنەماڵە و ڕوانین لە دۆخی دەرچووانی زانکۆ کە لە باری پیشە و ئابووریدا دۆخێکی باشیان نییە،ڕوویان هێناوەتە زانستە پزشکییەکان؛ پاشکەفتەکانی ئەم ڕووهێنانی لە ڕادەبەدەرە لە کۆمەڵگادا چ شتگەلێکن؟**

لە درێژەی باسەکە ئەمەوێ باسێکی تر بخەمە ئاراوە. هەر وەک کە لە پێشەکییا باسم کرد من وا ئەزانم کە گرنگی بە زانستە پزشکییەکان نادرێ و بە گشتی گرنگی بە زانست خۆی نادرێ! واتە ئەم کەمتەرخەمییە کە لە ئاست زانستەکانی ترەوە هەیە، لە ئاست زانستە پزشکییەکانیشەوە هەر بەم شێوەیە! بەڵام ئەمە ناچاری¬یێک و پێداویستی¬یێکی بەڕێوەبەرایەتییە کە وەزارەتخانە ناچار ئەکات کە ڕاهێنان زۆرتر بکات و هەر ئەمەشە کە وا ئەکا کە خەڵک زیاتر ڕووی تێبکەن. چونکە لە دوو ڕوانگەوە ئەتوانین بۆ ئەو باسە بڕوانین. یەکێکی ئەوەیە کە کۆمەڵگاییێکی بە نسبەت دواکەوتوو ئەوەندەی کە پزشکی بە زانست ئەزانێ، زانستە ئینسانییەکان بە زانست نازانێ و گەنجەکانی کۆمەڵگا هان ئەدا کە بەرەو خوێندنی زانستە پزشکییەکان بڕۆن. هەروەها حکوومەتیش ناتوانێ لە هەموو ئەو کەسانەی کە دەرسیان خوێندووە لەو کۆمەڵەدا و لە وزارەتی خوێندنی باڵا و... کەڵک وەربگرێ، کە واتە لە ناو ئەم کۆمەڵگایەدا بەستێنێک پێک دێ بۆ ئەوەی کە لەم هەموو دەرچووەی زانکۆ بتوانی هەلی ئەوەیان بۆ برەخسێنی کە بتوانن کار بکەن. کاتێک پێکهاتەی ئابووری و گشتایەتی کۆمەڵەکەت سالم نییە تەنیا جێگاییێک کە ئەمێنێتەوە کە کاری تیا بکرێت بەشی سەلامەتە. بۆ وێنە ئەکرێ پارێزگای کوردستان فڵان کارخانەی تیا نەبێ بەڵام ناکرێ نەخۆشخانەی تیا نەبێ! ئەکرێ ڕێگاوبانی ئێستانداردی نەبێ ڕۆژانە سەدان ڕووداوی هات و چۆ تیا ڕووبدات و هەزاران کەسیش تیا بمرن و بریندار بن، بەڵام ناکرێ ئامبووڵانسێک نەبێ کە دوای ئەم ڕووداوە بریندارەکان بگوێزێتەوە بۆ نەخۆشخانە! بۆ وێنە ئێستا ئێمە دەبینین کە لە شاری زۆر بچووکیشدا پسپۆڕی نەشتەرگەری تیایە لە حاڵێکا کە زۆربەی ڕۆژەکان هیچ نەخۆشێکی نییە بەڵام تەرحێکی هێزی ئینسانییە و ناچارە لەو شوێنە بێ. کە واتە هەموو ئەو جیاوازییەی کە ئەیبینین، لەبەر ئەوە نییە کە خۆشەویستی¬یێکی تایبەت بە لایەنی زانستە پزشکییەکان هەیە، بەڵکوو بە هۆی ئێجبارێکە لە ئاست ئەودا. هەر ئەمەشە کە ئەبێتە هۆی ئەوەیکە لە کۆمەڵگادا بێکاری زۆر بێ و هەلی پێشکەوتن زۆر کەم بێتەوە، کە واتە هەلی کار و پێشکەوتن لە ئاست بەرەیێکی نوێدا کە بیهەوێ بێتە ناو کۆمەڵگا ئەبێ بەسەر ئەوەش کە دەخوێنێ، لە بەرهەمی خوێندنەکەیدا بتوانێ لە شوێنێکدا دابمەزرێ. لە بەرهەمی هیچ خوێندنێکی تردا دامەزران و کارکردنێکی لەو جۆرەمان نییە و تەنیا لایەنە پزشکییەکان ئەمێننەوە کە ڕوویان تێ بکردرێ.

**چ هەوڵگەلێک بۆ وشیارکردنەوەی خەڵک بە مافە ڕەواکانیان وەک نەخۆش یان بنەماڵەی نەخۆش دراوە و ئەم مافگەلە تا چ ڕادەیێک پارێزراون؟**

**هەروەها چ هەوڵگەلێک بۆ وشیارکردنی خەڵک لەسەر مافی پزیشکان و لێژنەی دەرمان دراوە؟ ئەم مافگەلە تا چ ڕادەیێک پارێزراون؟**

لە ئاست مافی ئەو کەسانەی کە دەرمان وەرئەگرن و ئەو کەسانەی وا دەرمانگەرن، بە داخەوە هیچ کام لەو دوو لایەنە نە لە مافەکانی خۆیان بە باشی ئاگادارن و نە بەو شێوەیە کە پێویستە ئەو مافانە ڕاهێنانی بۆ کراوە. بەشێک لەم شتانە کە ئێمە وەک ماف باسی لەسەر ئەکەین، ئەبێ بۆ بنەما و بنچینەیێک بگەڕێینەوە؛ بنچینەیێک کە خۆی لە خۆیا هەموو مرۆڤێک جیاواز لە هەموو تایبەتمەندی یێکی جەستەیی یا بیر و بڕوایی بە خاوەنی ماف بزانین.

. کاتێک ئەو بیر و بڕوایەمان هەبوو، ئەو کاتە دێین باسی ئەوە ئەکەین کە مافی نەخۆش چییە. بەڵام کاتێک لە کۆمەڵگاییێکدا مرۆڤەکانمان بە لاوە بە خاوەنی ئەرک پێناسە کرد، واتە بە لاوە وتمان ئەرکی ئەو فڵان کارەیە و ئەبێ بیکات و ئەمە لە شێوەگەلی جۆراوجۆرا خۆی نیشان ئەدات، ئەو کاتە هەموو پێوەرەکانی دیکەیشمان ئەگۆڕدرێت. بۆ وێنە ناکرێ ئێمە لە کۆمەڵگاییێکدا باس لە "ماف" بکەین و مافە شارۆمەندییەکانی دیکەی مرۆڤەکان بە شێوەیێکی شیاو بەڕێوە نەبرابێت، بمانهەوێ مافە مرۆڤییەکان لە سیستەمی دەرمان بە شێوازێکی شیاو ڕەچاو بکەین و گرنگی پێبدەین، ئەم شتە هیچکات ڕوونادات! لە کۆمەڵگاییێکدا کە سانادیکەین مافەکان پێشێل ئەکرێت، لە کۆمەڵگاییێکدا کە کەمدیکەین سەرنج بە بەڕێوەبردنی یاساکان ئەدرێت و

پێوەندییەکان بەسەریا زاڵە، لە کۆمەڵگاییێکدا کە مرۆڤەکانی زۆربەی کات خاوەنی جەستەی خۆیان نین کە بتوانن بڕیاری لەسەر بدەن، ئەوساکە باس کردن لەسەر ئەوەیکە کێ، چ مافێکی هەیە و چەنێک ڕەچاو ئەکرێت، کەمێک باسێکی حاشییەیی و لاوەکییە! ئاوا بڵێم کە کۆمەڵگاییێک کە مرۆڤ بە خاوەنی ماف بزانێت و دان بە هەموو مافەکانی ئەو مرۆڤەدا بنێت و گیانی ئینسانەکان بەبایەخ بزانێت و بڕیاردەری کۆتایی لە ئاست گیانی مرۆڤەکان، خۆیان بن و کەسی تر مافی ئەوەی نەبێ دەغڵ لەو بابەتەدا بکا، کاتێک کۆمەڵگایەکی وەها پێکهات، ئەو کاتە لە باسی مافەکانی نەخۆش و هاوڕێی نەخۆش و... ئێمەش ئەتوانین بە شێوەیێکی قووڵ و شیاو قسە بکەین! بەڵام کاتێک ئێمە لە زۆر شتی سادە و ساکار کێشەمان هەیە، بۆ وێنە زۆربەی کاتەکان ئێمە ئەبینین کە بۆ نەشتەرگەری¬یێک کەسێک جگە لە نەخۆش ئەبێ هێڵان بدات و ئەو کەسە هەرچەندە خۆشی پێویستی بەو چارەسەرییە ببێ و پێی خۆش بێ ئەو نەشتەرگەرییە بکا، تا کەسێکی تر ڕەزامەندی لەسەر نەدا، ئەو شتە بۆی ڕوونادات، لە ئاوەها دۆخێکدا ئیتر باسکردن لە ماف و ئەوانە کەمێک ئەخرێتە پەراوێزەوە.

و بەشێکی دیکەی ئەو باسەش ئەوەیە کە لە کۆمەڵگاییێکدا کە خەڵکەکە خۆیشیان ئەو مافە بۆ نەخۆش دیاری ناکەن، بۆ وێنە زۆربەی نەخۆشەکانی ئێمە، بە تایبەتی ئەوانەی کە نەخۆشینی ئەستەم و درێژخایەنیان هەیە کە خاس بوونەوەیان ئەستەمە، کەس و کاری خۆیان زۆر بە ئاسانی لێی ئەشارنەوە! مافی ئەوەی پێنادەن کە ئەو نەخۆشە خۆی ئاگادار بێ و تەنانەت ئەگەر پزشکێک نەخۆشینەکە بە نەخۆشەکە بڵێ، زۆر بە توندی بەرەنگاری ئەبنەوە کە بۆچی ئەو کارەی کردووە و نەخۆشەکەی لە دۆخی خۆی ئاگادار کردووەتەوە و ئێمە نەمانئەویست ئەو شتەی پێ بڵێین بۆ ئەوەی نەترسێ! جا ئەو کۆمەڵگایە ئەتوانێ کوڕێک بێ لە ئاست باوکی یا پیاوێک بێ لە ئاست هاوسەرەکەی یا هەرکەسێکی تر، مافی ئەوە بۆ خۆی دابنێ کە خاڵە تاکەییەکان، کە پێوەندی بە سڵامەتی ئەو مرۆڤەی هەیەی لێ بشارێتەوە و نەهێڵێ کە ئەو کەسە لە نەخۆشییەکەی و ئامانجی ئەو نەخۆشییە ئاگادار ببێتەوە، نەهێڵێ کە ئەو نەخۆشە ئاگادار بکرێتەوە کە ئامانجی ئەو نەخۆشییە چییە و چ بژاردەگەلێک بۆ چارەسەری هەیە و پاشان خۆی هەڵبژێرێ کە ئەیەوێ کێشەکەی چارەسەر بکرێت یا نەکرێت؛ واتە ئەبێ مافی هەڵبژاردنی دەرمان وەرگرتن یا وەرنەگرتنی ببێ، بۆ وێنە بڵێ کە من پێم خۆشە بمرم و فڵان شیمی دەرمانییە یا نەشتەرگەرییە نەکەم! و لام باشترە کە ماوەیێکی کورتتر بژیم و بە ئێشێکی کەمترەوە ماڵاوایی لە ژیان بکەم! کاتێک ئەو مافانەمان بۆ نەخۆشەکانمان دانەنا و دانمان بەم مافانەدا نەنا و کۆمەڵگایش دانی پێدانەنا، ئەوسا ئیتر یەکە یەکە مافەکانی دیکەیش پێشێل ئەکرێت. لە ڕاستیدا باس لەسەر مافەکانی نەخۆش لە ئاست بەشی دەرماندا ئەبێ لە ڕوانگەیێکی بەربڵاوترەوە چاوی لێبکرێ.

کەسێک کە مافی هەڵبژاردنی زۆر شتی لە کۆمەڵگادا نییە، یەکێکی تر لەو بەشانەی کە مافەکانی پێشێل ئەکرێ بەشی دەرمانە و ئەمە لە بەشەکانی تر جیاواز نییە و بە تەنیا خۆی ناتوانێ باشتر بێ! جا چ ئەمە لە ئاست مافی کەسێک کە نەخۆشە و دەبێ چارەسەری وەربگرێ و چ لە ئاست کادری دەرمانەوە کە ئەوانیش مافەکانیان پێشێل ئەکرێ و لە زۆر شوێندا لە ژێر گوشاردان و کۆمەڵگا چاوەڕوانی نابەجێیان لێدەکا، بەڵام هەروەکوو باسم کرد من وا ئەزانم کە لە چوارچێوەیێکی گەورەتردا ئەمەش بەشێکە لە کێشەکانی خۆمان و بە ئاسانی چارەسەر ناکرێت.

**بەپێی ئامارەکان، بە پێچەوانەی ئەو کردارەی لە وڵاتە ڕۆژاوایییەکاندا هەیە، لە وڵاتی ئێمەدا نیزامی سڵامەت بەشێکی کەم لە مووچەی خۆی بۆ بابەتی "پێشگیری" تەرخان دەکات و ئەوە دەبێتە هۆی گەشەکردنی ژمارەی نەخۆش و نەخۆشینەکان؛ لە لایەکی ترەوە سەرنجی زیاتر لەسەر بابەتی "دەرمان" دەدرێ کە دیارە لە "پێشگیری" تێچوویێکی زۆردیکەی دەوێ، بەڵام قازانجی توێژی پزشکی لە بابەتی "دەرمان"دایە؛ ئایا ئەوە خاڵێکە بۆ بڕواهێنان بە چەمکی "بازاڕی پزیشکان"؟**

ئەمەیش هەر بۆ ئەم تایبەتمەندییانەی کۆمەڵگای ئێمە ئەگەڕێتەو. سەرمایەگوزاری کردن لەسەر پێشگیری، لەسەر پەروەردە، یان لەسەر فێرکردنی سڵامەت و تەندوروستی، سەرمایەگوزاری¬یێکی درێژخایەنە کە پارە و تێچوویێکی زۆری بۆ ماوەیێک زۆر، ئەوێت و لەوانەیە بۆ نەوە و بەرەی دوای خۆمان بەرهەمی دەرکەوێ و ئەم سەرمایەگوزارییە و پاشەکەوت کردنە لەم کاتەدایە کە ئەبێت بە خێرێکی مادی و خێرێکی ئینسانی بۆ کۆمەڵگا. بە واتاییێکی تر ئەگەرکەسێک بیهەوێ پلانێکی درێژخایەن بەنیسبەتی سڵامەت و تەندوروستی خەڵکەوە دابنێ ئەبێ

ئەمە ڕەچاو بکات کە ئەم بەرنامەیە بەرنامەیێکە کە بەرهەمەکەی بۆ ئەوانە نابێت کە هەوڵیان بۆ داوە و بەرەیێکی تر کەڵکی لێ ئەگرن.

بەڵام بەشی دەرمان وا نییە.نموونەیێکی ڕێک و جوانی ئەم شتە ئەمەیە کە: ئەگەر نەخۆشێک بچێتە نەخۆشخانەیێکی ئێمە و فشاری خوێنی لە سەرەوە بێت، ئەم نەخۆشی ئێمە بەو مەرجەی سەرئێشەیێکی نەبێت، لەوانەیە چەندین جار هەوڵیشی لەگەڵا بدرێ، قەت ئەونە گرینگی بەوە نادات و دەواکانی ڕێک و پێک بەکار ناهێنێ و ناچێ بەدوای کارەکەیا بەو بۆنەوە کە ئازارەکانی ئەم فشارخوێنە لە قۆناغی دژوار(حاد) خۆی نیشان نادات. ژیانی ئاسایی خۆی ئەکات و بیر لەوە ناکاتەوە کە من ئەبێ خۆم بپارێزم، وەرزش و جووڵانم ببێ، لە خواردنەکانما گۆڕانکاری بەدی بێنم و ... بۆ ئەوەی لە داهاتوودا تووشی دڵەکێێ نەبم، بیر لەمانە ناکاتەوە و ڕەنگە سەردانی دوکتۆریش نەکات و یان قسەی دوکتۆرەکەی بەلاوە گرینگ نەبێ. بەڵام ئەگەر سەرئێشەیێکی سادە، بەردی گورچیلە، هەڵامەت و... هەبێ ئەگەر لە نیو سەعاتا دوکتور نەگاتە لای؛ بە شێوەیێکی زۆر سەیر و سەمەرە گلەیی لە هەموو شتێک ئەکات، ڕەخنە ئەگرێت کە ئەمە وڵات نییە، ئەمە دامەزراوە نییە و... . بە واتایێکی تر خەڵک نەخۆشینگەلێک وەکوو:هەڵامەت، سەرئێشە و قاچ ئێشە و... گرینگترە بۆیان تا فشارخوێن، قەن، چەوری خوێن و... کە لە ڕاستیدا ئەمانەن کە سڵامەتی کۆمەڵگا ئەخەنە مەترسییەوە و ئەمانە پێویستیان بە بەرنامەی درێژماوە، فێرکاری و پەروەردە و پێشگیری هەیە بۆ ئەوەی کە بەرەی داهاتووی پێی بگات. بەڵام وا نییە کە بەتەنیا تاوانی سیستەمی دەسەڵات و تەندوروستی و دەرمان بێ کە ئەم ڕوانینە دەرمانییە بە سەر ڕەوتی بێهداشت و دەرمان لەم وڵاتەدا زاڵ بووە. بەشێکی ئەگەڕێتەو بۆ خەڵک، بەو بۆنەوە کە ئێمە لە کۆمەڵگای خۆمانا دوابینیمان نییە و ڕواڵەتمان زۆر بۆ گرینگە، کاری پێوەر و چالاکی زانستیمان زۆر بۆ گرینگ نییە، ئەو کارەمان لا گرینگە کە بەرهەمەکەی خێرا بەردەسمان کەوێ و بەرهەست بێ. لە کۆمەڵگاییکدا کە بە بیرکردنەوە خووی نەگرتووە، تێناگەن لەو بەرژەوەندییانەی کە نەبینرێن، چوونکە پێویستیان بە بیرکردنەوە هەیە. ئەو مەترسییانەی کە لەو کاتەدا بەرهەست نەبن و ئێشیان لەسەر لەش هەست پێنەکرێ، بە مەترسی یێکی گەورە دانانرێن.

بەپێچەوانە ئەو ئێشەی لە ساتدا هەست بکرێت بە مەترسی یێکی گەورە دائەنێت.

تا کاتێک کە کۆمەڵگا ئەم ڕوانینەی ببێت و تا کاتێک کە ئەو کەسە کە لە باری تەندروستیدا سیاسەت دادەڕێژێ وەبەرایەتی بە ڕازی بوونی خەڵک بدات، پێشگیری و بەرگری کردن پشت گوێ ئەکەوێ و دەرمان زەق ئەکرێتەوە و ئەکەوێتە بەرچاو. چوونکە دەرمان ویدیکەینێکی جوانە بۆ دوکانی وەزارەتی بێهداشت، بەو واتایە کە نەخۆش بڕواتە نەخۆشخانە، تابلۆییکی جوان بە سەر نەخۆشخانەکەوە بێ، دوکتور هەمیشە ببێ، ئازمایش هەمیشە ببێ، هەرکات عەکسی ویست لێی بگرن، هەرکات ئێشی بوو ئێشەکەی بە دەرزی¬یێک چارەسەر بکرێت و... . ئەمە ڕەزایەتی خەڵکی ها بە دواوەو. بەڵام دوکانی تەندوروستی و بێهداشت لە پشتیدا هەمارێکی هەیە کە ئەبێ لەوێوە پاڵپشتی بکرێت کە ئەم پشتی سەحنەیە ئەچێتە لایەنی پێشگیری. لایەنی پێشگیری لەبەر ئەوەی زوو کاریگەری دانانێ و زوو ڕەزایەتی خەڵک بەدەست ناهێنێ، ئەم ڕەوتە درێژە پێ ئەدات. من هەموو کات وتوومە و ئێستایش دووپاتی ئەکەمەوە تا کاتێک ئامانج لە سیاسەت¬ دانانی سڵامەت و تەندروستی، ڕازی بوونی خەڵک بێت، سڵامەتی خەڵک سەرناکەوێت. لەوانەیە ئێشی خەڵک نەمێنێ و زوو ئۆقرە بگرن، یان هەموو جۆرە نەشتەرگەری ¬یێک تەنانەت لە شار و دێ¬یێکی بچووک ئەنجام بدرێت، یان هەموو دێ¬یێکی چکۆلەیش دەستگاییکی (MRI و سی تی) تیا دابنرێت، بەڵام بوونی هیچ کام لەمانە نابێ بە هۆی ئەوەی کە ئاستی سڵامەتی کۆمەڵگا بچێتە سەرەوە. ئاستی سڵامەت کاتێک ئەڕواتە سەرەوە کە لەسەر بەرگری کار بکرێت. بەڵام ئەگەر هەر ئەمرۆ وەزیر یان دەسەڵاتدارێک بییەوێت کار بۆ بەرگری و پێشگیری بکات ئەبێ ساڵانێک زۆر لۆمەی خەڵک و ئەو کەسانەی کە بڕیاردەرن بە گیان بکڕێت و گوێ بە ناڕەزایەتی خەڵک نەدات و کاتێک بەرهەم و ئاکامی کارەکەی دەرئەکەوێت کە خۆی هیچ پۆست و مەقامێکی نییە. لە کۆمەڵگا و وڵاتی ئێمە ئەم چاوەڕوانییە،

چاوەڕوانییەکی نابەجێیە، واتا کەس نایێت پەروەندە و فایلی خۆی لە بەرانبەر خەڵکدا خراپ کا بۆ ئەوەی کە بەرەی دواتر کەڵک لەو کارانە بگرن. چوونکە ئەمە نە لە خەڵکا هەیە و نە لە سیاسەت داڕێژەکان و بڕیاردەرانی ئێمە، هەر بۆیە دەرمان ئەبێ بە ویدیکەینێکی جوان بۆ دوکانی سڵامەتی کە خۆی لەم ڕواڵەتا نیشان ئەدا کە شانازی ئێمە ئەوەیە کە ئەونە دەرمانگە و نەخۆشخانەمان درووس کردووە و ... .



بەڵام کەس ناڵێت ئێمە ئەم هەموو بۆ نموونە: ئانژیۆگرافی، کێشەی دڵ، کێشەی گورچیلە و هتد کە هەمانە، چیمان کردووە بۆ ئەوەی لەسەر فاکتەرە بەرگرییەکان کار بکەین بۆ ئەوەی بتوانین ئاستی تەندوروستی خەڵک ببەینە سەر کە بەرەی داهاتوو پێویستی بە بۆ نموونە: ئانژیۆگرافی، دیالیز و... ئەونە زۆر نەبێ.

**بەرپرسانی نیزامی سڵامەت کە زیاتر لە ٪90یان لە پزیشکان پێکهاتوون و لە توێژەکانی دیکەی ئەو نیزامە کەمتر کەڵک وەرگیراوە، تا چ ڕادەیێک بوونەتە هۆی پاوانکردن(انحصار) لە ڕشتەی پزشکیدا؟**

ئاشکرایە مودیرییەتی دەرمان پێویستی بەوە نییە کە ئەو کەسەی کە پلانی مودیرییەتی بۆ دەرمان دائەڕێژێت، حەتمەن دەبێ پزیشک بێت. هەر وا کە ئەبینین لە زۆرێک لە وڵاتانا کەسانی غەیری پزیشک بەڕێوەبەری وەزارەتی تەندوروستین و و لە باری تەندوروستیشەوە بە نیسبەتی ئێمەوە زۆر وڵاتانێکی پێشکەوتووترن. بەڵام بەداخەوە ئەمەش بەشێکە لە خەسارەکانی بەشی سڵامەت لە وڵاتی ئێمەدا کە شێوازێک لە پزیشک سالاری لەودا زاڵە. بەڵام من ئەم پزیشک سالارییە کە لێرەدا ئەبینرێت بەنیسبەتی ئەو شتەی کە لە بیر و بۆچوونی خەڵکدا سەبارەت بە پزیشکان و دەسەڵاتی ئەوان هەیە، زۆر بە جیاواز دەبینم. بەشێک لە پزیشک سالارییەکە بۆ ئەوەی کە بوترێ کە بەڕێوەبەران پزیشکن، بەڵێ. بەڵام ئەوەی کە بوترێ بەرژەوەندیگەلێکی زۆر تایبەت بۆ پزیشکان دابین دەکرێت، من لەگەڵ ئەمەدا هاوڕا نیم. ئەو شتەی کە ڕاستیی کۆمەڵگای ئێمە بە ئێمە ئەڵێ، ئەڵێت کە بەپێچەوانەی ئەوە کە ئەوترێت ئێران بەهەشتی پزیشکانە و هەموو سەرمایە و ئیمکاناتیک لە بەردەستی پزیشکاندایە و ئەتوانن بە هەموو شت بگەن وجیاوازییێکی بەرچاو لەنێوان پزیشک و غەیری پزیشکدا هەیە، وا نییە. وەکوو ڕاستی یێک ئێمە ئەبینین کۆچ کردنی (مهاجرت) پزیشکان بۆ دەرەوەی ئێران ڕۆژبەڕۆژ زیاتر دەبێت. زیاتر لە چل تا پەنجا هەزار پزیشک کە خوێندنیان تەواو کردووە تەنانەت ژمارەی نیزامی پزیشکییەکەیشیان وەرنەگرتووە و یان پیشەیان گۆڕیوە و یان شوێنی ژیانیان و ئەوەی کە سازمانی نیزامی پزیشکی وتوویەتی، تەنانەت لە یەک ساڵی ڕابردوودا ئەگەر 300 کەس لە پزیشکان گیانیان بە بۆنەی کرۆناوە لە دەست دابێت بەڵام 3000 پزیشک ئێرانیان بەجێهێشتووە. ئەمەی کە پزیشکێک ئامادەیە لە تەمەنی سەرۆدا ڕەنجی کۆچ کردن و چوون بۆ وڵاتێکی تر و دەسپێکردنی ژیانێکی تازە لە سفر و

دەسپێکردنی ژیان بە زمان و فەرهەنگێکی تازە و بە ڕەچاوکردنی ئەوەیش کە مەدارکی ئێران لە زۆرێک لە وڵاتاندا وەرنەگیراوە و زۆرێک لە پزیشکان تەنانەت کاری پزیشکیش ناکەن و کارێکی تر ئەکەن، ئەو کارە لە وڵاتێکی تردا پەسەند ئەکەن بەسەر پزیشک بوون لە ئێران ئیشانمان ئەدا ئەو شتەی کە وەک هەڵاواردنێکی ئەرێنی بە پزیشکان ئاماژە دەکا، ڕاست نییە. لەوانەیە بتوانین بڵێین بۆ تاقمێک لە پزیشکان بەتایبەت ئەوانەی کە لە دەورەیێکی تایبەتا دەرسیان خوێندووە و شێواز و ڕەوشتی تایبەتی خۆیان فێر بوون یا دەسەڵاتێکی تایبەتیان هەیە، ئەم شتە ببێت.بەڵام زۆرینەی زۆری کۆمەڵگای پزیشکی، کۆمەڵگاییێکە کە زۆر ئەرکی هەیە و لە زەحمەتدان و لە هەمان کاتدا ئیمکانات و مەزایای زۆر کەمە. نە لە باری ئابوورییەوە، بەو شێوە کە پێویستە، ئەو ئەرکە قەرەبوو ئەکرێتەوە، نە لە باری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیشەوە. زۆر جار زۆربەی هەڵەکان کە بە کۆمەڵگای پزیشکی نیسبەت ئەدرێ، هەڵەگەلێکی سیستمین و لە ڕاستیدا سیستمە کە لە بەرانبەر درووسبوونی ئەو هەڵەدا بەرپرسە. بەڵام سیستم خۆی پێی خۆشە ئەو هەڵە بخاتە ئەستۆی پزیشکێک بۆ ئەوەی خۆی لادا لەو ئەرک و بەرپرسیارەتییە و هەر بەم بۆنەوە ڕوانینێکی نەرێنی لە پێوەندی لەگەڵ پزیشکان لە کۆمەڵگادا ساز بووە. من ئێستا بە جەنابت ئەڵێم کە پزیشکێکی پسپۆڕ کە لە سەردەمی کونکوردا پلەیێکی باشی بەدەست هێناوە، پزیشکی خوێندووە و دوای ئەوە دوو ساڵی تەرحی لە دێهاتێکی دوور لە شوێنی لەدایکبوون و شوێنی ژیان و جیاواز لە فەرهەنگی خۆی تێپەڕاندووە، دوای ئەوە لە تاقیکاری¬یێکی زۆر سەختتردا بەشداری کردووە و داوای چوار ساڵ دەرس خوێندن و شەونەخەوتن و کار لە نەخۆشخانە بێ ئەوەی مووچەیێک وەربگرێ، بووەتە پسپۆڕ. لە پاش ئەوە کاتێک دێتە سەر کار، مووچەی پزیشکێکی پسپۆڕ لە سیستمی دەرمانیدا ئێستا پێنج تا شەش ملیۆن تمەنە و کارانەیش ئەوەندە کەم کراوەتەوە کە شتێکی لێ نەماوە کە پزیشکان دڵی پێ خۆش کەن. لەبەر ئەوەیشە کە پزیشکەکە هەر ئەوەندە تەرحەکەی تەواو بوو، سیستمی دەرمان بەجێ دێڵێ و ئەچێت لە بەشی خسووسیدا( کەرتی تایبەت) بۆ خۆی کار ئەکات و ئەو وەختە دیسان نەخۆشخانە چۆڵ ئەبێتەوە و وزارەتخانە دێت پزیشکی تر پەروەردە ئەکات. سەردەمێک لەم وڵاتەدا شەڕێکی دژوار و سەختمان بوو بۆ سەرکەوتن لە پسپۆڕایەتی(تخصص) دا. بەڵام ئێستە وای لێ هاتووە کە زۆرێک لە ڕشتە

تا کاتێک کە کۆمەڵگا ئەم ڕوانینەی ببێت و تا کاتێک کە ئەو کەسە کە لە باری تەندروستیدا سیاسەت دادەڕێژێ وەبەرایەتی بە ڕازی بوونی خەڵک بدات، پێشگیری و بەرگری کردن پشت گوێ ئەکەوێ و دەرمان زەق ئەکرێتەوە و ئەکەوێتە بەرچاو. چوونکە دەرمان ویدیکەینێکی جوانە بۆ دوکانی وەزارەتی بێهداشت، بەو واتایە کە نەخۆش بڕواتە نەخۆشخانە، تابلۆییێکی جوان بە سەر نەخۆشخانەکەوە بێ، دوکتور هەمیشە ببێ، ئازمایش هەمیشە ببێ، هەرکات عەکسی ویست لێی بگرن، هەرکات ئێشی بوو ئێشەکەی بە دەرزی¬یێک چارەسەر بکرێت و... . ئەمە ڕەزایەتی خەڵکی ها بە دواوەو. بەڵام دوکانی تەندوروستی و بێهداشت لە پشتیدا هەمارێکی هەیە کە ئەبێ لەوێوە پاڵپشتی بکرێت کە ئەم پشتی سەحنەیە ئەچێتە لایەنی پێشگیری. لایەنی پێشگیری لەبەر ئەوەی زوو کاریگەری دانانێ و زوو ڕەزایەتی خەڵک بەدەست ناهێنێ، ئەم ڕەوتە درێژە پێ ئەدات. من هەموو کات وتوومە و ئێستایش دووپاتی ئەکەمەوە تا کاتێک ئامانج لە سیاسەت¬ دانانی سڵامەت و تەندروستی، ڕازی بوونی خەڵک بێت، سڵامەتی خەڵک سەرناکەوێت. لەوانەیە ئێشی خەڵک نەمێنێ و زوو ئۆقرە بگرن، یان هەموو جۆرە نەشتەرگەری ¬یێک تەنانەت لە شار و دێ¬یێکی بچووک ئەنجام بدرێت، یان هەموو دێ¬یێکی چکۆلەیش دەستگاییێکی (MRI و سی تی) تیا دابنرێت، بەڵام بوونی هیچ کام لەمانە نابێ بە هۆی ئەوەی کە ئاستی سڵامەتی کۆمەڵگا بچێتە سەرەوە. ئاستی سڵامەت کاتێک ئەڕواتە سەرەوە کە لەسەر بەرگری کار بکرێت. بەڵام ئەگەر هەر ئەمڕۆ وەزیر یان دەسەڵاتدارێک بییەوێت کار بۆ بەرگری و پێشگیری بکات ئەبێ ساڵانێک زۆر لۆمەی خەڵک و ئەو کەسانەی کە بڕیاردەرن بە گیان بکڕێت و گوێ بە ناڕەزایەتی خەڵک نەدات و کاتێک بەرهەم و ئاکامی کارەکەی دەرئەکەوێت کە خۆی هیچ پۆست و مەقامێکی نییە. لە کۆمەڵگا و وڵاتی ئێمە ئەم چاوەڕوانییە،

چاوەڕوانییەکی نابەجێیە، واتا کەس نایێت پەروەندە و فایلی خۆی لە بەرانبەر خەڵکدا خراپ کا بۆ ئەوەی کە بەرەی دواتر کەڵک لەو کارانە بگرن. چوونکە ئەمە نە لە خەڵکا هەیە و نە لە سیاسەت دارێژەکان و بڕیاردەرانی ئێمە، هەر بۆیە دەرمان ئەبێ بە ویدیکەینێکی جوان بۆ دوکانی سڵامەتی کە خۆی لەم ڕواڵەتا نیشان ئەدا کە شانازی ئێمە ئەوەیە کە ئەونە دەرمانگە و نەخۆشخانەمان درووس کردووە و ... .

پسپۆرانەکان(تخصصی)ییەکان هیچ داوتەڵەبێکیان نییە. پزیشکێکی گشتی وای پێ باشە و وای پێ خۆشە کە پزیشکێکی گشتی بمێنێتەوە و نەبێت بە پسپۆڕ و چوار پێنج ساڵ زەجرێکی زیاتر بکێشێت، بێ ئەوەی بەرژەوەندییێکی زۆردیکەی تیا بێت. ساڵی ڕابردوو چەن ڕشتەیێکی وەکوو (طب اورژانس) و بێهۆشی و داخلی زیاتر لە سێسەد کورسی خاڵی بووە. وزارەتی بێهداشت ئەیویست پزیشکی گشتی وەربگرێ، بچن بخوێنن و ببن بە پسپۆڕ بەڵام کەس هەڵی نەبژارد کە بیخوێنێت. یانێ پزیشکی گشتی، ئەوە هەڵئەبژێرێ کە بێکار بێت، کۆچ بکات بۆ وڵاتێکی تر و... بەڵام پێنج ساڵ، بۆ داهاتوویێکی ناڕوون خۆی نەخاتە دواوە و ئەمە دۆخی تەواوی پزیشکییە.

**بەپێی ئامارەکان لادانی ئەخلاقی و ڕووهێنان بە مادە هۆشبەرەکان لە ناو قوتابییانی زانستە پزشکییەکاندا جیاوازییێکی بەرچاوی هەیە لە چاو قوتابییانی زانستەکانی تر و ئاستی ئەو بابەتە لە ئەواندا لەسەرتر و بەرچاوترە؛ هۆکاری ئەو ڕووداوە چییە؟**

وائەزانم ئاوا بە ئاسان ناتوانین بڕیار بدەین کە بڵێین ڕێژەی لادانی ئەخلاقی و ڕووهێنان بە مادەی هۆشبەر لەنێوان خوێندکاری زانکۆی پزیشکی و غەیری پزیشکی و ئەوانە زۆر جیاوازی هەیە یا چە لەبەرئەوەی کە لە ڕاسییا کاری ئاماری و تەحقیقی ئا بەو شێوازە,بەو شێوە کە پێویست بێ لە وڵاتی ئێمە نەکراوە.بەداخەوە ئەوەی کە ناوی لادانی ئەخلاقی بێبێت یا ڕووهێنان بە مادەی هۆشبەر بێت لەم کۆمەڵگای ئێمە ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیاتر بوونایە و کۆمەڵگای پزیشکیش بەشێکە لە کۆمەڵگا.کۆمەڵگای پزیشکی و پزیشکەکان و باقی خوێندکارانێ کە لێرە هەڵبژێردراون تەنیا جیاوازییان لەگەڵ کەسانی ترا کە چوونەتە ڕشتەکانی تر یا بۆ زانکۆ وەرنەگیراون ئەوە بووە کە توانیویانە چەن تێستێکی زیاتر لێ بدەن.جا ئێستا دەکرێ بڵێین چەندین تێستی زیاتر بێ بە بەراوەرد لەگەڵ کەسێکەوە کە وەرنەگیراوە و ماوەیێکی زۆری خوێندن و شەونەخەونی و دەرس خوێندن بێت یا بە بەراوەرد لەگەڵ کەسێکەوە کە بۆ ڕشتەیێک تر وەرگیراوە,جیاوازی¬یێکی وەهاشی لەگەڵا نەبێت.پێوەرێک و چتێک بۆ هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی کە دەچنە شاخەی پزیشکییەوە بوونی نییە.پێوەرەکە تەنها پێوەری تێست و کونکوور و وڵام دانەوەی پرسیارەکانە.لە بەر ئەمە ئەو کەسەی کە IQ ی لەسەرۆ بێ ئەو کەسەی لەو چەشنە IQە کە زووتر بتوانێ لە کاتی تاقیکاریدا ئەو شتانەی کە فێری بووە بیری بکەوێتەو ئەوەی خێرایی یێکی زۆردیکەی بێ و بتوانێ تێستی زۆرتر لێ بدا ئەتوانێ ببێ بە پزشک وە لە پاش ئەوەی لە کۆمەڵگای ئێمە بەداخەوە کەسێکیش چووە زانکۆ ئیتر بە ئەگەری زۆرەوە دەرچوونی لە زانکۆ و تەواوکردنی کورسەکەی مسۆگرە.نەمان بینیوە یا زۆر بە ڕێکەوت ئەبینین کە کەسێک بچێتە زانکۆ و دوای ئەوە، خوێندنەکەی تەواو نەکا جا چ ئەدەبیات بخوێنێ, چ ئەندازیاریی مکانیک بخوێنێ ,چ پەرەستاری بخوێنێ. یانی تەنیا تۆ لە بەربەستی کونکوورەکەت کە ڕەد بووی ئیتر دەرس تەواو کردن تەواو کردنە وەک هەموو بەشەکانی خوێندنی باڵا و ئەمە لە پێوەندی لەگەڵ پزیشکان و ئەوانەشەوە هەیە.بەڵام فاکتۆرگەل و فەکتگەلێکیشمان هەیە کە شتانێکی جیهانین یانێ ئێمە نابێ ئەونە لۆکاڵ بۆ ئەمانە بڕوانین و وابزانین کە ئەمە شتێکە کە تەنیا لە وڵاتی ئێمەدا ڕووئەدا.بۆ نموونە ڕێژەی خۆکوشتن لە پزیشکانا لە هەموو دونیا لە مامناوەندی کۆمەڵگا زۆرترە.لە هەموو دونیا مامناوەندی ژمارەی ئەو دوکتۆرانەی کە خۆیان ئەکوژن لە مامناوەندی ئەو خەڵکەی کە خوەیان ئەکوژن زۆرترە.

**بۆچی؟**

ئەمەش هۆکاری زۆری هەیە,بیری لەسەر ئەکرێتەو و بە شێوەی جۆر بە جۆر باسی لەسەر ئەکرێ.بۆ نموونە ئەوترێ بەشێکی لەبەر ئەوەیە کە کارەکە کارێکی سەختە بەرپرسیارەتی¬یێکی دژوارە و لە چرکەیێکدا یەک هەڵە دەتوانێ پەشیمانی بۆ تەمەنێک بێنێ.بۆ وێنە لە بەرچاو بگرن پزشکێکی با ویژدان لە یەک چرکەدا هەڵەیێ بکا چ لەبەر ئەوە بێ کە لەو کاتا بیری نەبووە یا لەو کاتە سەرقاڵی چتێتر بووە و دوای ئەوە هەست بکا کە نەخۆشەکەی پێکانێکی پێ گەیشتووە، شتێکی لێ هاتووە کە بە هۆی هەڵەی ئەمەوە بووە. ئەم مرۆڤە لەوانەیە تا ئاخری تەمەنی عەزابی ویژدانی ببێ بەڵام ئەم ئنسانە ئەگەر کارەکەی ئەوە بوایێ کە بۆ وێنە لە مارکێتێکا ئامێرێکی بفرۆشتایا یا ئێتیکتی نرخی لێ بدایا دیارە ئەم عەزابی ویژدانەی بۆ دروووست نەدەبوو بەو واتایە خۆی بە بەرپرسیار نەدەزانی و ئەمە لە سونگەی ڕۆحییەو زۆر زۆر کاریگەری داناوە.

یەکێکی تر لەو شتانە کە کاریگەرییەکی ئەوتۆ لەسەر ڕۆح و لەشی کادری دەرمان دادەنێ، پرسی کێشیکی شەوانە، ماوەی درێژی کار بە بێ وچان و کارکردن لە وەخت و ناوەختایە. زۆربەی کارەکانی تر ماوەیێکی تایبەتی کارکردنیان هەیە بەڵام پزیشک شەو و نیوەشەوی لێک گرێدراوە و ئەم بەرنامەی شەو و نیوەشەوە هیچ کات ناگۆڕدرێ. شێوانی ساعەتی بیۆلۆژیک سڵامەتی ئینسان ئەخاتە مەترسییەو چ سڵامەتی ڕۆحی چ سڵامەتی جەستەیی و ئەمە لە هەموو دونیا ڕوونەدا.

بەشێکی دیکەی و چەن فاکتۆری دیکە کە بە تێر و تەسەل لە دونیا باسی لەسەر ئەکرێ و ڕاسییەکە، ئەوەیە کە مامناوەندی سڵامەتی جەستەیی و دەروونی پزیشکان و کادری دەرمان لە مامناوەندی سڵامەتی کۆمەڵگا لە خوارتردایە، بەو واتایە پزیشکان زۆرتر جەڵتەی دڵ لێدەدەن، پزیشکان زۆرتر فشاریان ئەچێتە سەرەوە، پزیشکان زۆرتر تووشی پاشکەفتە قەلبی و دەمارییەکان ئەبن و زۆردیکەیش خۆکوژی ئەکەن، زۆرتر تووشی خەمۆکی ئەبن زۆرتر تووشی دڵەڕاوکێ ئەبن و ئەمانە ڕاسیین. بەڵام زۆرتر لەوەی ئەمە وەکوو تەشەرێک بۆ پزیشکان لەبەرچاو بگرین باشتر وایە وای بۆ بڕوانین و بڵێین ئەمانە مرۆڤگەلێکن کە بۆ ئەوەی سڵامەت و ژیانی خەڵکیتر دابین ببێ لەبەر ئەوەی خەڵکیتر لە نیوەی شەوا ئەگەر جێگایێکیان هاتووەتە ئێش یا پێویستیان بە نەشتەرگەری¬یێک هەبوو، ویستیان دەس¬تێ¬وەردانێکی دەرمانی ئەنجام بدەن، شەو و نیوەشەویان لە خۆیان شێواندووە و داهاتووی ژیان و سڵامەتی خۆیانیان لە خۆیان شێواندووە و بە تێچووی ئەوە کە لە سڵامەتی جەسە و دەروونی خۆیانیان کەم کردووەتەو سڵامەتی جەسە و دەروونی کۆمەڵگایان بردووەتە سەرەوە.

**دیارە کاتێک دەڵێین "پاوانکردن لە زانستە پزشکییەکان"دا، بە واتای کەمتەرخەمی بە زانستەکانی دیکەی زانکۆییە؛ ئەو چاوداپۆشینە چ ئاسەوارێکی لەسەر بلیمەتەکانی زانستەکانی دیکەی کۆمەڵگا و خودی کۆمەڵگا هەیە؟**

وتەیێک هەیە ئەڵێ لە خۆشەویستی عەلیا نییە لە ڕقی معاویەدایە ؛منیش وائەزانم کەمتەرخەمی کردن بە ڕشتەکانی تر وەکوو پێشتر لە پێشەکییا وتم و ئەو شتەی کە ناوی بنێین گرینگی دان بە زانستی پزیشکی و ئەو شتانە لەبەر پێداویستییەکە کە کۆمەڵگا لەبەر ئەوەی کە پێداویستییە سەرەتاییەکانی بکەوێتە ڕێگە پێویستی بە پیشە خزمەتگوزارەکان هەیە ئەگینا پێگەی زانست و زانین و خوێندن و هەموو ئەوانە لە پێوەندی لەگەڵ هەموو بەشەکانی زانستەوە لە کۆمەڵگا زۆر زۆر هاتووەتە خوارەوەو و ئەمە کارێکی کردووە کە زۆرێک لە بلیمەتەکان کە ئەتوانن گۆڕانکاری گەورە لە کۆمەڵگا درووس کەن و ئەتوانن ببن بە کۆڵەکە و بناغەیێک بۆ دامەرزاندنی ئایندەیێکی ڕۆشنتر؛ بە داخەوە لەم سیستمە پەروەردەییە نەخۆشە کە ناتوانێ ڕایان کێشێ، ناتوانێ چڕۆ بە توانستەکانیان بکا ناتوانێ هەلی خۆدەرخستنیان پێ بدا لە ناو ئەچن و ئەفەوتێن جا بۆ ڕشتەکانی دیکەی زانکۆشەوە هەر وایە.





# جمعیت پرکار

به قلم م. ابراهیمی

[همان گونه که در مجمع جهانی امور تبلیغ مسیحیت در سال 1910 م و 1328، ق اعلام شد، مراقبتهای پزشکی، بخش درست و ضروری کار تبلیغ است.]

مبلغان مسیحی معتقد بودند یک پزشک مبلغ، باید نسخه زنده انجیل باشد.

این مسیونر ها در ایران دوره قاجار نخستین بیمارستان‌ها و مدارس را تاسیس کردند و تدریجا حکیم/طبیب و رفتن به بالین بیمار و مکتب برچیده شد.

همچنین در میان مسلمانان شاید [محمد بن عبدالصبور نخستین پزشکی است که در تفسیری بی‌نظیر به بازاندیشی علمی مفهوم شرعی طهارت پرداخت و در آن چنین نوشت: پاکیزگی بدن امریست که در شرع مستحب است و عقل او را مستحسن می‌داند و جناب ربالارباب پاکیزگان را در کتاب مجید مدح کرده است. آنجا فرموده است "ان الله یحب التوابین و یحب المتطهرین" و شك نیست که تطهیر عبارت است از نظافت و در احادیث بسیار ترغبت به آن وارد شده است. پس از اینجا معلوم می‌شود که وساخت یعنی چرکین بودن مذموم و مضر صحت است. ]

مشخص است که واژه‌ی طهارت به میدان جدیدی وارد شده است. در نگاهی غیرتاریخی این تفسیر صرفا دعوتی به پاکیزگی‌ست و یا در نگاهی تکامل‌گرایانه این دعوت نشان از تکامل دیدگاه دینداران و این‌دنیایی شدنِ آنان است. اما پیدا کردن جایگاه "مطهرینی که در کنار تواب" محبوبِ حق واقع می‌شوند و ضرورتی که مفسر را به این تفسیر واداشته است خودِ تاریخ‌نگاری خطی و عینی را به میدانِ مطهرینِ نوین پرتاب می‌کند.

در واکنش به بیماری‌های دوره‌ی قاجار اغلب متفکران چه همدیگر را مقصر خطاب می‌کردند و چه افراد غیر بهداشتی را و یا اگر از عقب‌ماندگی‌ای اجتماعی خبر می‌دادند چه ترقی خواه و چه طرفدار علما همگی یک مسئله را تشخیص داده بودند اینکه جمعیتی ناآگاه و آموزش ندیده که نمی‌داند چطور بزید را چگونه با روش های عینی و علمی به توسعه برسانند.

به علاوه نیاز مبرم به تبلیغ، گماشتن متخصصانِ زیستن، سازگاری با محیط، جمعیت/فقدان‌شناسی و فردِ مسئول به اینده‌ی بهداشتیِ خود مسائلی هستند که بین مسیحیان و پزشکان این دوره مشترک بود و مشخصا برای مسلمانان مترقی هم مطرح بود و درباره‌ی علما هم همین را می‌توان گفت هر چند اختلاف در راه‌حل‌ها به‌چشم می‌خورد.

پس درباره‌ی بهداشت فردی پزشکی و یا طهارت دینی آنچه از محمد بن عبدالصبور تا مهندس بازرگان به طور بارز وجود دارد ظهورِ باوری ست که با جمعیت و فرد و تبلیع و سازگاری سروکار دارد.



[با بهره‌جوئی از تکنولوژی رسانشی همچون گرامافون، رادیو و فیلم، آفرینندگان اماکنِ عمومی جدید سینماتوگراف را «وسیلهٔ جالب توجهی برای تربیت و تنویر افکار تودهٔ اهالی»(67 )می‌دانستند، نمایش را برای «تغییر روحیات جامعه و سوق مردم به طرف تجدد حیاتی می‌شمردند(68) و «تئاتر را وسیله‌ای می‌یافتند که می‌تواند «در موقع استراحت هم به اهالی محترم درس اخلاق و تربیت بدهد.»(69 ) از همین رو، رونق تماشاخانه و سینماکه وسیله‌ای برای آشنائی با تجدد اخلاقی شناخته می‌شد نسبتا پرشتاب بود. به عنوان نمونه، در سال 1317، در ایران 1340 واحد تماشاخانه و سینما ساخته شده بود که 230 واحد آن در تهران، 202 واحد در خراسان، 185 واحد در گیلان، 138 واحد در خوزستان، 131 واحد در آذربایجان شرقی، و 114 واحد در فارس بود.]

ادامه‌ی متن به هم چسباندان چند پژوهش است برای فهمِ پدیده‌های فوق؛ اینکه چه اتفاقی افتاد که این گفتن‌ها ممکن شد و ضرورت یافت و متفکرین و علما را حرکت داد. اگر اسمِ این میدان جدید از تفکر را پزشکی_مسیحیت بگذاریم: منظور از پزشکی_مسیحیت به هیچ وجه دامنه دادن به آن باور غالب نیست که معتقد است مسیحیان از پزشکی به صورت ابزاری برای منافع خود بهره جسته‌اند .
و به علاوه این اصطلاح را در معنای پزشکانی که طبق اصول سنتی و غیر علمی نسخه می‌پیچند به کار نمی‌برم.
منظور از ظهور پزشکی_مسیحیت، ظهورِ یک مسئله و معضلِ نوین در تاریخ است: جمعیت.

پس پزشکی_مسیحیت مجموعه باورهایی ست که قبل از هر چیز یک مسئله و پرسشِ بخصوص دارد مسئله و پرسشی که مسئله بودگی آن از دید خودِ پزشکی_مسیحیت کاملا بدیهی ست؛ و اسم این مسئله جمعیت است.جمعیت برای پزشکی_مسیحیت قبل از هر چیز معنایی از همگنی و یکپارچگی را می‌رساند
جمعیت یک و تنها یک واحد یا یک نژاد است.هم همزمان و هم قبل‌تر از شکلگیری این معنای مدرن از نژاد،
نژاد بلاشک به یک گسست و ناهمگنی اشاره داشت یعنی وقتی از نژاد استفاده می‌شد جنگ،ناهم‌خوانی‌منافع و درکل عدم اشتراک به ذهن می‌رسید.

در واقع نژاد وجود نداشت مگر به واسطه‌ی وجود حداقل دو نژاد: یکی دولت و دیگری نژادی که دولت را قبول ندارد آن هم نه بخاطر اینکه دولت الگو های خود را نقض کرده است بلکه به دلیل اینکه از ما نیست و به گفته‌ی فوکو ((نه تنها وحدت قانون حاکم را که تکلیف وضع می‌کند، درهم‌می شکند، تداوم شکوه و جلال آن را نیز متوقف می‌سازد. و آشکار می‌کند که نور_همان اثر حیرت‌انگیز مشهور قدرت_ چیزی نیست که کل بدن اجتماع را دست‌خوش هراس و انجماد کند و به آن استحکام و انتظام بخشد؛ بلکه در واقع نوری تفرقه‌افکن است که یک طرف بدن اجتماع را روشن می‌کند و طرف دیگر را در ظلمت و تاریکی قرار می‌دهد. و تاریخ یا ضد تاریخِ حاصل از داستان مبارزه‌ی نژادی، البته از سویه‌ی تاریک و قعر ظلمات سخن می‌گوید.)). این معنا از نژاد مشخصا مقاومتی دربرابر یگانه حقیقت‌های همیشگی و به اصطلاح "پایان تاریخ‌ها" دارد و استحکام ارزش‌های مستقر را به چالش می‌کشد و پتانسیل بسیاری برای تشکیل گفتمانی انقلابی داشته است مثل تعارض نجبا و پلب‌ها در کار ماکیاولی و یا اشکالی از آگاهی طبقاتی که همزمان با پزشکی_مسیحیت ظهور کرد. به هر حال چه به شکل جدال‌های پراکنده و چه به‌صورت معنای جدیدی که فرودستان برای اختراع بدنِ خود بر آن تحمیل کردند از دو نیرو خبر می‌دهد و نه از یکپارچگی‌ای از فردها؛ دقیقا برعکس با مفهومِ پزشکی_مسیحیِ نژاد.دیدگاه پزشکی_ مسیحی نژاد(جمعیت) یک یکپارچگی را می‌رساند و وظیفه ای که پزشکی_مسیحیت در قبال نژاد دارد حفظ کردن و پاسداری از این یکپارچگی ست که از طریق زدودن و حذف عواملِ خطرناک و فاسد اعمال می‌شود.
"فرد" یک اختراع برای تامین این یکپارچگیِ ضروری ست.

فرد در کنار جمعیت و هم‌ممکن با آن از مسائل پیشفرض در تمام رویه‌های پزشکی_مسیحیت اند به عبارتی این معنا از نژاد را نه وجودِ دو نژاد(همچون دو نژادِ دولت و شورشیان) بلکه وجود فرد کامل می‌کند و فرد یعنی کسی که یا خدمت گذارِ یگانه نژاد است یا یک ناخالصی ست و نیازمند تفسیر و رسیدگی و درمان برای خالص‌سازی.
میشل فوکو توضیح می‌دهد که:(( مشخصه‌ی "نژادگرایی بالفعل" این است که در آن مضمون پساتکامل‌گرایانه‌ی مبارزه برای وجود داشتن، جای مضمون جنگ تاریخی_ با

نبردها، تهاجم‌ها، غارت‌ها، پیروزی‌ها و شکست‌هایش_ را خواهدگرفت. این دیگر نبرد به معنای موردنظر جنگ‌جویان نیست، بلکه مبارزه‌ای است در معنای بیولوژیک: متمایز سازی گونه‌ها، انتخاب‌طبیعی، و بقای گونه‌های اصلح. به همین سان، مضمون جامعه‌ی دوگانه‌ای که به دو نژاد یا دو گروه برخوردار از زبان‌ها، قوانین و... متفاوت تقسیم می شد، جای خود را به مفهومی از جامعه خواهد داد که، برعکس، از لحاظ بیولوژیک یگانه‌انگار است. تنها مسئله اش این است: تعدادی از عناصر ناهم‌گونی که ضرورت اساسی ندارند، بدن اجتماعی یا بدن زنده‌ی جامعه را به دو نیم تقسیم نمی‌کنند و به معنایی تصادفی‌اند، آن را به مخاطره می‌اندازند. دلیل مطرح شدن ایده‌ی نفوذ بیگانگان به این جامعه و موضوع منحرفان و کجروان به منزله‌ی پیامدهای فرعی این جامعه، همین است. نهایتا مضمون ضدتاریخ نژادها این بود که دولت لزوما ظالم است. اکنون این مضمون برعکس شده است: [از دید نژادگرایی بالفعل] دولت دیگر ابزاری در اختیار یک نژاد در مقابل نژاد دیگر نیست؛ بلکه دولت پاسدار انسجام، برتری و خلوص نژاد است و باید هم چنین باشد. ایده‌ی خلوص نژادی، با تمام دلالت‌های وحدت گرایانه، دولت‌گرایانه و زیست‌شناختی آن، جای ایده‌ی مبارزه‌ی نژادی را می‌گیرد.))و این استقرار جدید دولت یعنی دولت به مثابه‌ی درمانگر آن وضعیتی‌ست که در قاجاریه در حال شکلگیری ست.

(در میدان پزشکی_مسیحیت طیف‌های متنوعی قادر به هم زیستی‌اند. مهم است که طرف‌هایی که در این میدان بازی میکنند کاملا به پروبلماتیک جمعیت پایبنداند از انواع ناسیونالیسم و تا انواع انترناسیونالیسم یک وحدت در مسئله‌بودگیِ جمعیت مطرح است.)اگر جمعیت باید هر لحظه از ناخالصی حفظ شود و اگر پیشگیری بهتر از درمان است تبلیغ به جز تفکیک‌ناپذیری از گفتمان جمعیت تبدیل می‌شود. هدفِ تبلیغ جمیعت است.

علاوه‌بر یکپارچگی و تجمع افرادِ ممکن‌الخطا رکن دیگر جمعیت برای پزشکی_مسیحیت خلا و بی‌نظمی ست، یعنی جمعیت آشوبِ محضی ست که نباید با کار بر آن به صورت درخود نظام‌هایی برای فهم استخراج کرد. این تلاش بی‌ثمر است.

جمعیت قبل از پیشرفت عقب‌مانده بود و قبل از دولت در جنگ. (همانطور که هابز می‌گوید وضعیت طبیعی چیزی جز جنگ همه علیه همه نیست.)

جمعیت چیزی برای مواجهه نیست. به چه معنا: جمعیت در متخصص اتفاق نمی‌افتد.

جمعیت باید بر اساس حقایق تنظیم شود؛ چیزی که تنظیم نشده چیست؟ هیچ است. در نیستی ست. جنگ همه علیه همه است، نه سنتی ست و نه صنعتی، دوره‌ی انباشتش طی نشده، غیرمنطقی عمل می‌کند، از دوره‌های معمول و طبیعی تاریخ نگذشته و باید آن را به راه راست برگرداند، مهم نیست که در فردیتش چه است مهم این است که در فرمول و در کل جای نمی‌گیرد.

و در سطحی دیگر؛

جمعیت پول ندارد و پهنای باند ذهنی ضعیفی دارد، در نهایت چیزی ندارد که به جمعیت‌شناس بگوید، هرچه می‌گوید هذیان است، بی‌معنی ست، صرفا مادی ست، از سر گرسنگی ست، گرسنگی هم مادی ست نه معنوی، برای متخصص سخنان گرسنه ربطی به سوژگی ندارد، معنا تولید نمی‌کند، چون مادی ست یا چون اولیه است یا چون دنیوی است یا چون بدنمند است. فقدانِ محض است چه برسد به اینکه هستی‌شناسیِ سخت و سفتی باشد که متخصص را درگیر کند .پس قرار نیست متخصص با جمعیت وارد "گفت‌وگو" شود. نباید آلوده به مادیت شود. جمعیت در متخصص نیست و نباید باشد. جمعیت ابژه‌ی حقایق‌عینی متخصص است و باید درمان شود چه در شکل فقیر چه در شکل سرخپوست چه انسان یونانی یا ماقبل تاریخ.

جمعیت نابسامان است و همین مهم است. در نتیجه آنچه مهم است میزان انطباق جمعیت با مبدا و مقصد است برای مثال این معضل که جامعه چقدر مدرن یا سنتی است هیچ درگیر در شدنِ جامعه نیست.

خودِ جمعیت در اکنونیتش یک فقدان، فقر، بی‌نظمی، فاقدآگاهی و بی‌تاریخ است که ارزش تامل ندارد چه برسد به اینکه قابلیت تحولات درونی بخصوصی داشته‌باشد.

رویکرد آری و نه در رفراندوم‌ها یا رویکرد تئوریسین‌های شرق‌شناس مبنی بر نداشتن‌ها و رخ ندادن ها (به عبارتی مبنی بر اینکه فاصله‌ی جمعیت با مدلِ ذهنیِ ایشان چقدر است) یا رویکرد نخبگانِ خرده‌احزاب و فرقه‌ها که آلترناتیوها را رسم می‌کنند مثال‌هایی از این فقدان‌شناسی معاصر است.

به قول آرش حیدری در این دیدگاه، جمعیت جهانِ کون و فساد است و آنچه مهم است جهان والا ست. در این تاریخ

نگاری ست که می‌توان به بیانی هگلی گفت: آفریقا تاریخ ندارد.درکِ مسئله بودگی جمعیت، موضوعیتِ تبلیغ را نیز روشن می‌کند.تبلیغِ آنچه والا ست برای نجات دادن این آشوب‌زندگیِ بی‌سر و ته ها.

به گفته‌ی لاتزاراتو:(( فوکو خاطرنشان می‌کند که اقتصاددانان و متخصصان تبلیغات در یک زمان متولد شده اند.)) بنابراین تبلیغ، کنترل عقیده با نمادهایی نظیر گزارش ها، شایعات، تصاویر و دیگر اشکال ارتباط جمعی نیست بلکه قبل از هر چیز نوعی هستی‌شناسی ست که در پی پیشگیری ست، در راستای مسئله‌ی درمانِ جمعیت. کلیسا باید با تاسیس مدارس، بیمارستان‌ها و فرستادن مُبلّغ به سراسر جهان همگان را احضار کند، حقیقتِ عینی را تبلیغ کند، فعالیت توسعه‌بخش را توصیه کند، برای جنگ و کار آماده کند و بدهی به خدا را گوش‌زد کند.




به علاوه این برهه با تمام استدلالات طبی_مذهبی اش دوره ی ظهور مسئله‌ی سازگاری نیز هست. با وجود اینکه مسائلی مثل جمعیت و سازگاری و تبلیغ کاملا دارای همزمانی هستند و جنبه‌های مختلف یک وضعیت اند؛ ممکن است گفتمانِ پزشکی_مسیحیت مفهومِ سازگاری را به عنوان پایه و اساس کشف‌شده و عینیِ تحلیل خود برای شکل دادن و اختراعِ مسئله‌ی جمعیت عرضه کند. اما برخلاف این ادعا سازگاری نه عینیت کشف شده بلکه هم بسته به مسئله‌ی جمعیت معنایش را کسب می‌کند چراکه تفسیر ارگانیسم بر اساس سازگاری همراه با هم‌ممکن‌هایی مثل جمعیت و مسئولیت‌فردی و بقا شروع به زیستن کرد. باوری که متفاوت با طبیعت‌شناسی در رنسانس و یا فیلسوفان نابهنگام زمان است اما محوریت بلامانعی در کل دوران مدرن داشته‌است.

یکی از نقدهای نیچه به دیدگاه اسپنسری رایج اینست که:(( فیزیولوژیست‌ها پیش از آنکه غریزه‌ی خویشتن‌پاییِ[غریزه ی بقا] را همچون غریزه‌ی اصلی موجود انداموار پادار کنند، می‌باید تامّل کنند، زیرا هر موجود زنده بالاتر از همه، می‌خواهد "نیروی خویش را بیرون ریزد" _ زیرا زندگی همانا خواست قدرت است_ خویشتن‌پایی تنها یکی از پیامدهای نامستقیم این امر و همیشگی‌ترین آن‌ها ست. سخن کوتاه، در این مورد نیز مانند موارد دیگر، باید از اصول غایت‌شناختیِ زاید پرهیز کرد که یکی از آن‌ها غریزه‌ی خویشتن‌پایی است.))

همانطور که فیلیپ گدار در این‌باره می‌گوید:(( اخلاقِ کار، کندی و آهستگیِ انسانی را شرم و عیب می‌داند. همه‌چیز باید برای ما بر پایه‌ی تندی و سرعت دارای بازدهی کارآمدی باشد، هنجار فراهم‌کننده‌ی افزایش هرچه بیشتر تولیدِ[تولیدِ رواقی و سودمحور] به یمن ماشین‌الات را محترم بشمرد، ماشین‌الاتی که به نوبه‌ی خود از خدمت‌کارانِ انسانی‌اش می‌طلبد که سریع، هنجارمند، دقیق و وقت‌شناس باشند. از هنگام طلوع روابط مدرن تا کنون شبه‌انسان‌ها موظف بوده‌اند خود را با ماشین تطبیق دهند. از همان سده ی نوزدهم، ساختن ماشین هایی برای بزرگسالان امکان‌پذیر شده‌بود. اما به جای این اقدام، صاحبان صنایع بافندگی کار کودکان را چنین توجیه کردند که فقط کودکان می‌توانند با جثه‌ی کوچکشان به زیر ماشین‌الات بخزند.))

این پزشکی_مسیحیت قرار است پروژه‌ای عظیم از تقسیم و رده‌بندی را تدریجا باعث شود. همگان(جمعیت) را احضار کند، درددل‌ها(خلا و فقدان جمعیت) را بشنود، علت‌ها را تبیین کند، سخنان را تفسیر کند، راه‌حل ها را ارائه دهد و حداکثر توانایی هر بدن، فرد و جامعه و تاریخ را مشخص کند، نباید حد ها را به حال خود واگذارد. امروزه که پایان تاریخ را و بعضا پایان فلسفیدن را اعلام کرده‌اند می‌توان زور عظیم این حق‌به‌جانب بودنِ شنونده و مفسر اعظم را به خوبی درک کرد. پیش‌گوییِ‌ای که جادوگران باستان را شکخواهد کرد. که دست‌کم در یک میدان بودنِ پوزیتیویسم و مسیحیت را به وضوح نشان می‌دهد.

در تبین کارکرد این طبقه‌بندی، تفسیر و تجویز می‌توان به دو هستی‌شناسی گشتالتی و تقلیل گرایانه اشاره کرد.

میل باید نامگذاری شود و در خانه‌ای از خانه‌های رده‌بندی جای گیرد و قابل پیشبینی شود یک میل بی‌نام بسیار سیال است و خلوص نژاد را تهدید می‌کند. کشف جهانِ خارج و جبر، و یا کشف جهان درون و اراده‌ی‌آزاد هر دو در میدانِ کشف علت‌العللِ تعیّن‌بخش امکان پذیر شدند تا محدوده‌ها و آخرین سرحدات و امکاناتِ جهان را بر اساس غایات و مبدا ها کشف کنند.

دلوز تکاپوی هر دو طرفِ میدان را در تعیین حدود شرح می دهد:

[به هر طریق، عقل گاه ما را منصرف می‌کند و گاه بازمان میدارد از درنوردیدنِ برخی حدود: از آن رو که بیهوده است(کارِ شناخت پیش‌بینی کردن است)، از آن رو که شر است(وظیفه‌ی زندگی پرهیزگار بودن است)، از آن رو که ناممکن است(پشتِ حقیقت نه چیزی برای دیدن هست و نه برای اندیشیدن).]

در هر صورت آنچه که می‌توان آن را "بیانِ همزمان هزار سطح" نامید در هر دو دیدگاه گشتالتی و تقلیل‌گرایانه پس رانده می‌شود. شناخت باید "کننده" را بیابد و دست‌بسته معرفی کند چه این "کننده" خودِ سوژه‌ی‌خودمحتار باشد و چه اتم‌های مغزش؛ چه مجرم چه بیمار. هر دو طرف در پروژه‌ی طبقه‌بندی هم‌داستان اند:

تقسیم عمر و روشن کردن نقش‌های مستلزم هر سن مثل سن‌بازنشستگی، سن‌کار، سن بلوغ هورمونی و عقلی، ساعات استاندارد فراغت و کار، تقسیم و رده‌بندی جنس‌ها، تعیین وظایفِ ژنتیکی، تقسیم و بهینه‌سازی فضاها( قبرستان باید در حاشیه شهر باشد، کودک استثنایی تداخلی با عادی نداشته باشد، فضای شهر از تبلیغات لبریز باشد، یک شهر نه با میادین که با مغازه‌ها تعریف شود..)، کشف اعصاب و هورمون‌ها به عنوان علت‌العلل یا ریشه‌های علّیِ تعیّن بخشِ هنجارها و یا برعکس کشف انسان به مثابه‌ی کلی پیچیده و خودمختار در عمل به هنجارها.تشخیص وضعیت اضطراری و عادی( پیری و جوانی جمعیت و پراکندگی آن، تولید ناخالص داخلی، شاخص‌های سواد، میانگین قد و وزن جمعیت)، تشخیص علل نافرمانی‌های مدنی، تشخیص علل فقر، کشف راه‌های ریشه‌کنی فقر، کشف معنی نهفته در هررفتار و گفتار و پندار( اگر ناراضی هستید حتما گرسنگی پنهای باند ذهنتان را کاهش داده یا به آرزوهای همگانی نرسیده اید یا مادر خوبی ندارید ، زندگی جمعیت چه گرسنه و چه دیوانه الترناتیو ارزشی نیست بلکه نقصِ فنیِ قابل جبران در فرایند کار است)، ایجاد روحیه‌ی کارفرمایی، کشف علت بارآوردن بدهی غیرقابل جبران توسط افراد، آموزش دادن تصمیم‌گیری صحیح به جمعیت/افراد، تشخیص علل بیکاری، کشف راهکارهای رفع بیکاری، ایجاد اشتغال(یا ایجاد اشتغال به عنوان راهکار)، انگیزش و تشویق و ترغیب و جلوگیری از ناامیدی افراد،

تعیین انواع شخصیت و راهکارها و نقش‌های مربوط به هر یک،انواع هوش (مثل آی‌کیو و ای‌کیو) و سطح‌بندی آن، راهکارهای رفع کم‌هوشی و...

اسم بردن از قاجاریه به عنوان مبدا بروز تدریجی این میدانِ زیستی به هیچ وجه این را نمی‌رساند که شیوع بیماری‌ای خاص و نحوه‌ی رفتارِ عینی با آن در ادامه باعث سواستفاده ی حاکمان و ظهور نوع خاصی از رفتار حکومتی شود(مثل کار دکتر توکلی طرقی)

بیماری‌ها علل شکل‌بخشنده به روابط قدرت نیستند بلکه در کار فوکو مسئله این است که روابط قدرت خود، انواع مختلفی از بیمار شدن و شیوع و مرگ را در تاریخ ممکن کرده‌است.

فوکو در کنار علوم‌انسانی و علوم‌طبیعی، شبکه‌ی تجربه‌ی بیماری(از خود بیمار تا نزدیکان،دورها و پزشکان) را در حوزه‌ی همان جنگ‌نژادی نوع اول بررسی می‌کند.

برای مثال برخوردِ آماری با بیماری کرونا فقط در آرایشی از قدرت ممکن است که نژاد به معنای جمعیتی آن تقلیل یافته‌باشد.

برخورد آماری به این معنا که تنها چیزی که بیماری بر آن اثرگذاری دارد آمار است

و بیماری نمی‌تواند و نباید اثرات شوک‌آور خود را بر زندگان بگذارد؛ نمی‌تواند و نباید مسئله را عوض کند و برفرض از سود به اسراف تغییر دهد، آمارِ گزارش شده به کارفرما بهتر از هر نیروی کاری تشخیص می‌دهد که کار کَی باید تعطیل شود و کَی ادامه یابد. بیمار بودن هر چقدر هم محتمل باشد باید دانست که بیماری یعنی وارد شدن به بیمارستان با همان معماریِ خشکِ پیشرفته‌ی ازلی ابدی یعنی برزخی بین فایده‌مندی و بی‌فایدگی.

درگیری بین پژوهشگران ممکن است به اختلاف در تعداد فوت‌شدگان تقلیل یابد، اصولا با تجربه‌ی‌کرونا نباید به عنوان چیزی که برسازنده‌ی ایده‌هاست طرف شد.



اگر بیماری جدایی ناپذیر است باز هم نباید پرسش‌هایی بر سر تعریف مرگ(چرا حرف زدن از مرگ به تابو تبدیل شد و قبرستان به شرمگاه شهر بدل شد. مرگ به عنوان یک زندگ باید چه چیزی به زندگیِ فعلی اضافه کند)، بیمار زیستن(اینکه بیماری ابژه‌ی دلسوزی و امید است یا ساحت زیستن)، روابط مورد نیاز بیماران (به جای خیرگی به دیوار و جعبه تلویزیون کوچک)، معماری بیمارستان، اینکه بیماران در خانه رسیدگی شوند و یا در بیمارستان و وقت فراغت بیماران در میان باشد و پرسش از اینکه چرا مسئله در ارتباط با بیماری از تعداد تخت‌ها فراتر نمی‌رود(از عجایبی که باعث خنده‌ی گذشتگان است. یک صرعی در یونان باستان که به لطف صرعش با نیروی خدایان شارژ می‌شد از خجالت صرعیان امروز چیزی نمی‌فهمد).

چرا بیمارستان فقط در ارتباط مستقیم با دانشگاه علوم پزشکی‌ست نه با هنر و نه با فلسفه مگر به شکل آماری شده‌ی آنان؟ سلسله‌مراتبِ ضروری بیمارستان‌ها تا کنون چه نقشی در بهبود بیماران داشته‌است؟

قوانین رقابتِ نظام جهانی تجارت چه کمکی به درمان کرونا کرده است؟

هشدارِ وسواسی در برخورد آماری فعلی با کرونا بر حفظ روال عادی زندگی ست. انگار نباید این ویروس در طول کارِ جدیِ زندگی باعث انحراف از موضوعات اصلی شود و حواس را پرت کند. کسی که عزادار است باید سریع ریکاوری شود و آن که مجذوبِ باور به انقراض است باید عقلش را سر جایش بیاورد. روی هم رفته برخورد آماری یعنی حاشیه‌ای کردن اهمیت شوک‌آور بیماری و مرگ.)

(م.الف)

منابع مورد استفاده :

کتاب باید از جامعه دفاع کرد / میشل فوکو
کتاب نیچه و فلسفه / ژیل دلوز
مقاله ی تجدد روزمره و آمپول تدین / توکلی طریقی

# شوپنهاور
## و فەلسەفەی دەرمانخوازی
## (Therapeutic Philosophy)





نووسین: دوکتور فەرزاد حاجی‌میرزایی
وەرگێران: ژیار ڕەنجبەر

(لەگەڵ تێڕوانینێک بەسەر بیرۆکەکانی شوپنهاور؛ بە تیشک خستنەسەر وەرگێرانی هەندێک لە بەرهەمەکانی بۆ سەر زمانی کوردی)

**1)** فەلسەفە جۆرە ڕاهێنانێکی بیرکردنەوە و وردبوونەوەیە و تەنانەت دەکرێ بگوترێ وەرزینی زەینە. بەڵام بۆ فەیلەسووفە گەورەکان، فەلسەفە خودی ژیانە؛ فەلسەفە جۆرە نەرمئامێرێکی گرد (کلان)، بۆ هەڵسەنگاندن و ناسینە. ناسینی جیهان و حەقیقەتی جیهان و بایەخە بەردەستەکانی و مانا شاردراوەکانی. فەیلەسووف لەم پێگەیەوە دەپرسێ: "گەوهەر(ذات)ی ژیان چییە؟ ڕاستی کامەیە؟ و من دەبێ چی بکەم؟ دەبێ بە کام بایەخگەل پابەند بم؟ چ شتگەلێ بایەخی بڕواپێکردنیان هەیە؟ فەلسەفە جۆرە ڕاهێنانێکی ((نە)) وتنە بۆ ئەو شتگەلە کە ئەوانیتر بە سانایی پەسەندیان کردووە و پابەندین. فەلسەفە جۆرێک دەرمانە. هەر بەم پێیە دوو ڕەوتی سەرەکی فەلسەفەی ئورووپایی(ئەگەر هایدێگێر بە نوێنەری فەلسەفەی ئورووپایی و ویتگنشتاین بە نوێنەری فەلسەفەی شیکارانە(تەحلیلی) بزانین) هەردووکیان لە شوێنێکدا یەک دەگرنەوە کە ئەوە بواری دەرمانی فەلسەفەیە. ئروین یالۆم ڕەوان-دەرمانخواز((Psychotherapistی هاوچەرخ بەگوێرەی ئەم چەمکە کتێبێکی بە نێوی "دەرمانی شوپنهاور" نووسیوە کە پیشان دەدا ئەم بیرمەندە لێهاتووە، سەرنجی خستووەتە سەر ئەم بوارە دەرمانییەی فەلسەفە و بیرۆکەی مرۆڤ. لە بەر چی؟

**2)** دەتوانم بڵێم بۆچی فەلسەفە دەتوانێ بواری دەرمانی هەبێت و لە بنەڕەتدا بۆچی فەلسەفە دەتوانێت جۆرێک چارەسەریی ئاڵۆزییەکان، شڵەژاوییەکان و پرژ و بڵاوی بیر و هزر بێ؟ لەبەر ئەوەی هەندێ لە پرسە مرۆڤییەکان پرسی فەلسەفین. مرۆڤی بیرمەند لە مێژەوە پرسی فەلسەفی و ئێگزستانسیێلی هەبووە. نە لە یۆنانی کۆنەوە؛ بەڵکوو زۆر پێشتر لە ئەوەوە. بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە لە دایک بوونی بیرە فەلسەفییەکان و کەڵکەڵە بیرمەندانەکان، دەتوانێ هاوچەشنی شۆڕشی ناسین-Cognitive revolution لە مێژووی مرۆڤدا بێت. لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە دەزانین لە نێوانی فەلسەفە و زماندا پێوەندییێکی ئێجگار قووڵ هەیە. لەڕاستیدا ناونانی شتەکان لە خۆیدا ڕەگەگەلێ لە بیرکرنەوەی قووڵی تێدا بە دی دەکرێ. چۆن دەتوانین ناوی "شتەکان" بنێین؟ ئوستوورەی ناونانی شتەکان لە دەورانی کۆن و لە قورئانیشدا هاتووە. مرۆڤی سەرەتایی لە بارودۆخی ئێگزیستانسیێلدا وەستاوە. لە نێوانی زەوین و ئاسماندا. لە نێوان تێکۆشان بۆ مانەوە و بیرکرنەوە لە دیاردەکانی دەوروبەری، ڕوانین بۆ ئاسمانی پڕئەستێرە و دیتنی هەورەکان و گۆڕانی سروشت و وەرزەکان. ئەمانە هەموویان مرۆڤی بۆ بیرکردنەوە پاڵ ناوە و "دەردی" بیرکردنەوەی بۆ مرۆڤ خولقاندووە.لەبەر ئەمانە بوو کە گەورەگەلێ وەکوو ڕۆسۆ، مرۆڤی بەرەو ژیانی سروشتی بە دوور لە شارستانییەت و دڵمەندییەکانی (ملالت) هان دەدا. ئامانج ئەوەیە کە بەشێک لە پرسە مرۆڤییەکان بە درووست

یان هەڵە هێشتا پرسە بیرییەکان و پرسە فەلسەفییەکانن و فەلسەفە بە هەمەچەشنییێک کە لە جوگرافیای خۆی بەرهەستە توانیویەتی لەسەر ئەم بۆشاییە بدوێ. لەسەر شوپنهاوریش هەر هەمان چەشنە.

3) پرسی پووچی و ئابسۆرد هەمووکات یەکێک لە گرینگترین پرسەکانی مرۆڤی بیرمەند بووە. ئەوەی کە مانای ژیان چییە؟ ئایا ئەم هەموو هەوڵ و تێکۆشانەی مرۆڤ ئامانج و ئاکامێکی هەیە؟ئایا واتایێک یان فەلسەفەیێکی هەیە؟ لەمێژەوە مرۆڤ لەسەر ئەم پرسیارە بیری کردووەتەوە. بەپێچەوانەی ئاژەڵان کە ژیانی ڕۆژانەی خۆیان بە بێ هیچ کەڵکەڵەیێک دووپات دەکەنەوە، مرۆڤ لە دووپات بوونەوە و ڕۆژمەڕگی وەڕەز دەبێ. بە تێروانینی شوپنهاور هۆکاری کۆتایی وغایی شاردراو لەم ژیانە، "خواستی ژیان"ە.

ئامانجی ژیانی هەموو بوونەوەرەکان ئەوەیە کە دەیانەوێ بمێننەوە. مانەوەیان هەبێت. دەکرێ بەڕوونی بەشێک لە بیرۆکەکانی داروین لە ڕوانگەکانی شوپنهاور ببینرێ. لەم تێکهەڵچوونە و ململانێیەی بوونەوەرەکان بۆ ژیان و مانەوە، ئامانجی کۆتایی و پاڵنەری سەرەکی، خواستی ژیانە.هەموو بوونەوەرەکان لە هەوڵی تێرکردنی ئەم مەیلە سەرەکییەی خۆیانن بەڵام مەیل و ئاواتەکانی مرۆڤ بێکۆتایین و لەم بێکۆتاییە و لەمەڕ ئەم مەیلە بێکۆتاییانەی مرۆڤدا ئامانجی ژیان جۆرە هەستێکی پووچی و بێبایەخییە.(absurdity) لەبنەڕەتدا ژیانی مرۆڤ لەسەر جۆرە هەڵەیێک بنیاد نراوە. جۆرە گوناحێکی یەکەمین کە مرۆڤ سەرقاڵی تاوان دانەوەییە. ژیان بۆ خۆیشی فریوێکە. ژین کردن وەکوو جۆرە خرۆشانێکی پڕتین و مەزنە و لەهەمان کاتدا، گاڵتەجاڕە و مرۆڤ هەبوونێکی ناتەواو بەڵکوو بوونئاسا(شبه وجود)یە. لەم زنجیرە بێکۆتاییەی مەیلە مرۆڤییەکان ئەو شتەی (مرۆڤ) پێی دەگا دەرد و ڕەنجی هەتاییە.

4) شوپنهاور گەوهەری ژیان بە دەرد و ڕەنج دەزانێ. نە هەر بۆ مرۆڤ بەڵکوو بۆ جۆرەکانی(species)دیکەش. هەوڵ دانی هەموو جۆرەکان بۆ گەیشتن بە شەهوەت و چێژ دیاردەی(پدیدار) سەرەکی ژیانە. هەروەها مردن لە بۆسەی هەمووانە.بەڵام لەمەڕ مرۆڤ دەردی بیر دەبێتە هۆی ئەوەی کە بیرەوەری ئێش و ئازاریش بۆ ئەو ڕەنجدەر بێت. ئێش و ئازار و مردن و بیرکردنەوە بە ئەوە مەزنترین هۆکاری هەست بە پووچی کردنە. مرۆڤ هەم هیوای هەیە و هەم جخار(اندوه)یش.

بە بەراوەرد بەوەی ئاژەڵەکانکەمتر تووشیاری جخار دەبن. هەر بەو جۆرەی کە گوتم ئەم پووچی و دڵمەندییە(ملالت) بەرهەمی تاوانی یەکەمینی مرۆڤە. شوپنهاور ڕوانینەکانی دەورانی کۆن(عهد عتیق) و دەورانی نوێ(عهد جدید) بە ژیان، جیاواز و ناتەبا دەزانێ. بەڕای ئەو دەورانی کۆن (عهد عتیق) هەڵگری جۆرە ڕوانینێکی خورتیوازانە(جبرگرایانە) و نکوڵی کردن لە ژیانە.لە کاتێکدا دەورانی نوێ هەڵگری فۆرمێک لە ڕزگاری و ئازادییە. هەربەم پێیە ئەو فەلسەفەی خۆی هاودەنگی ڕۆحی دەورانی نوێ و ئەوە بە "تەنیا فەلسەفەی ڕاستەقینەی مەسیحی"دەزانێ. فەلسەفەی شوپنهاور بە جۆرێک بیر لە چارەسەری ئەم ئازارە دەکاتەوە. ئەو تێدەکۆشێ ڕێگەیێک بۆ ئەم ئێش و ئازارە تاقەت پرووکێنە و ڕێگایێک بۆ ئەم پووچی و بێ واتاییەی ژیان بدۆزێتەوە. تێکۆشانێک کە زۆربەی بیرمەندان بە درێژایی مێژوو هەوڵیان بۆ داوە.

5) بۆچی مرۆڤ درێژە بەم ژیانە پڕ لە ئازارە دەدا؟ بۆچی خۆکوژی ناکەین؟ پرسیاری سەرەکی ئەمەیە. ئایا خۆکوژی ڕێگەپێدراوە؟ ئاژەڵەکان ناتوانن بڕیاری خۆکوژی بدەن بەڵام مرۆڤ تاقە بوونەوەرێکە وا بەسەر ژیانی خۆیدا زاڵە و مافی هەڵبژاردنی هەیە.مرۆڤ دەتوانێ کۆتایی بە ژیانی خۆی بێنێ. ڕەنگە ئەمە یەکێک لە بوارەکانی خواستی مرۆڤی (اراده انسانی) بێ. شوپنهاور دەنووسێ کە خۆکوژی تەنیا لە ئایینە مووساییەکان(ئیبراییمی)بە تاوان دەژمێردرێت.بەڵام بە درێژایی مێژوو زۆربەی گەورەکان ئەم کارەیان کردووە.لە دونیای کۆندا (باستان) ئەم کارە ڕێگەپێدراو بووە و بە چاویلکەی تاوانەوە سەیر نەدەکرا.ئەرەستوویش خۆکوژی بە تروکردنی دەزگای فەرماندەر و دەوڵەت دەزانێ.بەپێچەوانەوە ڕەواقییەکان ئەوە بە کردەوەیێکی پڕشکۆ دەهێننە ئەژمار و ئایینەکانی هیندوو و بوودایش نکوڵی لێ ناکەن. بەڵام شوپنهاور ئەو چەمکە پێشنیار نادا لەبەر ئەوەی وا بڕیارە فەلسەفەکەی دەرمانخواز بێت و خۆکوژی بەو هۆکارەوە کە خواستی جیهان دەور دەداتەوە هەڵەیە. دەبێ ڕێگایێک بۆ هەڵاتن لە ئێش و ئازار و تێپەڕین لە پووچییە شاردراوەکەی (ژیان) بدۆزرێتەوە.

6) لە پلەی هەوەڵدا شوپنهاور لە ژێر کاریگەری حێکمەتی بوودایی و هێندی ڕێگەچارەی سەرەکی بە نەخواستن و ئیرادە نەکردن دەزانێ. لە ئەبولحەسەن خەرقانی، عارفی گەورەی سەدەی پێنجەم، بێژراوە کە فەرموویەتی: خودای

گەورە لە ئەو داخوازی کرد کە شتێکی لێ بخوازێت و داوا بکا. فەرمووی: (خودای گەورە دەمهەوێ کە نەمهەوێ.) بنەڕەت و پێشەنگی گشتایەتیی ژیان، خواستن، ئیرادەکردن، مەیل و بە وتەی فرۆید "لیبیدۆ"یە. شوپنهاور بڕوای وایە بۆ بڕینەوەی زنجیرەی بێکۆتایی مەیلەکان پێویستە جۆرێ لە خۆپارێزی بگردرێتە بەر، ڕەنگە جۆرە کاتارسیسێک بە واتای ئەرەستووییەکەی و خۆخاوێن کردنەوە. ئیشی هونەر بەتایبەت مۆسیقاش هەر لەم بوارە دایە. نیچە کە لە ژێر کاریگەری ئەفلاتوون بوو بڕوای بەوە هەبوو کە "مەگەر هونەر بتوانێت مرۆڤ ڕزگار بکا".

سەرنجی خستووەتە سەری. وەرگێڕ بە درووستی دەنووسێ کە بیرۆکەکانی فەیلەسووف لەسەر ژنان لە ژێر کاریگەریی ڕوانینی ئەو(شوپنهاور) بە دایکی و لێک کەفتنی ئەم دوانە پێکهاتووە. هەر بەو جۆرەی کە ڕوانگەی نیچە لەسەرژنانیش لە ژێر کاریگەری پێوەندی ئەو لەگەڵ کارگوزارەکەیدا(منشی)بووە. بەڵام جیا لەم پرسە تێڕوانینی دەکەوێتە بەر ڕەخنەوە.لە سەرەتاوە ئەوەیکە ئەمڕۆ تێگەی (سروشت) و ڕەوشت و گەوهەرگەرایی ئاماژەکراوی شوپنهاور چی دیکە بڕواپێکراو نییە. هەر ئەم ڕوانینە و



بە بڕوای من ئەمڕۆ ئاراستەکان و ڕێگاکان زۆرن. هەر خزمەتێک و هەر کارێک کە بتوانێ چرۆ بە بڕشتی سروشتی (استعداد وجودی) مرۆڤ بکا و لە چوارچێوەی خزمەتی هەموو جیهان بێ دەتوانێ لە نێوانی دەرمانی شوپنهاور جێ بگری. نووسینیش دەتوانێ لەم چوارچێوە بگونجێ. هەر شتێک کە داهێنەری مرۆڤ بڕسکێنێ دەتوانێ بە جۆرێک دەوری دەرمانخواز و ڕێگری مەیلە بێکۆتاییەکانی مرۆڤ بێ. بە ڕای من ئەمڕۆکە جۆرەمەعنەویەتێکیش دەتوانێ لەو چوارچێوەیە بگونجێ.

7) ژن لە بەرهەمەکانی شوپنهاوردا بابەتێکی ئێجگار گرینگە کە لە کتێبی "فەلسەفە و ناسۆرییەکانی ژیان" ، بە وەرگێران و پێشەکی دوکتورعەبدوڵڵای ئەمینی،

تیشک نەخستن لەسەر تایبەتمەندییە ژنانەکانە وا شوپنهاور ئەو بە ژن بە جۆرێک هەڵقوڵاوی فەلسەفەی ڕەشبینی ئەویش هەیە. بە ناتەواو زانینی ژنان، ڕۆکەوتن(تکیە دادن)ی ژنان بە مەکر و ساختەچێتی و درۆزنی، ئیرەیی بردن و زۆرێک لە تایبەتمەندییە نەرێنییەکانی دیکە ژن بە ڕەگەزی دووهەم دەزانێت.

ئەو لەمەڕ ژنان بە بێ ڕەچاو کردنی پێکهاتە دووچاوەکییانەکان(تبعیض آمیز) و نەبوونی فرسەند(انصاف) و دادگەری لە پێوەندی لەگەڵ پێکهێنانی هەلە بەرانبەرەکان بۆ ژنان، بڕوای بە جیاوازی چۆنی(کمی) و چەندی(کیفی) لە نێوان ژن و پیاو هەیە.

شوپنهاور خۆشەویستی دایک بۆ منداڵ بە خۆماکی(غریزی) دەزانێ لە کاتێکدا خۆشەویستیی باوک بۆ منداڵان بە "مێتافیزیک" ناوزەد دەکا. ئەو بە بەرگری کردن لە چەن-هاوسەری پێی وایە کە یەک-هاوسەری بە زیانی خودی ژنانە. هەروەها پێی وایە کە فێرکردنی ژنان دەبێ لە فێرکردنی پیاوان جیاواز بێت. لەبەر ئەوەی کە پێگە و کارکۆی ژن و پیاو لە کۆمەڵگادا جیاوازە. بە بڕوای من تێڕوانینی شوپنهاور بە ژنان بەرڕەخنەترین بەشی فەلسەفەی ئەوە.

8) فەلسەفەی شوپنهاور لەسەرچاوەکانییەوە هەڵدەقوڵێ. لە فیساغوورس، ئێمپدۆکلیس و ئەرەستوو، لە کانت و حیکمەتی هەموو زەمەنەکان، لە بودیزم و هێندوویزم، لە دەورانی نوێ. ئەو خوەی بە دانەری فەلسەفەی ڕاستەقینەی مەسێحی دادەنێ. بێ شک کاریگەری حێکمەتی چاخی سەدە نێونجییەکان وەکوو مونتنی و بوئتیووس لەسەر شوپنهاور کەم نییە. شوپنهاور ڕۆحی حاکم بەسەر دەورانی نوێدا لەگەڵ فەلسەفەی خۆی بە هاودەنگ دەزانێ. بەڵام بایەخگەلێ وەکوو لەسەرخۆیی(تساهل) و لێبووردوویی(تسامح)، خۆشەویستی یەکدی و جیران، دڵ فراوانی(سعەی صدر)، دوورەپەرێزی(پرهیزگاری) و کەف نەفس لە مەسێحییەتدا و چیرۆکەکانی دەورانی کۆنیش هاتووە. بەڵام کایگەری شوپنهاور لەسەر حاکمانی پاش خۆیشی کەم نییە. نیچە، تۆلستۆی، مارسێل پرۆست و توماس مان، ویتگنشتاین، سارتر، یوونگ و زۆرێکی دیکە لە کەسایەتییەکانی دیکەی سەدەی بیستەم لە ژێر کاریگەری وێژە و بیرۆکەکان و تێفکرینەکانی شووپنهاور بوونە. لە دەروونشیکاری و دەروونناسی ئەگزیستانسیێلیشدا کەسانێک وەکوو یالۆم لە ژێر کاریگەری ئەو بوونە.

(تێگەیین) لە فەلسەفەی شوپنهاور بە بێ وەدەرخستنی پێوەندی نێوان فەلسەفە و زمان ناتوانرێت بەدەست بێت. ویتگنشتاین کە یەکێک لە فەیلەسووفەکانی سەدەی بیستەمە و لە پێشەنگەکانی فەلسەفەی شیکاری(تحلیلی)زمانییە، دەوری فەلسەفە، دەرمانخوازانە دەزانێ. لە ڕوانینی ئەوەوە زۆربەی پرسە فەلسەفییەکان بەرهەمی ناتەبایی زمانییەکان و شیاوی وەدانان بە پرسە زمانییەکانن. لێکدانەوەی زمان و تێگەکان و چەمکەکان لە سونگەی فەلسەفەی شیکارییەوە دەتوانێ بەشێک لە گرێ کوێرە فەلسەفییەکان چارەسەر بکا. جیا لەمە هەر چەشنە بیرکردنەوەیێک ناتوانێت وەدەر لە هێمای زمانی(الگوی زبانی) پێک بێت. لەبەر ئەوە هەر زمانێک دەبێ بۆ بەربڵاوی وشە و لێماکانی خۆی و بۆ بەرهەم هێنانی زمانێکی ئاوەڵا و دێمۆکراتیک تێ بکۆشێ. زمانی کوردی یەکێکە لەو زمانانەیە کە پێویستە زانستە مرۆییەکان و زانستەکانی دیکە لە ئەدەبیات و وشەکانیدا گەشە و نەشە بکەن و بڕسکێن. پێوەندی نێوان زمانی کوردی و فەلسەفە دەتوانێ ئێجگار دەوڵەمەند و ئاوەڵا بێ بە جۆرێک کە ببێتە هۆی پەروەردەی زمان. هێگل لە جێگایێکدا گوتوویە کە ئەو بە زمانی ئاڵمانی فەلسەفاندنی فێرکردووە. ئەم وتەیە ئێجگار جێگەی تێڕامانە. ئەدەبیاتی فەلسەفی بە زمانی کوردی لە درێژخایێندا دەبێتە هۆی گەشەی زمانیی کۆمەڵگاییێک بە شێوازێکی دێمۆکراتیک.

10) وەرگێرانی بەرهەمی شوپنهاور بە نووسینی دوکتورعەبدوڵڵای ئەمینی کە بۆ خۆی خوێندکاری فەلسەفە بووە ڕووداوێکی ئێجگار گرینگە. ئەگەرچی لە ساڵانی ڕابردوودا کاری دانان و وەرگێرانی بەرهەمە فەلسەفییەکان بە کوردی یەکجار باو بووە بەڵام جێبەجێ کردنی ئەم کارە لە لایەن پسپۆڕی بواری فەلسەفە بەم زانستە زمانییە زاڵەوە لە زمانەکانی کوردی و فارسی و ئنگلیسی، گەلێک پڕبایەخە. وەرگێر بە کەڵک وەرگرتن لە ئەدەبیاتێکی ڕوون و ڕووتەنک و بە تێگەیشتنێکی درووست کە لە فەلسەفەی شوپنهاور و ئەدەبیاتی فەلسەفیدا هەیەتی؛ بە باشی توانیویەتی پڕبەپێست وەری بگێڕێ. هەڵبژاردنی هاوواتای درووست و دەقاودەق بۆ تێگە فەلسەفییەکان کارێک ئێجگار گرانە کە وەرگێر بە باشی جێبەجێی کردووە. هەست و چێژێک کە خوێنەر لە خوێندنی ئەم بەرهەمە دەیبا زۆر نزیکە لەو هەستەی کە خوێنەری بەرهەمەکانی شوپنهاور بە زمانی فارسی یا تەنانەت بە زمانی سەرەکی بەرهەم دەیبا. لەسەرەتادا لە بەر ئەوەی کە فەلسەفەی شوپنهاور زمانێکی دژوار و ڕەق و پێچراوی نییە کە نەکرێ لێی تێبگەی و یا تێگەیینی ئەستەم بێت. دووهەم، وەرگێر بە کەڵک گرتن لە سەرچاوە بەردەستەکان بە باشی باسەکەی ڕوون کردووەتەوە. بەو هیوایە کە هەمووکات لەم بوارەدا سەرکەوتوو بێ.





# وتــــووێــــژ



دوکتور عەبدوڵا ئەمینی

ئاماژە

ئێمە وەک دەستەی بەڕێوبەری گۆڤاری فەرهەنگی ئەدەبیی ژوان، کۆمەڵێک خوێندکاری زانستگای زانستە پزیشکییەکانی سنەین کە بواری خوێندنی ئاکادمیکمان، پێوەندییەکی ئەوتۆی لەگەڵ فەلسەفەدا نییە. بەڵام بە ڕەچاوکردنی پێویستیی ناساندنی کەسایەتییە بلیمەتەکانی کۆمەڵگا و کەڵک وەرگرتن لە زانیارییەکانیان (کە تەمەنێک هەوڵ و تێکۆشان و خوێندنەوەی لە پشتەوەیە) و هەروەها بۆ تیشکخستنەسەر وەرگێران لە زمانەکانی دیکەوە بۆ سەر زمانی کوردی بەتایبەت لە بوارێکی کەمتر سەرنج¬ پێدراو وەکوو فەلسەفە و هەروەها لە لایەن کەسێکی پسپۆڕ، هاندەری ئێمە بوو کە وتووێژێک ڕێکبخەین لەگەڵ بەڕێز دوکتور عەبدوڵڵا ئەمینی.

ناوبراو لە دایک بووی **1363/9/6** لە گوندی ئەڵمانە، سەر بە شاری سەوڵاوایە.

کارناسیی فەلسەفەیان لە زانکۆی تەوریز و کارناسیی باڵا و دوکتورای فەلسەفەیان لە زانکۆی ئیسفەهان تەواو کردووە. بەڕێزیان تا ئێستا لە زانکۆکانی ئیسفەهان، کوردستان، زانکۆکانی پەیامنووری سنە، مەریوان، سەوڵاوا و ... وەکوو مامۆستای زانکۆ وانەیان وتووەتەوە.

ئەندام بوون لە دەستەی بەڕێوبەر و هەروەها هاوکاری لەگەڵ چەندین گۆڤار، ئەندامییەتی ئەنجومەنی زانستیی گرووپی فەلسەفەی زانستگای تەوریز، بەڕێوەبردنی خولی فێرکاریی فەلسەفە لە ئەنجومەنەکانی مەریوان، لەوانە: ناوەندی ڤەژین، ڕۆنان و هتد، ناسێندراو و وەکوو لێکۆڵەری کارامە و شارەزا، ژمارەیێکی زۆر وتار و نووسراوەی زانستی، پێشکەشکردنی وتار لە گردگەلی ناوخۆ و دەرەوە بەشێکی بچووک لە چالاکییە توێژینەوەیی و زانستییەکانی دوکتور ئەمینییە، لە خوارەوە بە ڕیزی نووسراوە و وەرگێڕانەکانی ناوبراو ئاماژە دەکەین.

بەرهەمەکان :

**1.نووسراوە:**
-عبدالله، امینی، نسبت میان حقیقت و زیبایی(با نگاهی به هرمنوتیک فلسفی گادامر)، تهران، انتشارات نقد فرهنگ، 1395.

**2.وەرگێران :**
- زیما، پیتر، فلسفه نظریەی ادبی مدرن، ترجمەی رحمان ویسی و عبدالله امینی، تهران، انتشارات رخدادنو، 1394.
- گادامر، هانس گئورگ، هنر، بازی، نماد و فستیوال، آبادان، نشر پرسش، 1394.
- گراسی، ارنستو، هیدگر و پرسش از بشرانگاری رنسانس (چهار جستار)، آبادان، نشر پرسش، 1395.
- گادامر، هانس گئورگ، هرمنوتیک، زبان و هنر (شش جستار هرمنوتیکی)، آبادان، نشر پرسش، 1395.
- گوون، فریت، جنون و مرگ در فلسفه، تهران، انتشارات دنیای اقتصاد، 1398.
-بیگلی، لئوناردو، زوایای دید: چگونه مسائل اجتماعی را فهم کنیم، تهران، پژوهشگاه فرهنگ، هنر و ارتباطات، در حال چاپ.
-گادامر، هانس گئورگ، گسترەی هرمنوتیک (هفت جستار هرمنوتیکی)، تهران، انتشارات روزگار نو، در حال چاپ.
- شووپنهاوێر، ئارتۆر، فەلسەفە و ناسۆرییەکانی ژیان (کۆمەڵەوتار)، سنە، وەشانخانەی مادیار، 1397.
-هەراری، یووڤال نووح، مرۆڤی بەئاوەز: کورتەمێژوویەکی مرۆڤ، سنە، وەشانخانەی مادیار، خەریکە بڵاو دەبێتەوە.




سڵاو و ڕێز لە خزمەتتان. سپاس بۆ پەسەندکردنی ئەم وتووێژە. بە پرسیارێکی گشتییەوە دەست¬پێدەکەین:

**1.سەرەتا بفەرموون فەلسەفە چییە و ئایا مێژوویەکی ڕوونی هەیە؟**

سڵاو و ڕێز، منیش سپاستان ئەکەم بۆ ڕێکخستنی ئەم هەڤپەیڤینە

پرسیارەکەتان دوو بەشی هەیە، هەر بۆیە منیش هەوڵ دەدەم بەکورتی لە دوو بەشدا وڵامی بەمەوە. پرسیار لە سەر چییەتی فەلسەفە بۆخۆی پرسیارێکی فەلسەفییە (چوونکە لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە لە سەر چییەتی و سرشتی شتەکان وەک ئەرکی سەرەکی فەلسەفە پێناسە کراوە)، هەر بۆیە ئەستەمە یەکجار بۆ هەمیشە بە پێناسەیێکی دیاریکراو وڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە. بەڵام بە بڕوای من، باشترین دەلاقە بۆ نزیکبوونەوە لە چییەتی و سرشتی فەلسەفە، ئاوڕدانەوە لە چەمکی خودی فەلسەفەیە. وشەی "فەلسەفە" بۆخۆی وشەیێکی یۆنانییە کە واتای "زانستدۆستی"، "ئەویندۆستی" یان "خۆشگەرەکبوونی زانست، مەعریفە یان حەقیقەت" دەبەخشێت. لەم ڕووەوە، وشەی "فەیلەسووف"یش واتە کەسێک کە خولیای زانست و ناسینی حەقیقەتی هەیە (هەر بۆیە بەردەوام پرسیار لە شتەکان دەکات بۆ ئەوەی لایەنی شاراوەی شتەکان دەربخات) و ئەو بەدواداچوونەیشی تەنها بەهۆی دەرکەوتنی حەقیقەتە نە بۆ گەیشتن بە مەبەستێکی دیاریکراو یان بەپێی بەرژەوەندی¬یێکی تایبەت. دیارە لە مێژووی فەلسەفەدا مشتومڕ لە سەر ئەوەی کە فەلسەفە چییە و لە سەر چ بابەتێک لێکۆڵینەوە دەکات و مەبەستی دواهەمینی چییە، یەکێک لە پرسە سەرەکییەکانی فەیلەسووفان بووە. هەڵە نییە گەر بڵێین لە مێژووی فەلسەفەدا بە پێی ژمارەی فەیلەسووفانی ناودار پێناسەی جیاوازمان هەیە بۆ چییەتی فەلسەفە؛ کەواتە نابێت چاوەڕوانیی ئەوە بین کە پێناسەیێکی تاک کە هەموو فەیلەسووفەکان لە سەری کۆک بن، بۆ فەلسەفە ئاراستە بکەین. بەنموونە، لای ئەفلاتوون (دیالۆگی فایدۆن‌دا بۆ نموونە) فەلسەفە و تێرامانی فەلسەفیانە ڕاهێنانە بۆ مردن، کەچی لای ئەرەستوو فەلسەفە زانستێکە بۆ دەرخستنی هۆکارە سەرەکییەکانی جیهان و بوونەوەرەکان، بەڵام کانت سنوورەکانی فەلسەفە بۆ ماریفەتناسی کورت دەکاتەوە و هێگل فەلسەفە بە "کوندەبەبووی مینروا" دەشوبهێنێت کە هەمیشە دوای داڕمانی فەرهەنگ بە سەر وێرانەکان‌دا لە شەقەی باڵ دەدات. هەندێک لە لێکۆڵەرانی بواری فەلسەفە

بەهۆی جیاوازیی روانین و پێناسەی فەیلەسووفەکان لە سەر چییەتی فەلسەفە، لایان وایە بۆ تێگەیشتن لەو پرسیارە کە "فەلسەفە چییە؟" باشتر ئەوەیە کە نووسراوەکانی خودی فەیلەسووفەکان بخوێنیتەوە و لەگەڵ چۆنیەتی فەلسەفی بیرکردنەوەدا، ڕاستەوخۆ خۆمان دەرگیر بکەین.

سەبارەت بە بەشی دووهەمی پرسیارەکەتان ئەبێت بڵێین کە هیچ زانست و تیفکرینێک بێ بەستێن نییە و لە بۆشاییدا چەکەرە ناکات، بەڵکوو هەر زانستێک لە نێو جەرگەی بەستێن و جۆگرافیا و کاتێکی تایبەتدا سەرهەڵدەدات، کەواتە فەلسەفەیش وەک بوارێکی مەعریفی بەدەر لەو یاسایە نییە. ئەو بوارەی کە ئێمە ناوی فەلسەفەی لێدەنین (لۆگۆس لە هەنبەر میتۆس‌دا) و وەک زانستێکی دیاریکراو (کە بۆ خۆی بابەت، پرس، مێتۆد و مەبەستی تایبەتی هەیە) پێناسەی دەکەین، لە سەدەی شەشەمی پێش زایین لە ڕۆژهەڵاتی یۆنان و ڕۆژئاوای باکووری کوردستانی ئێستا (واتە لە ناوچەی ئەیوونیا)دا سەری‌هەڵدا و دواتر لە شارەکانی یۆنان و ڕۆمدا گەشەی کرد و تا ئێستا چەند قۆناغی سەرەکی تێپەڕاندووە. سەرەتای سەرهەڵدانی بیری فەلسەفی ئەو کاتە بوو کە بیرمەندانی ئەو سەردەمە ئەدی بۆ لێکدانەوە و شرۆڤەی دیاردەکانی سروشتی دەوروبەری خۆیان پەلیان بۆ هێزە ئاسمانییەکان نەهاویشت (ئەمە تایبەت بوو بە بیری ئوستوورەیی)، بەڵکوو هەوڵیان دا کە بە پێی هێزی ئاوەزی مرۆیی و لە سەر بنەمای "پرەنسیپی هۆکاریەتی (causality)" ڕووداونی دیاردەکان و گۆڕانکارییەکانی ژینگەی خۆیان لێکدەنەوە. بەکورتی، ئەو کاتەی کە مرۆڤ بۆ شرۆڤە و لێکدانەوەی ڕووداوەکان و پێوەندییەکانیان ئاوەز (لۆگۆس)ی خۆی خستە گەڕ ئەدی بیری فەلسەفی دەستی‌پێکرد و دواتر لایەنەکانی ئەو چەشنە بیرکردنەوە چڕتر و قووڵتر بوویەوە.

## 2.بەڕێزتان چۆن لەگەڵ فەلسەفە و پرسە فەلسەفییەکان ئاشنا بوون؟ ئایا لە منداڵییەوە هاندەرێکتان بووە؟

بەهۆی ئەوەی کە لە گوند ژیاوم کەسێکی وەها نەبوو کە بەشێوازێکی پسپۆڕانە شارەزای بواری فەلسەفە بێت و هانم بدات بەرەو ئاقاری فەلسەفە، دیارە ئەو کاتە هەر نەمدەزانی فەلسەفە چییە.

سەرەتای ئاشنابوونی من لەگەڵ فەلسەفە و پرسە فەلسەفییەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە قۆناغی دواناوەندیم دەستپێکرد (ئەو کتێبە سەقەتانەی کە لە بواری فەلسەفە و لۆژیکدا لە ساڵی دووهەم بەدوا دەمانخوێند).

بەڵام کە پاشان چوومە زانکۆ و فەلسەفەم هەڵبژارد ئەدی هێدی‌هێدی لەگەڵ فەلسەفە و چۆنیەتی بیرکردنەوەی فەلسەفیانە زۆرتر ئاشنا بووم (ئەوەیش بڵێم کە هێشتا ئەو دەمیش چاک نەمدەزانی فەلسەفە چییە، چوونکە تەنها ئەو کتێبانەی سیستەمی پەروەردەم خوێندبوو کە زۆرتر لە زانستی کەلام دەچوو تا فەلسەفە و هەڵبژاردنی فەلسەفەیش جۆرێک هەڵبژاردنێکی خۆبەختی بوو، هەرچەند لە ڕووی ئاگاییەوە نەبوو بەڵام ئێستا کە ئاوڕ لە ژیانم دەدەمەوە وەک گەورەترین و گرینگ‌ترین هەڵبژاردنی ژیانم چاوی لێدەکەم).

لە زانکۆ هەر وەک زۆرێک لە خوێندکاران کە یەک یان دوو لە مامۆستاکانیان دەکەن بە سەرمەشقی خۆیان، منیش یەکێک لە مامۆستاکانی فەلسەفەم کردبوو بە سەرمەشقی خۆم، چوونکە هەم بەڕاستی لە بواری فەلسەفەدا لێهاتوو بوو، هەمیش لە ڕووی هەڵسوکەوتەوە مامۆستایێکی ئاکارچاک و ڕێکوپێک بوو. لە ئاخروئۆخری قۆناغی بەکالریۆسدا گەیشتم بەو قەناعەتە کە ئەو ڕێگایەی گرتوومەتەبەر ئەبێت تا دواهەمین قۆناغی بڕۆم، چوونکە هەستم ئەکرد پرسی زۆرم لا درووست بووە کەچی هێشتا ئاستی زانست و مەعریفەم زۆر لاوازە کە بتوانم ئەو پرسانە تاوتوێ بکەم و وڵامیان بدەمەوە. هەر بۆیە سەرەڕای لۆمەی زۆرێک لە هاوڕێیانم لە بوارەکانی‌تردا، درێژەم بە خوێندنی فەلسەفە دا و تا ئێستەیش شیرینی خوێندنی فەلسەفە ئەو چەشنە لۆمە و قسەلۆکانەی کەسانی ئاسایی لام بێ‌بایەخ کردووە. بەگشتی، یان نابێت فەلسەفە بخوێنێت و خۆت لە بیری فەلسەفیانە بدەیت، یان ئەدی کە خۆت لەگەڵ بیری فەلسەفیانە تێکەڵ کرد ئەدی ڕێگای دەرباز بوونت نییە، چوونکە کێ هەیە لە بیرکردنەوەی قووڵ دەرهەق بە بوونی خۆی، جیهان و شتانی دەوروبەری خۆی بپارێزێت و هاوکات خۆی بە "مرۆڤی بەئاوەز" دابنێت؟ ئەمەیە سێحری تێفکرینی فەلسەفیانە، چوونکە هەرچی زۆرتر لێی ورد دەبیتەوە و پرسیار لە سرشتی شتەکان دەکەیت، زۆرتر گیرۆدەی دەبێت و ئاستی پرسیارەکانت قووڵتر دەبێت و ئاسۆی ڕوانینت بەربڵاوتر. فەلسەفە فێرمان دەکات لە شتەکان و چۆنیەتی بوونیان ورد ببینەوە و هاوکات ئاگادارمان دەکاتەوە کە لەوانەیە "عەقڵی سەلیم (common sense)" بەهەڵە لێیان تێگەیشتبێت. هانمان دەدات کە پرسیار لە شتەکان و ڕووداوەکان بکەین بۆ ئەوەی بتوانین لایەنی شاراوەیان وەدەرخەین و لە دەلاقەیەکەوە بۆ شتەکان بڕوانین کە کەس تا ئێستا بۆی نەڕوانیوون و لایبنیتس (فەیلەسووفی ئاڵمانی) گوتەنی بپرسین "بۆچ بوونەوەرەکان هەن، بەجێگەی ئەوەی نەبن؟"


k
i
h

### 3.پێوەندیی و نسبەتی خۆتان لەگەڵ فەلسەفە چۆن دەبینن و تا چ ڕادەیێک لەسەر ژیانی تاکەکەسیتان کاریگەریی هەبووە؟

وەک بەجۆرێک لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد، فەلسەفە تەنها بوارێکی ئاکادمیکی پەتی نییە، بەڵکوو بناغەی بوونی مرۆڤە کە پێوەندیی ئەو لەگەڵ جیهان و چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ ژیان دیاری دەکات. مادام کە بنەڕەتی بوونی مرۆڤ، بە ئاوەز و پرسینی پرسیارەوە دیاری دەکرێت، فەلسەفە بەشێکی سەرەکی لە بوونی مرۆڤە، چوونکە لە دەلاقەی فەلسەفەوە دەتوانیت پرسیاری قووڵ و بنەڕەتی لەسەر کەسایەتی و بوونی خۆت، لە سەر جیهان و مرۆڤەکانی دەوروبەرت بپرسیت. جا ئەگەر کەسێک جیا لە تێروانینی گشتی فەلسەفیانە بۆ بوونی شتەکان، بە جدیش ساڵانێکی تەمەنی بۆ خوێندنەوەی دەقە فەلسەفییەکان تەرخان کردبێت و لەگەڵ بیرۆکەی فەیلەسووفەکاندا ژیابێت، ئەدی ئاساییە کە چاوەڕوانیی ئەوەمان لێی¬بێت کە فەلسەفە و قوتابخانە فەلسەفییەکان لە سەر زەین و تێروانینی کاریگەریی دانابێت. تۆ کاتێک بەسەرهاتی فەیلەسووفەکان دەخوێنیتەوە و لە تێروانینە فەلسەفییەکانیان لە سەر پرسەکانی زەمەنی خۆیان ورد دەبیتەوە، ناتوانیت خۆت لە ژێر کاریگەریی بیر و ئەندێشەیان ببوێریت و هەر ئەو سەرمەشقانە ئەبن بە هاندەرێک بۆ تێرامان لە سەر ئەو پرسانەی کە ڕۆژانە لەگەڵیان هەڵسوکەوت دەکەیت. چوونکە ئاقاری لێکۆڵینەوەی فەلسەفی زۆر بەربڵاوە (لە ئەخلاق و سیاسەتەوە بگرە تا جوانیناسی و ماریفەت و زمان و مێتافیزیک و هتد لەخۆ دەگرێت)، ئەدی ژیانی ڕۆژانەی هەر یەک لە ئێمە لێوانلێوە لە پرس و دۆسیەی فەلسەفی کە پێویستیان بە ورووژاندن و تاوتوێ کردنە.

هەر لە سەرەتاوە بەگشتی فەلسەفەیان دابەش کردووە بە سەر دوو بەشی گشتیدا، یەکەم بواری ئاوەز یان عەقڵی تیۆریک و دووهەم عەقڵی کردەوەیی. لە فەلسەفەدا چەندە لایەنی تیۆریک گرنگە، دوو هێندە لایەنی کردەوەیی گرنگترە، چوونکە فەلسەفە تەنها خوێندنی کۆمەڵێک کتێب و فێربوونی پرەنسیپەکانی چەند قوتابخانەیێک نییە، بەڵکوو فەلسەفە فێربوونی چۆنیەتی ژیانکردنە. کەواتە، خوێندنی فەلسەفە سەرەتا لە سەر خۆت کاریگەری دادەنێت و منیش لەم یاسایە بەدەر نیم و بگرە ئەگەر لە بوارێکیتردا بمخوێندایێت لەوانەیە ئێستا کەسێکیتر بووم بە بیرۆکەگەلێکی ئێجگار جیاوازەوە.

### 4.باروودۆخی ئاکادمیکی فەلسەفە و خوێنەرانی فەلسەفە لە زانکۆکان چۆن دەبینن و تا چ ڕادەیێک تێگەیشتنی فەلسەفی بەستراو بە خوێندنی ئاکادمیک دەزانن؟

بەداخەوە فەلسەفە وەک سەرەکیترین بەشی زانستە مرۆییەکان، لە ئێراندا بەهۆی هەندێک بەربەستەوە بەردەوام پەراوێز دەخرێت و لە ڕووی ناوەڕۆکەوە لاواز دەکرێت. لە نێو خەڵکی ئاسایی وا باوە کە هەر کەس فەلسەفە بخوێنێت لەئاکامدا شێت دەبێت و تەنانەت پاساوی ئایینیشی بۆ دێننەوە کە نابێت زۆر لە سەر هەندێ شت بیر بکەینەوە. لە زانکۆکانیشدا بە بیانووی ئەوەی کە فەلسەفە دەرهاویشتەی "سووژەی" داگیرکەری ڕۆژئاواییە و ئەمەیش وەک چەشنێک "هێرشی کەلتووریی" دەزانن، فەلسەفەی ڕاستەقینە تەنها بەو فەلسەفە و کەلامەی دەڵێن کە لە عالەمی ئیسلامدا گەشەی کردووە و "ئاوەزی یۆنانی" دژ بە "وەحیی سامی" دادەنێن. ئەم چەشنە هەڵوێستانە بوون بە بەربەستێک بۆ ئەوەی فەلسەفە و بیری فەلسەفیانە لەم جوگرافیایەدا لاواز بێت و نەبێتە هۆکاری درووستکردنی هیچ بزووتنەوەیێکی کەلتووری و فکری و سیاسی. چوونکە خوێندکاری زانستە مرۆییەکان، بەتایبەت فەلسەفە، پەل بۆ هۆکاری سەرەکی و ڕەچەڵەکی بنەڕەتیی ڕووداوەکان دەهاوێت ئەدی بە لاوازکردنی فەلسەفە لە کۆمەڵگا و ناحەزکردنی ڕوخساری، بەر بە گەشەی ڕاستەقینەی بیری فەلسەفیانە دەگرن.

سەبارەت بە بەشی دووهەمی پرسیارەکەتان، دوو جۆرە ڕوانگە هەیە. یەکەم هەندێک لایان وایە کە تەنها ڕێگای ئاشنابوونی جیدی لەگەڵ زانستە مرۆییەکان، لەوانە فەلسەفە، خوێندنی ئەو زانستانەیە بە شێوازێکی ئاکادمیک و ڕێکوپێک. پاساوی ئەم دەستە ئەوەیە کە ئەگەر کەسێک ئەم چەشنە زانستانە دەر لە سنووری زانکۆ بخوێنێت، مێتۆدیک نازانێت داتاکان لە چوارچێوەیێکی بەریندا پێکەوە گرێ بدات و لێکیان داتەوە، بەڵکوو پەرتەوازە بیر دەکاتەوە و شتەکان شرۆڤە دەکات. دووهەم، هەندێکیتر لایان وایە چوونکە زانستە مرۆییەکان، لەوانە فەلسەفە، لە سەر پرسە مرۆییەکان و پێوەندیدار بە مرۆڤەوە لێکۆڵینەوە دەکەن، کەواتە هەر مرۆڤێک بەهۆی مرۆڤبوونیەوە ئەتوانێت بۆخۆی لەو بوارانەدا بە بێ ڕێنوێنی ئاکادمیک بخوێنێت و مەعریفەکەی لە سەر کۆمەڵگا دابەزێنێت. بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە لانیکەم بۆ خوێندنی فەلسەفە و تێگەیشتن لە دەقە دژوارە فەلسەفییەکان ڕێنوێنی ئاکادمیک و مامۆستایانی زانکۆ پێویستە، بۆ ئەوەی کەمتر تووشی هەڵە بین لە سەر تێگەیشتن و فێربوونی پرەنسیپە سەرەکییەکان.

### 5.پێگەی فەلسەفە و بیری فەلسەفی لە مێژووی کوردستاندا چۆنە؟ لە مێژووی بیرمەندانی کورد و لە ئاسەواری نووسەراندا، ئایا دەق و بیری فەلسەفیمان هەیە و بەگشتی فەیلەسووفی کوردمان هەیە؟

دیارە کاتێک باس لە فەلسەفە و بیری فەلسەفی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکەین، هەندێک وردەکاری هەیە دەبێت ڕەچاوی کەین. یەکەم ئەوەی کە پاش پەرەسەندنی ئیسلام وەک ئایینێکی ئاسمانی لە ناوچەگەلێکی بەرین کە لە ڕووی جوگرافیای فەرهەنگییەوە پێی دەڵێن "عالەمی ئیسلام"، هێژمۆنی ئایدۆلۆژیکی ئایینی ئیسلام لە هەموو بوارێکەوە دابونەریتی کەلتوورەکانی‌تری خستە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. بۆ نموونە، زمانی یەکگرتوو و زانستی سەردەم بوو بە زمانی عەرەبی و زۆرینەی زۆری بیرمەندان و نووسەران بۆ ئەوەی نووسراوەکانیان بایەخی پێبدرێت و بە شێوەیێکی بەربڵاو بخوێندرێتەوە ناچار بوون کتێبەکانیان بە زمانی عەرەبی بنووسن، هەرچەند زمانی زگماکی خۆیان عەرەبی نەبوویێت. هەروەها، چەمکگەلێکی وەک "نەتەوە"،"دەوڵەت/وڵات" و "نەتەوەخوازی/ناسیۆنالیسم" لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بەرهەمی سەد ساڵی ڕابردووە کە ڕەچەڵەکیی بۆ دامەرزاندنی "دەوڵەت-نەتەوە"کان لە سەرەتای سەردەمی مودێرن دەگەڕێتەوە. کەواتە دەبێت لەو بەستێنە مێژووییەدا لەمەڕ نووسەران و بیرمەندانی جۆگرافیای فەرهەنگی عالەمی ئیسلام دادوەری بکەین و ڕەوڵیان هەڵسەنگێنین. بیرمەند یان فەیلەسووفێکی ئیسلامی لە ژێر مۆرکی نەتەوە و زمانی زگماکی تایبەتیی خۆیەوە دەمارگرژانە بیری نەدەکردەوە و نەیدەنووسی. ئەوەی کە ئێمە ئێستا لە دەلاقەی ئەم چەشنە چەمک و ڕوانگەگەلەوە ئاوڕ لە ڕەوڵ و پێگەی بیرمەندانی ئیسلامی دەدەینەوە و لە دەلاقەی نەتەوەخوازیی و بە پێوەری زمانی زگماکی و شتانی لەم چەشنە هەڵ و چالاکی ئەو بیرمەندانە هەڵدەسەنگێنین، ڕەوتێکی نوێیە و ئەو بیرمەندانە قەد هەوڵ و چالاکی خۆیان بەو پێوەرانە پێوانە نەدەکرد، بەڵکوو لە ژێر چەتری ئایدۆلۆژی ئیسلامی بیریان دەکردەوە و هەوڵیان بۆ خزمەت کردن بەو ئایین و ئایدۆلۆژیە دەدا، بێ ئەوەی بیر بەوە کەنەوە کە ئایا کوردن یان فارسن یان عەرەبن یان کوردستانین یان ئێرانین یان عەرەبستانی و هتد. بۆ نموونە، فارابی خۆی وەک فەیلەسووفێکی تورک پێناسە نەدەکرد، هەروەها کە ئیبنەسینا خۆی وەک فەیلەسووفێکی فارس یان سۆهرەوەردی خۆی وەک فەیلەسووفێکی کورد یان ئیبنەڕۆشدخۆیوەک فەیلەسووفێکی عەرەب پێناسە نەدەکرد.

ئەڵبەت زۆرینەی ئاسەوارەکانی شێخی ئیشراق بە زمانی عەرەبین و هەندێکیشیان بە فارسی. شەمسەدین موحەمەد شارەزووریش یەکێ‌تر لە فەیلەسووفانی کوردە کە لە سەدەی حەفتەمی کۆچی لە شارەزوور لە دایک بووە و هاوچەرخ و شاگردی سۆهرەوەردی بووە. شارەزووری خاوەنی چەندین کتێبە بە زمانی عەرەبی کە یەک لەوانە شرۆڤەی کتێبە بەناوبانگەکەی سۆهرەوەردی، "حکمەالاشراق"ە کە تاوەکوو ئێستا بەناوبانگ‌ترین شرۆڤەیە. لە بیرمەندانی هاوچەرخیشدا، محەمەد کەمال، مامۆستای بەشی فەلسەفەی زانکۆی مێلبۆرن، یەکێک لەو بیرمەندانەیە کە بە شێوازێکی ئاکادمیک خەریکە هێگل گوتەنی، فەلسەفە فێری زمانی کوردی دەکات (هەم بە نووسراوە و هەمیش بە وەرگێرانی ئاسەوارە شاکارەکانی فەلسەفەی ڕۆژئاوا).

### 6.پێگەی فەلسەفە لە ئێستای کوردستاندا چۆن دەبینن؟

بەگشتی چوونکە چوارپارچەی کوردستان لە سەد ساڵی ڕابردوودا تاوەکوو ئێستا مەکۆی دەیان کارەسات و دەسدرێژی و مەیدانی شەڕ و تاڵان و داگیرکاری بووە، زۆرینەی خوێندکارانی کورد(بەتایبەت خوێندکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان) بەرەولای زانستگەلێک وەک زانستە سیاسییەکان، کۆمەڵناسی، دەروونناسی و زانستی مافەکان کشاون و کەمتر ئاوڕیان لە فەلسەفە داوەتەوە. بەڵام خوێندنی فەلسەفە لە پەنای ئەو زانستانەی سەرەوە پێویستە، چوونکە فەلسەفە بۆ هەر یەک لەو زانستانە وەک دایک وایە و هەموویان لە داوێنی فەلسەفەوە پەرەوازە بوون.

هەرچەند لە باشووری کوردستان لە زانکۆی سەلاحەدین و چەند زانکۆیێکی تر، بەشی فەلسەفە هەیە و بە زمانی کوردی وانەی فەلسەفە چەندین ساڵە دەوترێتەوە، بەڵام تا ئێستە دەرەنجامێکی ئەوتۆی لە ڕووی پێگەیاندنی چینێکی فەلسەفەزان و بیرتیژ لێنەکەوتووەتەوە.

### 7.زمانی فەلسەفە، زمانێکی تایبەتە و وەرگێرانی فەلسەفە هەر وەک نووسینی، پێویستی بە سەرنجێکی تایبەتە. وەرگێرانی بەرهەمە فەلسەفییەکان بۆ سەر زمانی کوردی چ کێشەگەلێکی هەیە؟

ئێمە تا ئێستە زمانی کوردیمان بۆ بواری وێژە و ئەدەبیات (بەتایبەت شێعر) زۆر دەکار هێناوە و دەقی باشیشمان لەم بوارەدا خولقاندووە، بەڵام زۆر کەم زمانی کوردیمان فێری فەلسەفە و بیری فەلسەفیانە کردووە.

وەک دەڵێن فەلسەفە بەهۆی ئەوەی کە بابەتەکانی زۆرتر دەرهەستن، بە بەراورد لەگەڵ زۆرینەی بوارەکانی‌تر لە ڕووی تێگەیشتن و دەربڕینەوە زۆر دژوارە. هەر بۆیە وەرگێڕانی دەقە فەلسەفییە شاکارەکان بۆ سەر زمانی کوردی ئێجگار ئەستەمە، وەرگێڕی کوردی هەوڵێکی دوولایەنەی پێویستە کە هەم تەقەلا بدات کە لە دەقێکی ئەستەمی فەلسەفی تێبگات و هەمیش ئەو تێگەیشتنەی (یان باشترە بڵێین ئەو ڕاڤەیەی) لە نێو پانتایی زمانی کوردیدا بیکوردێنێت. ئەدی کاتی ئەوە هاتووە کە لە پێکهاتەی زمانی کوردی کەڵک وەربگرین بۆ نووسینی فەلسەفیانە و پاشان وەرگێڕانی ئاسەوارە بەناوبانگەکانی فەیلەسووفانی مەزن. بریا هێندە شاعیرمان هەیە نیو هێندە فەیلەسووف و فەلسەفەزانمان هەبوایێت. ئەدی پێویستە کورد لە ڕۆحی ڕۆمانتیکی و هەستیارانە دەرباز ببێت و خۆی بە ڕۆحی ئاوەزمەندانەوە سەرقاڵ بکات.

سەرەکیترین کێشە لە وەرگێڕانی دەقە فەلسەفییەکان بۆ سەر زمانی کوردی ئەوەیە کە وەک وتمان، زمانی کوردی کەمتر فێری بیرکردنەوەی فەلسەفی کراوە و دیارە لە ڕووی چەمک و دەستەواژەگەلی پسپۆڕانەوە وەرگێڕی کوردی




زۆرجار تووشی کێشە و گرفت دەبێت. ئەڵبەت گرفتی وەرگێڕان و سازکردنی بەرانبەر بۆ دەستەواژە فەلسەفییەکان تەنها بۆ زمانی کوردی لەمپەر نییە، بەڵکوو بۆ زمانەکانی دیکەیش وەک فارسی، عەرەبی، چینی و هتد کێشەسازە، چوونکە زۆرینەی وشە فەلسەفییەکان بە پێی پێکهاتەی زمانە ئورووپاییەکانی وەک ئاڵمانی، لاتینی، فەرانسەوی، ئینگلیزی و هتد داڕێژراون و وەرگێڕانیان بۆ سەر ئەو زمانانەی کە لە ڕووی پێکهاتەی زمانەوانییەوە تا ڕادەیێک جیاوازن گەلێک ئەستەمە. بۆ نموونە، وەرگێڕانی چەمکگەلێکی وەک سووژە، ئۆبژە، سووبژکتیویسم، ئایدیا، ئایدیالیسم، ڕیاڵ، ڕیالیسم و هتد کە لە هەر بەستێنێکدا واتاگەلێکی جۆراوجۆریان هەیە بۆ سەر زمانی کوردی ئێجگار ئەستەمە.

### 8.ئاستی فەلسەفی‌بوونی زمانی کوردی لە چ ڕادەیێکدا دەبینن؟

دیارە هەر زمانێک پێکهاتە و ماکێکی تایبەتی هەیە کە چوارچێوەی تێفکرین و چەمکسازی و ڕستەسازی بەو زمانە دیاری دەکات. کەواتە، هەر زمانێک لە سرشتی خۆیدا ئەو توانایی و پوتانسییەلەی هەیە کە هەر چەشنە بیر و ئەندێشەیێکی پێبکەیت، تەنانەت تێفکرینی فەلسەفیش؛ زمانی کوردیش لەو یاسایە بەدەر نییە.

بەڵام هەندێک لە زمانەکان لە درێژایی مێژوودا زۆرتر بۆ تێفکرینی فەلسەفی دەکار هێنراون، وەک زمانی یۆنانی کۆن لە سەردەمی ئەفلاتوون و ئەرەستوودا یان زمانی ئاڵمانی لە سەدەی هەژدەهەمی زایینی بەدوا، و پوتانسییەلەکانیان بەرجەستە کراونەتەوە و کێشیان بۆ هێناون. زمانی کوردی لەم بوارەوە هێشتا لە سەرەتای ڕێگادایە و چەن دەیەیێکە کە زمانی فەلسەفەی پێدەنووسرێت، بەڵام دەریخستووە کە توانایی ئەوەی هەیە کە فەلسەفیانە بیری پێ بکرێتەوە و چەمکی فەلسەفی پێ‌سازبکرێت.

## 9.گرینگترین پێوەرەکانی بەڕێزتان بۆ وەرگێڕانی بەرهەمێکی فەلسەفی چییە؟

چەندین هۆکار یان پێوەر لەوانەیە لە ئارادا بێت. یەکەم، ئەو دەقە فەلسەفییە ئەبێت دەقێکی بەپێز بێت کە بۆ خوێنەر مەعریفەیێکی نوێی فەلسەفی تێدا بێت و هی نووسەر یان فەیلوسووفێکی بەناوبانگ بێت. بەرهەمەکە پێشتر وەرنەگێڕدرابێتە سەر زمانی مەبەست. پاشان بابەتەکە لە چوارچێوەی حەز و خولیاکانی خۆمدا بێت، واتە لەو بوارەدا بێت کە خۆم توێژینە و شارەزاییم لە سەری هەیە.

## 10. فەلسەفە لەم سەردەمەدا زیندووە یان مردوو؟

ئەمە پرسیارێکە کە لە سەدەی بیستەمدا لەمەڕ فەلسەفە هاتووەتە ئاراوە و لە بواری خودی فەلسەفەدا یەکەمجاریش بەڕوونی هایدیگەر بوو کە لە نامیلکەی "کۆتایی فەلسەفە و ئەرکی ئەندێشە" (1969) ئەو باسەی خستە گەڕ. بەڵام زۆرێک لەو قسەیەی هایدیگەر هەڵە تێگەیشتن، کەچی هایدیگەر زۆرتر مەبەستی "کۆتایی مێتافیزیک" بوو کە کەلتووری ڕۆژئاوایی لە سەری دامەرزاوە و ئەو باسی لە چەشنێکی‌تری بیر و ئەندێشە دەکرد کە لە سەر مێتافیزیک دانەمەرزابێت. پێش هایدیگەر ئاگۆست کۆنت لە سەدەی نۆزدەی زاییندا لای وابوو کە سەردەمی ئایین (ئوستوورە) و فەلسەفە (مێتافیزیک)، وەک دوو قۆناغی سەرەکی مێژوو، بەسەر چووە و ئەدی سەردەمی زانستە (زانستە ئەزموونییەکان) و زانست ئەتوانێت وڵامی هەموو پرسیارەکانی مرۆڤ بداتەوە بێ ئەوەی پێویستی بە ئایین یان فەلسەفە بێت. بەڵام زۆری نەخایاند کە فەیلەسووفانی زانست هەڵەبوونی ڕوانگەی پوزیتیویستی ئاگۆست کۆنتیان دەرخست. پرسیاری گرینگ ئەوەیە کە چۆن فەلسەفە کە یەکێک لە پرسە سەرەکییەکانی مەرگ بووە و بە درێژایی مێژووی، خۆی لە سەر مەرگ دواوە، ئێستا خۆی مردوو بێت؟

ئەمای پرسی مەرگی فەلسەفە بۆ تێڕوانین و گۆشەنیگای ئێمە دەرهەق بە خودی فەلسەفە هەڵدەگەڕێتەوە. بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئێمە چۆن فەلسەفە پێناسە دەکەین؟ دیارە ئەگەر فەلسەفە وەک پێشتر وتمان وەک ڕێبازێک بۆ گەیشتن بە حەقیقەت و ب زانست بێت ئەوا هیچ سنوورێکی دیاریکراوی نییە کە لەوێدا کۆتایی پێ‌بێت، ڕاستە کە زانستە ئەزموونییەکان لە جیهانی ئێستادا زۆر پەرەیان سەندووە و وڵامی زۆرێک لە پرسەکانیان داوەتەوە، بەڵام زۆرێک پرسیاری سەرەکی هەن سەبارەت بە واتای ژیان، سەبارەت بە مەرگ و ژیانی پاشەڕۆژ و هتد کە زانست وڵامێکی ئەوتۆی بۆیان نییە و ئەو پرسیارانە وەک خولیای مرۆڤەکان هەر دەمێننەوە.

## 11. دواهەمین پرسیار: بیروڕای ئێوە لەسەر فەلسەفەی شووپنهاوێر و ڕوانینەکانی چۆنە و بۆچی بەرهەمی ناوبراوتان بۆ وەرگێڕان هەڵبژاردووە؟

ڕاستە کە هەر فەیلەسووفێک لە دەلاقەیێکی تایبەتەوە دەڕوانێتە جیهان و ڕووداوەکانی جیهان و بەپێی بیرۆکە و تێگەیشتنی خۆی ڕاڤە دەکات. شووپنهاوێریش یەک لەو فیلەسووفانەیە کە خاوەنی سیستەمێکی فەلسەفی تایبەتە و بە چاویلکەیێکی ڕەشبینانەوە چاو لە جیهان و واتای ژیان دەکات. دیارە ئەگەر لە گۆشەنیگای ئەو فەیلەسووفە ڕەشبینەوە چاو لە ڕووداوەکانی جیهان بکەین (بەتایبەت کە ئێستا مرۆڤی کورد لە دۆخێکی باشدا ناژیت و لە چەندین ڕەهەندوە تەنگی پێ هەڵچنراوە)، لەوانەیە لەگەڵ بەشێکی زۆر لە تێبینی و دەرەنجامەکانی شووپنهاوێردا هاوڕا بین و پاساو بۆ نەشیاوبوونی ژیان و ناسۆرییەکانی بنێینەوە. بەڵام وەک دەزانین ئەو ڕوانگەیە تەنها بەشێک لە واقعیەتی جیهان و ڕووداوەکانی بۆمان دەردەخات و هاوکات ئەو بەش یان بەشەکانی‌تری دەشارێتەوە. هەرچەند ڕوانگەی شووپنهاوێر وەک ڕوانگەیێکی جیدی لە تەنیشت دەیان و بگرە هەزاران ڕوانگەی‌تردا شایانی سەرنج و ئاوڕدانەوەیە و بەشێک لە واقعیەت و سرشتی ژیانمان بۆ دەردەخات. لەوانەیە ئەمە یەکێک لەو هۆکارانە بێت کە منی هان¬داوە کۆمەڵێک وتار لە دووتۆی کتێبێکدا لە شووپنهاوێر بۆ سەر زمانی کوردی وەربگێڕم.

هۆکارێکی‌تر ئەوەیە کە زمانی فەلسەفەی شووپنهاوێر بەپێچەوانەی هێگل و هایدیگەر و هتد زۆر ساکارە و خوێنەری ئاسایی ئاسانتر لەمەبەستی دەگات. ناوبراو ئەو تواناییەی هەیە کە پرس یان بابەتێکی دژواری فەلسەفی بە زمانێکی ساکار و شیرین شرۆڤە بکات. بۆ ئێمەی کورد کە هێشتا تازە زمانی فەلسەفیمان دێتە گۆ و چەکەرە دەکات، وەرگێڕانی ئەو چەشنە دەقانە ئەتوانێت دەسپێک و دەلاقەیێکی باش بێت بۆ ئاشنابوون لەگەڵ دەقە فەلسەفییەکاندا. سەرەڕای هەموو ئەو خاڵانە، ئەو وتارانەی کە لە شووپنهاوێر وەرمگێڕاون کۆمەڵێک پرس دەخەنە بەر باس کە هەر مرۆڤێکی کۆمەڵگا لە درێژەی ژیانی‌دا لەگەڵیان ڕووبەڕوو دەبێتەوە، وەک پرسی واتای ژیان و بوون، ئەخلاق و پێوەرەکانی ئاکارباشی، خۆکوژی، پرسی ژنان، متاڵ و ڕەوڵی کتێبە شاکارەکان لە کۆمەڵگا و هتد.



# کوورش کەسایەتی‌یێکی مێژوویی یا ئوستوورەیێکی گوتاری(گوفتمانی)؟



نووسین : ژیار ڕەنجبەر

## پێشەکی

کوورش وەک کەسایەتییەک لە مێژوودا یەکەم جار لە گەرماوگەرمی داگیرکردنی بابلدا خۆی بە سەر مێژوودا دەسەپێنێ
و دیار دەکەوێ. بێجگە لە هەندێ چیرۆکی هێرۆدۆت و مێژوونووسە یۆنانییەکانی تر، کە سەدان ساڵ دوای کوورش
بەسەرهاتەکانیان گێراوەتەو و خاڵی نین لە ئەفسانە و چیرۆکی سەردەمی هێلێنیستی؛ پێش داگیرکردنی بابل سەرچاوەیێ
بڕواپێکراو لەسەر چۆنیەتی ژیان و دۆخی ئەو کاتەی ئەم کەسایەتییە لە بەردەستدا نییە.
ژیانی کوورش تێکەڵی چەندەها بیر و باوەڕی جۆراوجۆرە کە گوایێ یەکەمین جاڕنامەی مافی مرۆڤی نووسیوە یا خود خەڵکانێکی لە ژێر گوشار و بێدەسەڵاتی ڕزگار کردووە و کۆیلەتی هەڵچنیوە یا هەڵکردنی ئایینی برەو داوە و زۆرێک باس
و بابەتی تر کە مژاری ئەم ڕۆژانەن.
هەر بۆیە ئەم دەقە لە دوو بەش پێکهاتووە کە یەکەمیان لە چاخی کوورش دەکۆڵێتەوە و لە بەشی دووهەمدا تێدەکۆشێ پێوەندیی کوورش لەگەڵ دۆخی ئێستا لێک بداتەوە.

## بەشی یەکەم

بابل : بابل وەکوو دەوڵەتێکی پێش مودێرن هەڵقوڵاوی بەربەرەکانێ و لێککەفتی داب و نەریتی سوومرییەکان،ئەکەدییەکان و خەڵکانی دیکەی ناوچەکە بوو. هەر بەم بۆنەوە کاریگەرییان بەسەریدا دیارە؛ بە تایبەت سوومرییەکان کە بۆ ماوەیێک زەمانیان زمانی ئیداری بابل بووە.
شێوازی حوکم کردنی بابلییەکان هەر وەکوو دەوڵەت_ شارەکانی سوومر لە چەند تایبەتمەندییەک پێک¬دەهات. بە وتەی فۆستێل دۆکۆلانژ لە کتێبی "دەوڵەت-شاری باستانی"دا بونیاتی دەوڵەت_شار لەسەر ئایین نێژرا بوو و ئایین پشتیوانی بە ئەژمار دەهات. ئەم دوو هێزە هەمباز و لێکگرێدراوە دەسەڵاتێکی ئەوپەڕمرۆڤییان دەخولقاند کە لەش و گیانی ئینسانەکان لە ئنقیادی ئەودا بوون.
سەردەمی بابل هەر وەکوو شارستانیەتەکانی دیکەی ئەو سەردەمە کۆمەڵگاییێکی کاستی و کۆیلەدار بووە. بە پێی یاسانامەی حەموورابی مرۆڤەکان بە دوو ڕەگەزی نێر و مێ و سێ چینی سەروو، خەڵکی ئاسایی و کۆیلە دابەش دەبوون (هەراری، ل 161) و خاوەنداریەتی زەوین، شارومەندی لە کۆیلە جودا دەکردەوە.
زیگۆراتەکان (پەرستگەکانی سوومر و بابل) ناوەندی دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی، زانست، پەروەردە و هتد بوون کە بەدەنە جیاوازەکان بە دەوریدا سامان دەدران و ڕۆڵیان دەگێڕا.

لەم هەلومەرجەدا بوو کە دەوڵەت وەکوو پێگەیێک کە مەیلە پاوانخوازەکان سەقامگیر دەکا بە یارمەتی ئایین کە پێناسەی دەوڵەتەکەی دەکرد و یاسا کە نەزمی نزامەکەی دەپاراست، دیاردەی چەندخودایی بەرەو هێنۆتێییزم (زاڵیی خودایێک بەسەر ئەوانی دیکە لە حاڵێکدا کە خوداکانی دیکەش هەبوونیان هەیە.) وەگەڕخست و دوای ماوەیێک خودای مەردووک لە شوێن پاشای خوداکان جێگیر بوو و ئەرکی پاراستنی دەوڵەتەکەی لەسەر شان دەگێڕا هاوکات کە هێمایشی بوو.



زیگۆرات

لە سەردەمی سوومردا هەر شارێک خودایێکی تایبەتی بوو کە نوێنگە و هێمای پاراستن و ئارامی شارەکە بوون.(دۆرانت113 و 114)

نەبۆنید: بەپێی سەرچاوە و بەردەنووسە بابلییەکان وەکوو ساڵنامەکان، نەبۆنید دواپاشای بابل لە ساڵی 556 پ.ز لە کوودتاییکدا دەبێتە پاشای بابل و لە سەردەمی ئەودا هێندێ ڕێفۆرمی ئایینی دێنە گۆ کە بەرزڕاگرتن و ڕێزگردن لە سێ خودای پێشووی مێزۆپۆتامیا واتا سین (خودای مانگ)، شەمەش(خودای خۆر) و ئیشتار (خودای زا و زێ) بەجێگەی مەردووک گەورەخودای بابلییەکان، یەک لەوانەیە.

هەروەها نەبوونید لە ئوستوانەکانی خۆیدا کە لە شارەکانی ئوور و سیپار دۆزراونەتەوە باس لە نۆژەنکردنەوەی پەرەستگاکان و خزمەتکردنی خوداکەی واتا خودای سین کە بە پاشای خوداکان ناوی دەبا، دەکا و بەردەپەیکەری خوداکانی شارەکانی دیکە کە هێمایانن بۆ بابل دەگوازێتەوە و لە هەمان کات دا چاوپۆشی لە مەردووک گەورە خودای بابل دەکا. دواتر بۆ ماوەی 10 ساڵ بابل جێ دەهێڵێ و هەر بەم بۆنەوە جێژنی سەری ساڵی ئاکیتۆ کە پێوەندی بە مەردووکەوە هەیە بەڕێوەناچێ.

**ئوستوانەی کوورش:**

ئوستوانەیێکی گڵێنە کە بە زمانی ئەکەدی نووسراوە و خاوەنی 45 خەتە؛ کە سیانی یەکەمینی شکاوە. دەقی ئوستوانەکە بە چیرۆکی تاوانەکانی نەبۆنید (دواپاشای بابل) دەس پێدەکا کە لە لایەن خودای بابلییەکان، مەردووک دەگێردرێتەوە (هێڵی 4 تا 8).دواتر باسی گەڕانی مەردووک بۆ دۆزینەوەی پاشایێکی بەحەق دەکا کە لە ئاکامدا کوورش بۆ فەرمانڕەوای هەموو جیهان هەڵدەبژێرێ و بە بێ شەڕ بابل دەگرێ.(9 تا 19) لەپاشان کوورش خۆی دەبێتە ڕاوی و باسی ناونیشان و بنچینەی خۆی دەکا.(20 تا 22) و ئاشکرای دەکا کە هێمنایەتی و ئارامی وڵاتی گەرەنتی کردووە.(22 تا 26) تاکوو خۆی و کوڕەکەی، کەمبووجیە لە خێرەکانی مەردووک بێبەری نەبن.(26 تا 30)

دواتر باس لە زیندووکردنەوەی ڕێبازی ئایینی بابلییەکان دەکا کە لە لایەن نەبۆنید پشت گوێ خرا بوو و خودای شارەکانی سوومر و ئەکەد کە لە لایەن نەبۆنید گوازرابوونەوە بۆ بابل،دەگەڕێنێتەوە بۆ شوێنەکانیان و هێڵان بە خەڵک ئەدا بۆنیشتنگەی خۆیان بگەڕێنەوە.(30 تا 36) لە دوا دێڕەکانیشدا پاشا باس لە بەهێز کردنەوەی هێڵی بەرگری بابل دەکا (36تا 46)و گوزارش دەدا کە لە گەرماوگەرمی ئەم نۆژەنکردنەوەدا تۆماری ئاشووربانیپاڵی دیوە.(43 تا 45) (ماڵپەڕی ئیرانیکا).

https://www.britishmuseum.org/collection/object/W_1880-0617-1941

وەرگێڕانی ئینگلیسی ئێرڤینگ فینکێل لە دەقی ئوستوانەکە دەتوانن لەم ماڵپەڕە ببینن.



ئوستوانەی کوورش (وەرگیراو لە ماڵپەڕی مۆزەخانەی بریتانیا)

بە یارمەتی دەقی ئوستوانەکە و چەندین بەڵگەنامەی دیکە هەوڵ دەدرێ بانگەشەکان لەسەر کوورش بخرێتە بەر باس. بڕوا وایە کە دەقی ئوستوانەی کوورش یەکەمین جاڕنامەی مافی مرۆڤە و کوورش بنیادنەری مافەکانی مرۆڤە.ئەگەر ئاوڕێک لە دەقی ئوستوانەکە بدەینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە لە هیچ شوێنێکیدا باسی مرۆڤ و مافەکانی مرۆڤ نەکراوە.لەو سەردەمەدا چەمکی مافەکانی مرۆڤ کە هەڵقوڵاوی چاخی تازەگەری ئورووپایە واتایێکی نەبوو و بە پێچەوانەوە مرۆڤ بەردەوام ئۆبژەیێک بوو لە خزمەتی میتۆسە ئەوپەڕسرووشتییەکان کە بەردەوام مرۆڤیان دەهاڕی و دەیانکردە هەوێنی مانەوەی خۆیان؛ کە لە هێڵی 23ی ئوستوانەکە کوورش خۆی بەیانی دەکا : مەردووک، سەروەری مەزن، دڵی گەورەی کەسێک کە بابلی خۆش دەوێ، "هەر وەکوو چارەنووس"م بە منی "بەخشی" "و" من هەموو ڕۆژێ هەراسان لە هەوڵی پەرەستنیدا بووم. (وەرگیراو لە وەرگێرانی فارسی ئوستوانەی کوورش، شاهرۆخ ڕەزمجوو).

یان داریووش لە کەتیبەکەیدا دەڵێ:" ئەوەی کە من لە ماوەی یەک ساڵدا کردوومە بە توانایی ئەهوورامەزدایە کە کردوومە. ئەهوورامەزدا پاڵپشتی خۆی بۆ من وێنا کردووە. "(بێریان، ل 302) باربییە لە بەشی دەوڵەتی پێش مودێرنی کتێبی مودێرنیتەی سیاسی باس دەکات کە:" ئەندامانی کۆمەڵگا، ئەندامی یەک گشتایەتین؛ بەو مانا کە نە خۆبەڕێوەبەری تاکەییان هەیە نە لە دەرەوەی کۆمەڵ خاوەن بوونێک تایبەتن. لە ڕاستیدا کەسەکان بە ئەندامێک لە گرووپێک کە خاوەندارێتی دەکەن دادەشکێندرێن ... و ئەمان بێ گرووپ و لە دەرەوەی گرووپ هیچن و هیچ ئەرکێکیان پێ جێبەجێ ناکرێ."

کەواتە مرۆڤی ئۆبژەی میتۆسەکان تەنها لە ڕێگەی خۆبەستنەوە بە ئوستوورەکان خاوەنی دەنگ دەبوو و دەیتوانی خۆی بەسەر مێژوودا ئاوار بکا و لە دەرەوەی گرووپ بوونی نەبوو تا خاوەنی ماف بێ. یەکێکی دیکە لە بیردۆزەکانی سەر ژیانی کوورش ئەوەیە کە هەڵکردنی ئایینی بڕەو داوە و ڕێزی لە ئایینە جوداکان کردووە. هەروا کە پێشتر شی کراوە؛ نەبۆنید دوا پادشای بابل بڕوای بە خوداکانی ئاشوور بە تایبەت سین بووە و وەک خۆی لە ئوستوانەکەی ئووریدا دەڵێ:"

**O Sin, my lord gods, king of the gods of heaven**

ئەی سین، پەروەردگارم، پادشای خوداکانی بەهەشت و ژیانی بۆ خزمەتی ئەم ئایینە تەرخان کردووە و پەرستگەکانی حەران (کە لە لایەن مادەکانەو خاپوور کرا بوو) و سیپار و ئووری نۆژەنکردووەتەوە.هەروەها جێژنی سەری ساڵی مەردووکییەکانی بەڕێوە نەبردوە و خودای سەرجەم شارەکانی لە بابل کۆکردبوو کە بە وتەی بێریان پاشای سەرکەوتوو بێجگە لە بەردەپەیکەری خوداکان، کەسایەتییە سیاسی و نزامییەکانی شارەکانیشی بانگهێشت دەکرد تا لە هەر چەشنە ئاژاوەگێرییەک بەدوور بێت و بۆ



نەبۆنید و سێ خوداکەی مێزۆپۆتامیا

گەڕاندنەوەی نەزمی پێشوو گەڕاندنەوەی بەرد پەیکەری خوداکان کارێکی پێویست بووە.

کوورشیش لە ئوستوانەکەی دەڵێ: "فەرمانی دا بە ئەو تا بەرەو شارەکەی، بابل، بڕوا. ئەوی ڕاسپارد (تاکوو) ڕێی بابل بگرێتەبەر و بە چەشنی دۆست و هاوڕێیەک لەگەڵی پێش دەچوو.(هێڵی 15) خوداکانی وڵاتی سوومر و ئەکەد کە نەبۆنید بەرەو بابل بەڕێی کردبوو، بە فەرمانی مەردووک، سەروەری مەزن، بەسڵامەت گەڕاندمەوە شوێنەکانیان.(33 و34)بە بەراوەردی ئەم دوو ئوستوانە، ئەوەی ڕوونە؛ کێبڕکێی ئایینی_سیاسی ئەم دوو ڕەوتەیە کە بانگەشەی مەشرووعییەتی دەسەڵاتداری خۆیان دەکەن و لە ڕاستیدا بەرەنگاری و شەڕی سەروەری دوو ئایینی جیاوازە نە هەڵکردن.

بەرەنگاری بەسەر جیاوازی difference هەڵدەسووڕێ. هیچ واتایێک خۆڕسک (فی نەفسە) نییە و لە ڕووبەڕووبوونەوەیێک کە لەگەڵ ئەوی دیدا هەیە واتادار

دەبێ ((Derrida.دێریدا دەڵێ : بیرکردنەوە بیرۆکە دووانەکان((dual شیدەکاتەوە و یەکێک لە لایەنەکان پەسەند¬ دەکات. بەڵام خاڵێک کە دەبێ زیاد بکرێ ئەوەیە لایەنێک کە پەسەند دەکرێ نوێترە و پەسەندکران وزاڵبوونی یان بەهۆی بەلاغەتی زمانزانی بووە یا دەسەڵاتی سیاسی. ئەو لایەنە کە نەرێنی و شەڕ پیشاندەدرێ و بەلاوەتر هەبووە و مانای نەرێنی بوونی لە لایەن(لایەنی) نوێترەوە پێ قاڵب دەکرێ (قادری،ل 2).

کەواتە دەقی ئوستوانەی کوورش کە دوای بەزاندنی نەبۆنید و داگیرکردنی بابل دەنووسرێ؛ تێدەکۆشێ بە واتاییێک دێریدایی بە بەرەنگاری لەگەڵ نەبۆنید و ئایینەکەی شەڕی خۆی بنیاد بنێت و واتای نەرێنی بۆ نەبۆنید و دەسەڵاتدارییەکەی قاڵب بکا و لە دژی نەبۆنید دالەکانی خۆی لە حاکمیەتی حەقێقەتدا سەقامگیر بکا. بۆ وێنە ئەم چەن دێڕەی ئوستوانە کە باسی نەبۆنید دەکا پیشاندەری ئەو بابەتەن.کەسێکی پەککەوتە بۆ سەروەری وڵاتەکەی دیاری کرا (3) (ئەو) پێشکەشییە ڕۆژانەکانی وەستاند. ... و لە بیریدا پەرەستنی مەردووک، شای خوداکانی وە لا نا.(7)هەر ڕۆژ خراپەی لەگەڵ شارەکەی (مەردووک) دەکرد و هەموو خەڵکەکەی بە ستەمێکی بێ فریاڕەس بەرەو نەمان برد.(8)

بەم خوێندنەوەیە دەتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین کە ئەم ئوستوانە تەنیا چیرۆکی داگیرکردنی بابل و پرۆپاگاندایێکی سیاسییە

و نە شتی دیکە. بانگەشەیێکی دیکە لەسەر کوورش ئەوەیە کە زۆر دادگەر بووە وتوانیویەتی کۆیلەداری هەڵچنێ.کۆیلەداری لە کات_شوێنی سەردەمی کوورشدا بەشێکی دانەپچڕاو و بناغەیی کۆمەڵگاکان و دەوڵەتەکان یان بە واتایێک ئیمەنێنتی دۆخەکە بووە.

کشت¬وکاڵ کە پێکهێنەری شارستانییەتە هاوکات کە خاوەنداریەتیی تاکەیی وەگەڕدەخست؛ کۆیلەداریشی لە جانتا بوو.(دۆرانت،ل 30) داراکان و نەدارەکان ڕۆژبەڕۆژ زانیارییان لەسەر سامان و هەژاریی خۆیان زۆرتر دەبوو و بۆشایی نێوانی خۆیانیان زۆرتر هەست پێدەکرد.هەر بۆیە شەڕی چینایەتیی بە درێژایی مێژوو ڕووی دەدا و هەر ئەم ناکۆکییە پێویستیی سەرهەڵدانی ناوبژیوانێک بە نێوی دەوڵەت و حکوومەتی ڕێک¬دەخست تاکوو ناوبژیوانی شەڕی چینەکان بکا، خاوەنداریەتی بپارێزێ، شەڕ هەڵگیرسێنێ و ئاشتی بەدی¬بێنێ. (دۆرانت، ل 30)

بەپێی گێرانەوەی کێتسیاس مێژوونووسی یۆنانی، لە سەردەمی ماددا نەریتێک بووە کە پیاوی بێدەسەڵات بوونی خۆی پێشکەش بە کەسێکی بەهرەدا دەکرد و لە پێناویدا پێڕاگەیشتنی ئەو کەسەی دەست دەخست و ئەگەر پێی ڕازی نەبوایا دەیتوانی خاوەنەکەی بگۆڕێ. پیاوی بێدەسەڵات لێرەدا هەر ئەو مرۆڤە ئازادەی کۆمەڵگا بوو کە کەرەستەی ژیانی نێو کۆمەڵگا واتا "زەوین"ی نەمابوو؛ بۆیە لە کۆمەڵگا دوور دەخرایەوە کەواتە جۆرێک لە چەوسانەوە(ئیستسمار)ی نیوەکۆیلەداری وەبەرچاو دەکەوێ (دیاکۆنۆف، ل 309).

هەروەها بەپێی دۆزراوەکانی کامێرۆن لە ئستەخر، کە بەڵگەنامەکانی بایگانی خەزانەی ئستەخرە بە عیلامی، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە کۆیلەداری بەشێکی دانەبڕاوی دەوڵەتە باستانییەکان و بەتایبەت دەوڵەتی هەخامەنی بووە. بەوجۆرە کە لە لێکۆڵینەوەکانی گێرشێڤیچ دەردەکەوێ، وشەی عیلامی کورتەش (kurtaš) هاوسەنگی دەستەواژەی ئێرانی گردە ( grda )یە.

هەر بەو شێوازە کە لە بەڵگەنامەکانی سازوکاری ئابووریی ئارشام،ساتراپی بابل و میسر



Aramaic documents of fifth century) دیاردەکەوێ (B.C, Godfrey Rolles Driver گردەکان لە نزامی ئەودا هێزی سەرەکی کرێکاری بوون. گردەکان لە قەبیلەگەل جیاواز بوون و داخ دەکریان. چەندین جاریش نێوی گردە سەڵتەنەتییەکان بردراوە و بێگومان ئەمانە هەر ئەو پیشەیەن کە لە بایگانی ئستەخردا بە زمانی عیلامی بە کورتەش ناوزەد کراون و بە بێ شک کۆیلە بوونە (دیاکۆنۆف، ل 304).

ئەگەر سەرنجێکیش بخەینە سەر دەوڵەتە تێکشکاوەکان بەدەستی کوورش وەکوو بابل، ماد و عیلام دەبینین، سازوکاری کۆیلەداری زۆر باو بووە و یاسانامەکەی حەموورابی بە



ڕوونی دەریدەخا. دەقی ئوستوانەی کوورشیش دەڵێ:" لە (بابل) هەتاکوو ئاشوور و شووش، ئەکەد، ئێشنوونە، زەمبەن، مێ تورنو، دێر، تا سنووری گووتی، (شوێنە پیرۆزەکانی ئەوپەڕ)ی دێجلە کە لە مێژەوە مێحرابەکانیان وێران ببوو.

خوداگەلێ کە لەویا نیشتەجێ بوون گەڕاندمەوە شوێنەکانیان و (ئەوانم) لە شوێنی ئەبەدی خۆیان دانا و هەموو خەڵکی ئەوانم کۆکردەوە و بۆ نیشتنگەکانیان ڕەوانە کرد و خوداکانی وڵاتی سوومر و ئەکەد وا نەبوونید بە بابل هێنا بووی بە فەرمانی مەردووک سەروەری مەزن گەڕاندمەوە شوێنەکانیان. (هێڵی 30 تا 34، وەرگیراو لە وەرگێڕانی فارسی شاهرۆخ ڕەزمجوو) لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە چۆن دەبێ کوورش سیستەمی کۆیلەداری کە لە خاوەنداریەتیی تاکە یی و سازوکاری ئابووریی ئەو سەردەمە پێک دەهات و ئایینەکان پیرۆزیان دەکرد و دەوڵەتەکان پارێزەری نەزمی نزامی ئەو سەردەمە بوون هەڵچنێ لە کاتێکدا کە دەوڵەتەکەی بەسەر ماد و بابل و عیلام سازدەکا کە خۆیان کۆیلەدار بوون و لە هەمان ¬کاتدا هیچ هەنگاوێک بۆ گۆڕینی ڕێکخراوی ئایینی، دوزنەی ئابووری یا شێوازی دەوڵەتداری هەڵنایێنێ؟ لە ساڵنامەی نەبوونید( -Naboni dus cylinder ) دەگوترێ: کوورش بەرەو ئێکباتان (بەڕێ کەوت).زێو،زێڕ،شمەکەکان،ماڵ،{...} کە بە غەنیمەت لە ئێکباتان گردبووی، بۆ ئانشان بردی.(-col umn ii,2-3) کاتێ کوورش لە ئۆپیس لە (کەنارەی) دیجلە دژ بە سوپای ئەکەد شەڕی کرد، خەڵکی ئەکەد کشانەوە. ئەو دەستی کردە تاڵانکردن و خەڵکی سەربڕی (slaughtered the people) لە چواردەیەمین ڕۆژ، سیپار بێ شەڕ گیردرا. نەبۆنید هەڵهات؛ لە شازدەیەمین ڕۆژ، ئوگبارو، فەرماندەری گووتی و سوپای کوورش بە بێ شەڕ، ئەوان چوونە نێو بابل. ( column iii,12-16 ) کەواتە گرتنی بابل بە بێ شەڕ بە هیچ شێوازێ پیشاندەری ئاشتیخوازیی کوورش نەبووە و هەروا کە ساڵنامەکە دەڵێ

بەر لە گرتنی بابل ئێکباتان تاڵان دەکات و خەڵکی شاری ئۆپیس کۆمەڵکوژ دەکا. بۆ ڕوونترکردنی ئەم باسە؛ پێویستە سەرنج بخەینە سەر ڕستەیێکی ئوستوانەی کوورش :

**I sought the welfare of the city of Babylon and all its sacred centers. As for the citizens of**
**Babylon, {xxx upon wh}om he {Nabonidus} imposed a corve`e which was not the gods wish and**
**not befitting them. (translation of Irving Finkel)**

من هەوڵی باشبژێوی شاری بابل و هەموو شوێنە پیرۆزەکانیم دا. بە ڕەچاو کردنی ئەوە کە شارومەندەکانی بابل کە ئەو(نەبۆنید) ستەمێکی بەسەریاندا سەپاند، کە ویستی خوداکان نەبوو و شیاویان نەبوو.

لێرە کوورش دەڵێ ئەم ستەمە شایانی ئەو خەڵکە نەبووە چۆن خواستی خوداکان نەبووە. دەتوانین لەم ڕستە تێبگەیین کە ستەم (( corve`e بۆ خۆی تەوەری باس نییە بەڵکوو باس لەوەیە کە کێ مافی هەیە لەم چەمکە کەڵک بگرێ.هەر چۆن کە ستەمێکمان هەیە کە ویستی خوداکان نەبووە هەروایش دەتوانین بڵێین ستەمێک بوونی هەبووە کە بە ویستی خوداکان بووبێت بۆ وێنە کۆیلەکان. بە وتەی هایدەی تۆرابی:(لێرەدا باسی کۆیلەکان ناکردرێ چۆن لە هەلومەرجی ئەو کاتەدا ((object واتا شت بوون نە مرۆڤ.)

تەواوی هەوڵی کوورش ئەوەیە کە بڵێ نەبۆنید مافی ئەو کارەی نەبووە چۆن خاوەنی شارەکە نەبووە و خاوەنی سەرەکی بابل کە هەموو مافەکان لە ئەوەوە سەرچاوە دەگرێت مەردووکە و خۆیشی وەکوو نوێنەری ئەو، پاشایەتییەکەی بەحەقە. کەواتە هەروا کە هەوڵ درا پێشان بدرێ باسکردن لە هەڵچنینی کۆیلەداری و لکاندنی چیرۆک و ئەفسانەکانی تر بە کەسایەتی کوورش بێ پشت بەستن بە سەرچاوە مێژووییەکان هەوڵێکی بێمانایە و لە بەشی دووهەم دا تێدەکۆشین وڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە کە چۆن ئەم ئەفسانانە سازکران.

## بەشی دووهەم

ئەگەر بڕیار وایە کە مێژوو بە نمایەشی بووکەسەماکەرەکان نەزانین،ئەوسا مێژوو دەبێ مێژووی پرۆسە زێهنییەکان بێ (زیمێل). بە شوێنگرتنی وتەی زیمێل خوێندنەوەی ڕووداوەکان وەکوو ئۆبژەی زانستی مێژوو ئەو کاتە گرینگ دەبێ کە تێبگەین چ زێهنییەت و مێنتالیتەیێکە کە ڕووداوەکان شی دەکاتەوە و چ مکانیزمگەلێکی نزامی زانستە کە پێوەندی لەگەڵ ڕووداو دەگرێت و خاوەن جەستەی دەکا؟ بە وتەی ئارەشی حەیدەری:" مێژوونووسی هەمووکات دەبێ نسبەتێک لەگەڵ گۆڕان، جەریان و بووینی هێزەکان پەیدا بکا."

کەوابوو تەوەری باسەکانی ئەم بەشە کوورش لە ڕوانگەیێکی دیسکۆرسیڤ لێک¬دەداتەوە و دەپرسێ ئوستوورەی کوورش بەرهەمی چ سازوکارێکی گوتارییە(گوفتمان) و چ نسبەتێکی لەگەڵ دۆخی ئێستا هەیە؟ بە وتەی لاکلائۆ و مووفە گوتاری هێژموون گوتارێکە کە توانیویەتی بە تەردی مانا جۆراوجۆرەکانی بەردەست لە مەیدانی گوتار(گوفتمان)،هەبوونی مانای تایبەت بە خۆی لە نزامی دال و مەدلوولی خۆی جومگەبەندی(مەفسەل بەندی) و هێژموون بکا. هەر بۆیە ئیدیۆلۆژی بە واتای گوتاری زاڵە(Dominant discourse) کە مانا و ڕامان دەداتە جیهانی کۆمەڵایەتی.(کێرمانی/دێلاوەری،ل32)بە ڕای دێریدا، مێتافیزیکی ڕۆژاوایی بە تێگەیشتن لە جیهان لە ڕێگەی "خود"ەوە ڕێگەی لە ئەویدی گردووە. لە کانسێپتی مێتافیزیکیدا، هەرچتێک کە من خاوەنی بێ، یا خاوەنداریەتیی وەرگرێ، ڕاستی و ڕەسەنە و لەبەرامبەردا ئەوەی کە بەرەنگاری من دەکا و من نابێتە خاوەنی،ناڕاست و ناڕەسەنە.کەواتە،کانسێپتی مێتافیزیکی بەسەر نۆستالژی ¬یێک بە بوون(حضور)،یەکانگیری وگشتایەتی، جێگیربووە.(شاقول، ل 111) هەروا کە هەوڵ دەدرێ شی بکرێتەوە گوتاری شوناسی نەتەوەیی ئێرانی لێوانلێوە لە ئوستووره و میتۆس و دیاردە مێتافیزیکییەکان کە وەبەرایەتی و ڕەسەنایەتی دەبەخشێتە سووژەکانی.

ئەم گوتارە لە سەردەمی مەشرووتە سەری هەڵدا و دواتر بە بنیادنانی دەوڵەتی مودێرن لە ئێران،توانی بوونی خۆی هێژموون بکات و بە خائوس کردنەوەی کاتی ئێستا لە ژێر ئیدەگەلێ وەکوو بووژانەوەی ئێرانی باستان و ڕۆژاوایی کردنی بایەخەکان هەوڵی دا مودێریەتی ترۆمای بەرەنگاری لەگەڵ ڕۆژاوا بکا.

گوتاری شوناسی نەتەوەیی لە ئێران لەسەر بنەمایێکی تایبەتی جومگەبەندی؛کە گرێژەنە و شاکلیلی سەرەکییە،ڕاوەستاوە، بنەمایێک کە زمانی فارسی لە پنتی ناوەندیی خۆیدا دادەنێت.وەقتەکان و دالەکانی دیکە کە لە جومگەبەندی ئەم گوفتمانە بە زمانی فارسی دەنووسێن و لە دیالێکتیکی ڕاکێشان لە لایەن خاڵی ناوەندی ئاماژەپێکراو ومانادارکردنەوەی بەشدارن، بریتییە لە نژادی ئاریایی،

مێژووی ئێرانی باستان، ئەدەبیات و فەرهەنگی فارسی و نزامی کۆنی سەڵتەنەتی (حەبیبی،ل 7)
بوونی زمانی فارسی و تەنیا زمانی فارسی لە خاڵی ناوەندی ئەم گوفتمانە بووناسییێکی ژێردەستەساز و چەوسێنەر پێک ¬¬¬¬دێنێ کە ڕێگە لە هەر چەشنە هەمەچەشنی¬یێک لە دالی ناوەندی دەگرێ و بە وتەی ژیژک (دالی گەورە داوای قوربانی لە سووژەکان دەکا.) ئەم ڕێگرییە دواتر لە دالەکانی دیکە کە لە ڕێگەی زمانی فارسییەوە جومگەبەندی بوونە،خۆی دەردەخا . زمانێک کە تاقە زمانی بەردەست لە وڵاتی ئێرانە و وەکوو تەنیا زمانی ئێرانی و دایکیی خەڵکی ئێران لە سەرەتای خلقەتەوەوە لە ئێران باو بووە.(حەبیبی بە گێڕانەوە لە ئەکبەری،ل7)
ئەم هەوڵە بۆ زاتی کردنەوەی باڵادەستی زمانی فارسی لە خاڵی ناوەندی و سەرکوتی ئەویدییەکان، دواتر لە دالەکانی دیکە بە شێوازی مێژووی باڵادەست و هەتایی، ئەدەبیاتی باڵادەست ،ئێرانیی زاتەن پێشکەوتوو و... ڕەنگدەداتەوە و ڕێگە لە ئەویدییەکان دەگرێ کە بێنە گۆ.
گوتاری شوناسی نەتەوەیی ئێرانی، بەیارمەتی وەرگرتن لە ئوستوورەکان و میتۆسەکانی شانامە و گوتاری ڕۆژهەڵاتناسی و ئێراننناسی ئورووپاییەکان کە زۆربەیان یەهوودین، ڕوانگەیێکی پەتی، ڕەسەن و پاک لە ئێرانی باستان دەخاتەڕوو کە هەرچتێک ئەم ڕەسەنایەتیی و پەتی بوونە بسڕێتەوە تووشیاری وەلانان و ناکۆکی دەبێ.(حەقمورادی، ل 26)لەم سازوکارە گوتارییە ئێرانییەکان لە هەمان کاتدا کە ئاسیایین،نائاسیایین.لە جوغرافیای ئاسیا بوونیان هەیە بەڵام گەوهەریان ئاریایی و ڕۆژاوایی و پێشکەوتووە و هۆکاری دواکەوتنیان هێرشی دراوسێکان بووە. هەروەها کە پێشتر باس کرا گوتاری شوناسی نەتەوەیی سەردەمی ڕەزاشا لە بووناسی خۆیدا چەوسێنەرە کە ئەم دیاردەیە لە مێژوونووسی سووژە-تەوەری ئێرانی باستاندا دەردەکەوێ. بە وتەی مێهدی ئەنساری لەم فۆرماسیۆنە لە مێژوونووسیدا تێگەی "مەیدانی هێزەکان" هەڵدەوەشێتەوە و مێژوو دەبێتە مێژووی شاکان و پێشەنگەکان و کەسایەتییە گەورەکان کە دەبێتە هۆی ئەوە مێژوو چتێک نەبێ بێجگە لە ئرادەی کەسە بەناوبانگەکان.لێرەدایە کە فەزای مێژوویی دیاردەکان و مەیدانی لێککەفتی هێزە مادییە جیاوازەکان دەسڕدرێتەوەو و مێژوو بە تۆمار و نووسینی ڕووداوەکان دادەشکێندرێ. کەواتە هێزی جووڵێنەر بۆمێژوو پێناسە دەکرێ کە ڕووداوەکان بەرەوپێش دەبا و بگرە ئەرکێکی پێغەمبەرئاسایش بۆ سووژە لە بەرچاو بگیردرێ.

هەر چۆن ئارتوور دۆگابینۆ دەڵێ: نژاد هێزی جووڵێنەری مێژووە یا بە وتەی ڕۆدیارد کیپلینگ: ئەرکی پیاوی سپی پێست بە شارستانی کردنی جیهانە.لەم مێکانیسمە چەوسێنەرەی مێژوونووسیدا سەرچاوەی ڕەسەن بۆ دەسەڵات (هێز بە واتای فۆکۆیی) پێناسە دەکرێت و چی دیکە ژێردەستەکانی ئەم سازوکارە مێژوونووسییە، خاوەن مێژوو نابن هەروا کە هێگل دەیگوت:" ئافریقا مێژووی نییە.ئەگەر بە چاویلکەی ئەم ڕەوتەوە، مێژوونووسی گوتاری شوناسی نەتەوەیی ئێرانی لێک¬بدەینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە هەخامەنییەکان وەکوو سووژە و سەرچاوگەی ڕەسەنی هێز دەردەکەون کە ئاخێزگەی مێژووی ئێرانن و ئەم مێژووە بەمانەوە دەس¬پێدەکات کە دواتر لە سەردەمی پەهلەویدا بە 2500 ساڵ سەڵتەنەت وێنا کرا و وا پیشان درا کە ئێران هەر هەبووە و هەر دەشبێت و دەسەڵاتداری سلووکییەکان ئیسلامییەکان مەغوولەکان و... نەیتوانیوە ڕۆحی ئێرانییەت ببەزنێت و لە هەر هەلومەرجێکدا سەری هەڵداوەتەوە.لەم مێکانیزمە مێژوونووسییەدا هێزە جۆراوجۆرەکان بایەخدار دەبن و لە چاویلکەی سەنتەری دەسەڵات واتا سووژە (هەخامەنییەکان) سەیر دەکرێن و پۆلێنەبەندی دەبن.ئیدی شوێنەوارەکانی زێویە، حەسەنلوو، سییەلک، شاری سووتاو و... کپ دەکرێن و شکۆ و گەورەیی، لە دەسپێکی ئەم دەسەڵاتدارییەوە بەرەوڕووی خەڵکان دەبێت.
لە ئاوەها خوێندنەوەیێکدایە کە هەبوونی ئوستوورەیێک بە ناوی کوورش بۆ ئەم مێژووە مومکین دەبێ.سووژەیێک کە ئەرکی شکۆمەندکردنی مێژوویێکی لەسەر شانە و ئیرادەی چەرخێنەری چەرخی مێژووە.( پاشایەتی کوورش مەزنترین و پرشکۆترین پاشایەتییەکانی ئاسیا بوو و بەڵگەی ئەم پرسە خودی ئەم ئمپراتۆرییەتەیە. لەبەر ئەوەی سنوورەکانی لە ڕۆژهەڵاتەوە بە ئوقیانووسی هێند، لە باکوورەوە بە دەریای ڕەش، لە ڕۆژاواوە بە قبرس و میسر و لە باشوورەوە دەگەیشتە حەبەشە و ئەم ئمپراتووریەتە بە ئەم مەزنایەتییەوە تەنیا بە ئیرادەی بێ هاوتای کوورش دەگەڕا.}(یۆزێف ویستهۆفر،ئێران باستان ل 63).
کەوابوو لە کۆتاییدا دەگەیینە ئەو ئاکامە کە کوورش بەرهەمی گوتارێکە کە لە ڕووداوی داگیرکردنی بابل لە 539 پ.ز و بنیادنانی دەوڵەتێک، ئوستوورەیێک بۆ کاتی ئێستا بانگ دەکا و دەینەخشێنێ تا بە یارمەتی ئەو میتۆسە و ئوستوورەکانی پادشاکانی دیکەی هەخامەنی و ساسانی خۆی زاڵ بکات و لە مەیدانی گوتاری هەنگاو؛ بەرەو خۆسەپاندن و عەینییەت سازی بنێت تاکوو کونشی

بەدەنەکان سامان بدا و لە کانتێکستێکی مۆدێرندا و بە بەرزکرنەوەی کانسێپتگەلێ وەکوو دەورەگوزار و پێشکەوتن(گەشە) ترۆما و قەیرانی هاوکات نەبوون و دواکەفتنی ئێران لە ڕۆژاوا، بەڕێوەبەری بکا و کۆمەڵگا بەرەو پێشڤەچوون هان بدا و ئەوەی شیاوی گەوهەری پێشکەوتووی ئێرانییەکانە بەدیی¬بێنێت کە ئاکامدا دەبێتە هەوڵ بۆ سڕینەوەی ئەویدییەکانی گوتار، بەمەبەستی یەکانگیری و بەرهەمهێنانەوەی هێژموونی گوتار.



## سەرچاوەکان:

1)موریس باربیه، ترجمه عبدالوهاب احمدی، مدرنیته ی سیاسی، نشر آگه، چاپ پنجم 1396
2)ا.م.دیاکونوف، ترجمه کریم کشاورز، ، انتشارات علمی و فرهنگی، چاپ یازدهم 1395
3)پورپیرار ناصر، 12 قرن سکوت،نشر کارنگ، چاپ پنجم 1385
4)یوال نوح هراری، ترجمه نیک گرگین، انسان خردمند، انتشارات نشر نو.چاپ دوازدهم 1398
5)ویل دۆرانت، ترجمه گروه مترجمان، تاریخ تمدن انتشارات علمی و فرهنگی، چاپ ششم 1378
6)کرمانی محسن/دلاوری ابوالفضل، از ایدئولوژی تا گفتمان: سوژه، قدرت و گفتمان. فصلنامەی علوم اجتماعی، سال
26، شماره 74، پاییز 1395
7)حسن زاده قالبساز پیام، ناسیونالیسم نژادپرستانه ی ایرانی, زخم رویارویی با اروپا و مسئله ی آریایی گرایی
8)حبیبی فواد، تبارشناسی و واکاوی گفتمان هویت ملی در ایران، فصلنامەی علمی فرهنگی و ادبی ژیوار، سال ششم، شماره 19 و20، پاییز و زمستان 1393
9)قادری زکریا، تقابل های دوگانه ی آیین زرتشت و دیگری این تقابل، فصلنامەی علمی فرهنگی و ادبی ژیوار، سال ششم، شماره 19 و20، پاییز و زمستان 1393
10)پی یر بریان، ترجمه مهدی سمسار/ناهید فروغان، تاریخ امپراتوری هخامنشیان، انتشارات فرزان روز،سال 1392
11)اکبری محمدعلی، تبارشناسی هویت جدید ایرانی: عصر قاجاریه و پهلوی. انتشارات علمی و فرهنگی
12)شاقول یوسف/مرتضوی سیدرحمان، دریدا: واسازی از نقد مابعدالطبیعه غربی تا سیاست, غربشناسی بنیادی, پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی،سال اول،شماره دوم،صص117-97
13)حقمرادی محمد، واسازی گفتمانهای ملی گرایانه, بحثی در هویت و زبان مادری, فصلنامەی علمی فرهنگی و ادبی ژیوار، سال ششم، شماره 19 و20، پاییز و زمستان 1393
14)کەریمی ئەیووب، پێکهاتەی ئیدۆلۆژیی کوردایەتی، وەرزنامەی ژیوار، ساڵی 6، زستانی 2015، ژمارەی 19 و 20



# یەڵماز گۆنەی و چەکی ڕەخنە

نووسین و کۆکردنەوە :ئەمین عەبدوڵانژاد



## یەڵماز گۆنەی کێیە ؟

"یەڵماز پوتوون" یا وەک ناوی "یەڵماز گۆنەی (Yılmaz Güney)" لەسەر خۆی داناوە، لە 1ی ئاوریلی ساڵی 1937ی زایینی، لە ئاوایی "ئینجە" سەر بە شاری "ئادانا"ی باکووری کوردستان، لە بنەماڵەیێکی هەژار لە دایک بوو.

"گۆنەی" بە "باوکی سینەمای کورد" دەناسرێت و یەکەم کەسێکە کە سینەمای کوردستانی گەیاندووەتە ئاستێکی جیهانی.

یەڵماز هەر لەمنداڵییەوە تامەزرۆی چیرۆک نووسین بوو و وێرای خوێندن لە قوتابخانە، بە ئیش و کاریش سەرقاڵ بوو. لە ساڵی 1958 لە کۆلێژی "ماف" لە "ئەستەمبوڵ" وەرگیرا و هەروەها وەک ئەکتەر هاتە ناو دنیای سینەماوە. لە زۆر فیلمدا ڕۆڵی گێرا و بە پێی هەڵسوکەوتی ناو ڕۆڵەکانی، بوو بە کەسایەتییێکی ناودار و خۆشەویست لە ناو جەماوەری خەڵکدا و ناسناوی "پاشای ناشیرن (the ugly king)"یان پێبەخشی. لە ساڵی 1961 بە تاوانی بڵاوکردنەوەی چیرۆکێکی "کۆمۆنیستی" بۆ یەکەم جار بەند کرا. هەروەک خۆی لە وتوووێژێکدا دەڵێ: «کاتێک بۆ یەکەم جار بە تاوانی نووسینی چیرۆکێکی "کۆمۆنیستی" بەند کرام، تەنانەت نەمدەزانی "کۆمۆنیسم" چییە؛ هەر لە سەرەتای منداڵییەوە ئیلهامدەری من بۆ نووسینی چیرۆکەکانم ژیانی خۆم و ئەو کەسانە بوو وا لەگەڵیان ژیابووم. بۆ وێنە فیلمی "ڕێگا(1982)" چیرۆکی ژیانی پێنج کەس لە هاوبەندەکانم لە بەندیخانەی "ئێسپارتا"یە؛ ئەو کات من لەگەڵ 120 کەسی تر لە ژوورێکی گەورەدا بەند کرابووم و بە هۆی قەرەباڵغیی زۆر، نووسین بۆم ببوو بە کارێکی ئەستەم، هەر بۆیەش داوام لێکردن کە چیرۆکی ژیانیانم بۆ بنووسن تا لە ناویاندا هەڵبژێرم!»

زیندان، لە ژیان و فیلمەکانی گۆنەیدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە، چونکە ماوەی 11 ساڵی ژیانی لە ناو بەنددا تێپەڕکردووە! لە ناو بەنددا بوو کە بیرۆکە چەپەکانی ناسی و هەروەها گەورەترین شاکارەکانی وەک "مێگەل(1978)"، "دوژمن(1979)" و "ڕێگا(1982)"، کە بەناوبانگترین بەرهەمی گۆنەیە و براوەی خەڵاتی "دارخورمای زێڕینی فێستیڤاڵی کەن" لە ساڵی 1982یە، بەرهەمی ئەو چیرۆکانەن وا لە ناو بەنددا خوڵقاندوویەتی! بەڵێ، باس لەسەر کەسایەتییێکی تا ئەو ڕادەیە جیاواز و تایبەت دەکەین کە لە بەندیخانەدا سێناریۆی دەنووسی و دەینارده دەرەوە تا کەسێکی تر دەرهێنەریی بکات و بەو شێوەیە شاکارێک بەرهەم دەهات! لە پاییزی ساڵی 1981 پاش وەرگرتنی مۆڵەتی مەرەخەسی لە بەندیخانە هاتە دەرەوە و هیچ کات نەگەڕایەوە؛ لە ڕێگای دەریاوە بەرەو ڕۆژهەڵاتی ئۆرووپا ڕۆیشت و پاشان ڕووی کردە وڵاتی "فەڕانسا". حکوومەتی تورکیا ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەی لێ وەرگرتەوە و پتر لە 100 ساڵی زیندان بۆ تۆمار کرد.

پاش ڕووهێنان بە نووسەری و دەرهێنەری لە ساڵی 1965 بەم لاوە، بەرەیێکی نوێ لە ژیانی هونەریی گۆنەی دەستپێکرد. فیلمەکانی جیاوازیی چینایەتی و نەتەوایەتی، جەور و ئازاری سیاسی، زیندان، کۆنەپەرستی و دواکەوتوویی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و... بە توندی

دەخاتە ژێر تیخی ڕەخنەوە. گۆنەی لە مێژووی فەرهەنگی و سیاسیی کورددا، لە سەردەمێک سەریهەڵدا کە زۆر هەست بە بۆشایی کەسایەتییەکی وەها دەکرا. بە فیلمەکانی ئەو ڕاستییانەی وا لە "کوردستان" بەڕێوەدەچوو و دەسەڵاتی تورکیا هەوڵی شاردنەوەیانی دەدا، بە دنیا ناساند و هەر وەک خۆی دەڵێ، سینەما بۆ ئەو چەکێک بوو بۆ "خەبات". دەرهێنەری یوونانی، "کۆستا گاوراس(costa gaveas)" دەڵێ: «لەو سەردەمەدا کێشەی کورد لە ئۆرووپا بە لای کەسەوە گرنگ نەبوو، بەڵام فیلمی "ڕێگا" و وتارەکانی گۆنەی لە "فێستیڤاڵی کەن" سەرنجی کۆمەڵگا و میدیاکانی بۆ ئەو باسە ڕاکێشا»

ژیانی هونەریی گۆنەی لە سەردەمی سانسۆر و بەرتەنگییەکی زۆر لە تورکیا و هەروەها قەدەغەبوونی زمانی "کوردی" لەو وڵاتەدا، وای کرد کە گۆنەی نەتوانێ ئەو شتەی وا دەیەویست بە تەواوی لە کارەکانیدا نیشان بدات. لە دوایەمین وتوویژی خۆیدا دەڵێ: «لە ڕاستیدا نە ڕواڵەت و نە ڕۆحی فیلمەکانم ئەو شتە نەبوون کە دەمەویست نیشانی بدەم، بۆ وێنە فیلمی "مێگەل" مێژووی نەتەوەی کوردە بەڵام نەمتوانی تەنانەت فیلمەکە بە زمانی کوردیش بەرهەم بێنم، بەو هۆیە کە لەو سەردەمەدا زمانی قەدەغە بوو! بۆیە هەوڵم دا بە مۆسیقای کوردی، بۆشایی زمانی کوردی لە فیلمەکەدا پڕ بکەمەوە!»(دواهەمین وت ووێژی ژیانی گۆنەی لەگەڵ "کریس کۆچرا"، ژانوییەی 1983، پاریس)

گۆنەی نە تەنیا وەک دەرهێنەرێک، بەڵکوو وەک کەسایەتییەکی سیاسی–کۆمەڵایەتی بۆ ساتێکیش لە تێکۆشان بۆ ئازادی خەڵکەکەی دەستی نەکێشا؛ بەڵام لە ساڵی 1984دا و لە تەمەنی 47 ساڵیدا، بە هۆی نەخۆشیی شێرپەنجە، سەدان فەرسەخ دوور لە وڵاتەکەی کۆچی دوایی کرد.

## "نواندنەوە (representation, بازنمایی)" چییە؟

سادەترین شێوازی شرۆڤەی "نواندنەوە" کە لە فەرهەنگۆکی "ئەکسفۆرد"ـەوە وەرگیراوە بەو شێوەیەیە: نیشان دانی کەسێک یا دیاردەیێک بە شێوەیێکی تایبەت.
"نواندنەوە" یەکێک لە چەمکە بنەڕەتییەکان لە دنیای میدیادایە. وشەیێک کە ڕەنگە مانای جیاواز و جۆرا و جۆری بە دوادا بێت، لە ڕاستیدا ڕێ و شوێنێکە کە لە ڕێگای ئەوەوە میدیاکان، ڕووداوەکان بە بینەرانیان نیشان دەدەن.

«فەرهەنگی وشەکاری توێژینەوەکانی میدیا و پێوەندی»(فرهنگ لغات مطالعات رسانه‌ای و ارتباطی)، "نواندنەوە" بەو شێوەیە شرۆڤە دەکا: کاریگەریی بنەڕەتی میدیاکان بریتییە لە نواندنەوەی ڕووداوەکانی دنیا بۆ کۆمەڵی خەڵک و بەشێکی بەرچاوی زانیاری ئێمە لە دنیا و ڕووداوەکانی، لە ڕێگای میدیاکانەوە پێکدێ. واتە فامی ئێمە لە ڕووداوەکان و ڕاستییەکان لە ڕێگای ڕۆژنامەکان، شاشەی تیڤییەکان، ڕێکلامەکان، فیلمە سینەماییەکان و... پێکهاتووە و دەکرێ بڵێین کە «میدیا دنیامان پێدەناسێنێ». بۆ وێنە ئەو زانیارییەی وا ئێمە وەک بینەرێک لە "ئافریقا"، "وڵاتانی عەرەب"، "ئایینی ئیسلام"، "مەغۆلەکان" و... هەمانە، داهاتی ئەو شتانەیە کە لە میدیاکاندا پێمان نیشان دراوە. کە واتە باس لەسەر "نواندنەوەی میدیاکان" باسێکی زۆر گرنگە.

"ئێستوارت هاڵ (stuart hall)" دەڵێ: «هیچ شتێکی مانادار لە دەرەوەی گوتارەوە بوونی نییە، ئێمە دنیای خۆمان لە ڕێگای "نواندنەوە"وە دەخولقێنین». "هاڵ" هەروەها جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە "ڕاستەقینە" بە شێوەیێکی مانادار بوونی نییە و ئەوە نواندنەوەیە کە پێکیدێنێ. "مانا، دیاردەیێکی نادیارە" و بە تێپەڕبوونی کات و سات، ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت.

"نواندنەوە" پرۆسەیێکە کە لە ڕێگای ئەوەوە ئەندامانی فەرهەنگێک، لە زمان بۆ خولقاندنی "مانا" کەڵک وەردەگرن؛ کە وابوو دەتوانین بڵێین "مانا" هەمووکات لە فەرهەنگێک بۆ فەرهەنگێکی تر و لە زمانێک بۆ زمانێکی ترەوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت، بەو هۆیە کە "نواندنەوە" زیاتر وەک ئامرازێکی کۆمەڵایەتی کاریگەری هەیە تا یاساییکی نەگۆڕ و سەقامگیر.

باسێک کە زۆر گرنگە و جێی سەرنجە ئەوەیە کە ئەو ڕاستەقینەیەی وا میدیا بۆ ئێمەی دەخولقێنێ لە ژێر کاریگەرییەکی زۆری "دەسەڵات"دایە. لە ڕاستیدا "نواندنەوە" یەکێک لە ئامرازە فەرهەنگییەکانی دەسەڵات بۆ داسەپاندنی "مانا"یێکە بەسەر کۆمەڵی مرۆڤی ژێر دەستیدا. جەخت لەسەر کردەوە فەرهەنگییەکان لێرەدا بەو مانایەیە کە بەشداربووانی فەرهەنگی کۆمەڵگایێک هەر ئەو کەسانەن کە بە ئۆبژەکان و ڕووداوەکان "مانا" دەدەن و




دیاردەکان لە خۆیانەوە ناوەرۆکێکیان نییە؛ کە وابوو "مانا"ی دیاردەکانی دنیای ئێمە بەرهەمی چۆنییەتی نواندنەوەیانن لە میدیاکاندا و ئەو شتەی وا ئێمە وەک "ڕاستەقینە" بیری لێدەکەینەوە تەنیا لە ڕێگای نواندنەوەیە کە ئامرازەکانی دەسەڵات پێشکەشی کردووین.

ئەگەر دان بەو باوەڕەدا بنێین کە "مانا" چەمکێکی سەقامگیر نییە، ئەو کات دەتوانین بڵێین کە "مانای هیچ شتێک ناتوانێ نەگۆڕ و تاک بێ". لە ڕاستیدا "مانا"ی هەر شتێک پەیڕەوی بیرۆکەیێکە کە "دەسەڵات" بەسەریدا زاڵە؛ واتە نواندنەوەی فەرهەنگی و میدیایی، کردەوەیێکی بێ لایەن نییە و ئاوێتەی ئەو شتەیە کە دەسەڵات دەیەوێ لە پێناو بەردەوامڕاگرتن و بەهێزترکردنی نابەرابەرییە کۆمەڵایەتییەکان بەسەر کۆمەڵی خەڵکی ژێردەستیدا بیسەپێنێ. ئەگەر بمانەوێ وێنەیێک بهێنینەوە، دەتوانین باس لە ڕووداوێک، وەک شەڕ، بۆ وێنە شەڕی نێوان ئێران و عێراق بکەین؛ ڕەنگە لە سەردەمی حکوومەتی "بەعس"دا زۆر فیلم بەرهەم هاتبێ کە نواندنەوەیان لەو شەڕە بە شێوازێک بووە کە پیاوچاکەکان سەربازە بەعسییەکانن و پیاوخراپەکانیش هێزە ئێرانییەکانن. بەڵام کاتێک فیلمسازێکی ئێرانی شەڕەکەمان بۆ دەنوێنێتەوە، باسەکە ڕێک بە پێچەوانە دەخرێتە بەر چاو.

"ڕیچارد دایێر(Richard Dyer)" سەبارەت بە نواندنەوە ئەو باسە دەخاتە ئاراوە کە ئەوەیکە: "چ کەسێک"، "چ کۆمەڵێک" و "بە چ شێوەیەک" دەنوێنێتەوە گرنگیێکی زۆری هەیە. هەر بە پێی ئەو کردەوەیە کە باسی پێوەندیی نێوان "نواندنەوە"، "دەسەڵات" و "ئیدیۆلۆژی" دێتە گۆڕێ؛ واتە "نواندنەوە" پرۆسەی نیشاندان و ڕوون کردنەوەی ڕاستەقینەکان لە میدیاکاندا نییە، بەڵکوو لە بنەڕەتە دەدرێن، لە کاتێکدا بەشێکی بەرچاو لە باسەکانی کۆمەڵکا بێدەنگییان لێدەکرێ و ئەو باسانەی وا میدیاکان "نواندنەوە"ی لەسەر دەکەن قازانجی لایەنێکی تایبەتی لەگەڵدایە.

بە شێوەی گشتی دەکرێ بڵێین کە لە بازنەی فەرهەنگی و بیرۆکەیی ئەمڕۆدا، نواندنەوەی چەمکی "ژن"، "کەمینە نەتەوەییەکان" و لایەنە سەرکوتکراوەکانی دیکە، باسگەلێکن کە کەوتوونەتە بەر ڕەخنەیێکی بەرچاوەوە.

وەک کورتەیێک لە باسەکە، دەتوانین بڵێین کە "نواندنەوە" پرۆسەیێکە کە میدیاکان لە ڕێگای ئەوەوە "دنیایێکی ڕاستەقینە" بە ئێمە نیشان دەدەن؛ بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی دەیبینین "ڕاستەقینە" نییە و ئەو شتەیە کە لە هەر کۆمەڵگایێک، دەسەڵات دەیەوێ بە کۆمەڵگای خۆیدا بیسەپێنێ. هەر بۆیەش لە نێوان ئەو هەموو ناڕاستییەی وا لە دەور و بەرمان دەیبینین و دەورەیان داوین، ڕۆڵی دەرهێنەرێک وەک "گۆنەی" کە سەر بە هیچ لایەنێکی دەسەڵات نییە و لە ئیدیۆلۆژییێکی سەربەخۆ، جیهانی و پێکهاتوو لە دنیای "ڕێئال" بۆ نواندنەوەی کارەکانی کەڵک وەردەگرێ، گرنگییێکی زۆری هەیە.

## نواندنەوەی "ڕەخنە" لە سینەمای گۆنەیدا

پاش ناساندنی چەمکی "نواندنەوە" و گرنگی ئەو لە ناو سینەما و میدیادا، دەمانهەوێ نواندنەوەی چەمکێک کە لە سینەمای گۆنەیدا زۆر بەرچاوە و لە کارەکانیدا بەدی دەکرێ بناسین، واتە "ڕەخنە"!

بۆ ئەوەیکە بزانین گۆنەی "ڕەخنە" بە چ شێوەیێک لە کارەکانیدا دەنوێنێتەوە، دەبێ وڵامی دوو پرسیاری سەرەکی بدەینەوە:

## 1 - ڕەخنە بۆ گۆنەی چ مانایەکی هەیە؟

《هاوڕێیان! ئازار، زۆرەملی، هەژاری، خوێن و فرمێسک چارەنووسی گەلی کورد نییە؛ ئێمە ئەم چارەنووسە ڕەت دەکەینەوە، ئەم چارەنووسە ناناسین. ئێمە دەمانەوێ لە خاکی خۆماندا، بە زمانی خۆمان، گۆرانی ئەوین و ئازادی بڵێینەوە و دەمانەوێ بە دەستی خۆمان خاکی وڵاتەکەمان بشێلین و سەرلە نوێ شێوە و ڕێکخستنی پێبدەین》. (بەشێک لە وتاری یەڵماز گۆنەی لە نەورۆزی ساڵی 1984)

هەر وا کە لە یەکێک لە دواهەمین وتارەکانی ژیانیدا کە لە ناو خۆپیشاندەرانی کورد لە ئۆرووپا بەڕێوەدەچێت و وەک ڕابەرێک لەو کۆڕەدا خەریکی پێشکەش کردنی وتارە، دەبینین کە هیچ چەشنە نەرمییێک لە قسەکانیدا بەدی ناکرێ؛ نە تەنیا وەک کەسایەتییێکی سیاسی-کۆمەڵایەتی، بەڵکوو وەک نووسەر و دەرهێنەرێکیش ئەو توندوتیژییە لە زمانی ڕەخنەیدا زۆر بەرچاوە. ڕەخنە بۆ ئەو، تیخێکی جوانکاری نییە! بەڵکوو تیخێکی نەشتەرگەرییە، تیژ و بڕە و دەیەوێ ئەو ناکۆکییانەی وا لە ناو فیلمەکانیدا نیشانی دەدا، لە کۆمەڵگاکەی ببڕێتەوە. بە وتەیێکی تر، کاتێک گۆنەی ڕەخنە لە باسێک دەگرێت، بە دوای چاکسازی یا Reform لە دڵی ئەو باسەدا نییە! بەو هۆیەی کە بۆچوونێکی "ڕادیکاڵ" بەسەریدا زاڵ بووە، دەیەوێ ڕاپەڕینێک پێک بهێنێت و ئەو چەمکەی وا خەریکە ڕەخنەی لێدەگیرێ، لە ناوی ببات و هەڵیوشێنێتەوە.

ئەو باسە لە بیرۆکەی مارکسیستیدا بە ناوی قەیران(cri-sis) شرۆڤە دەکرێ؛ واتە لە دڵی ڕەخنەیێک کە دەیگرێ، قەیرانێک ڕوو دەدا. بەو مانایە کە کاتێک لە ڕێگای ئەو بیرۆکەیەوە ڕەخنە لە سیستمێک دەگیرێ، ئامانج ئەوەیە کە ئەو قەیرانەی وا لە ناو دڵیدا ڕوو دەدا بۆ بینەری بنوێنێتەوە و ئامرازی سەرەکی بۆ ئەو ئامانجە لە سینەمای گۆنەیدا، "تراژێدی"یە؛ لە ڕاستیدا ئەو بەشە لە چیرۆکەکەیە کە کاریگەرییێکی زۆری دەبێت و دەیەوێ بینەر بخاتە دۆخێکی وەها کە هەوڵ بدا ئاڵ وگۆڕێک بەسەر ئەو قەیرانەی ناو کۆمەڵگادا بهێنێت.

## 2- گۆنەی ڕەخنە لە چی دەگرێت؟

دوو دیاردە لە ژیانی گۆنەیدا کاریگەرییێکی زۆریان لەسەر بەرهەمەکانی بووە کە بریتین لە: ژیانی ئەستەمی خۆی و بنەماڵەکەی، هەروەها ئەو بیرە چەپانەی وا بیرۆکەی ئەویان پێک هێناوە. ئەو دوو ئامرازە، یەکەم بابەتێک کە دەیخەنە بەر نیشانەی "چەکی ڕەخنە"وە، "دەسەڵات"ـە؛ دەسەڵاتێک کە بە جیاوازیی چینایەتی، تەواوی هەوڵی لە پێناو برسیترکردنی چینی چەوساوە و تێرترکردنی خۆی دەدا. سەرەکیترین ئامرازیشی بۆ بەردەوامیی ئەو دۆخە، نائاگایی، نەخوێندەواری و هیواییکی بێ سەرەنجامە کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە ناو بیر و مێشکی چینی ژێردەست پەرەیێکی زیاتری پێدەدات تا بەردەوام هیوایان بە ڕزگاریی خۆیان لەو ژیانە تاڵە ڕاگرن و بە دوای گۆڕینیدا نەکەون.
هەرچی بەرەو دواهەمین کارەکانی گۆنەی دەڕۆین، ڕەخنەی ئەو لە دەسەڵات بە شێوەیێکی بنەڕەتیتر دەخرێتە بەر چاو؛ باس لەسەر جیاوازیدانان لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای تورکیا، جەوری نەتەوایەتی، زیندان، ئەشکەنجە و ئازار، باسگەلێکن کە گۆنەی بۆ بینەری دەنوێنێتەوە. زیندان لە فیلمەکانی گۆنەیدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە و لە ڕاستیدا ئاوێنەیێکە لە خودی کۆمەڵگا. بە تایبەتی فیلمی "ڕێگا" کە چیرۆکی ژیانی 5 بەندکراوە کە مۆڵەتی مەرەخەسییان پێدراوە تا سەردانی بنەماڵەکانیان بکەن. گۆنەی بە زیرەکی تا کۆتایی فیلمەکە باسێک لە هۆکاری لە بەند کرانی "سەیید عەلی"، "مەولوود"، "عومەر"، "یووسف" و "مێهمێت" ناکات و دەیەوێ دۆخی کۆمەڵگاییکمان بۆ بنوێنێتەوە کە لەودا مرۆڤەکان تەنیا بە تاوانی ڕەگەزیان (کورد بوون) لە بەند دەکرێن، نە تاوانێکی تر! بەڵام دنیای دەرەوە بۆ ئەو 5 کەسە (کە گۆنەی وەک نوێنەری چینێکی بەرچاو لە کۆمەڵگا، ژیانیان بۆ ئێمە دەنوێنێتەوە) تەنیا زیندانێکی گەورەترە و گۆڕانکارییێک کە بە هۆی لە بەند کرانیان چاوەڕوانیان دەکات، لە ژیانیان لە ناو بەنددا زۆر ئەستەمترە.
. لە هەموو جێگای فیلمەکە سەرباز و هێزی سوپایی تورکیا، کە ئاماژەیێکە بە بارودۆخی ڕەشی ناو کۆمەڵگا، ئەبینرێت کە بە شێوەیێکی زۆر ناشیاو خەریکی پشکنین و ئازاری خەڵکن.



"عومەر" کە لە ناو زیندانداا لەگەڵ بیرەوەرییەکانی کە پڕن لە سەوزایی و جوانیی سروشتی کوردستان و تەڕاتێنی ئەسپەکانیان لەگەڵ براکەی(ئەبووزەر) هاوڕێین، کاتێک دەگەڕێتەوە، لەگەڵ گەمارۆی سەربازەکان بۆ سەر خەڵکی ئاواییەکەی بەرەوڕوو دەبێتەوە و "ئەبووزەر"یش لە ماڵەوە نادۆزێتەوە؛ ئەو ئێستا ئەندامی "چەکدارانی چیا"یە کە لەگەڵ سوپای دەسەڵات بەشەڕ دێت. لە ڕاستیدا بەستێنی فیلمەکە تەواو لە ژێر کاریگەریی ڕۆژگاری ڕەشی دوای کوودێتای 1980ی تورکیا بەڕێوەدەچێ. لە ڕاستیدا گۆنەی هەوڵ دەدا ژیانی ڕاستەقینەی خەڵکی کۆمەڵگایێک بۆ بینەری خۆی بنوێنێتەوە کە لە سەرەتای چیرۆکەکەیاندا هیوایان هەیە بە گۆڕینی دۆخی ژیانیان، بەڵام جگە لە ئازار و سەرکوتی حکوومەت چی تر چاوەڕوانیان ناکا.(قەیران)
بەڵام نواندنەوەی گۆنەی لەسەر ڕەخنە، تەنیا لەو ئاستە سیاسییەدا ئۆقرە ناگرێ؛ بەڵکوو زۆر بنەڕەتیتر و شیاوتر باس لە کێشەکانی کۆمەڵگاکەی دەکات. تەنانەت لە ئەوڕۆی کۆمەڵگای کوردیشدا ئەو باسە بە شێوەیێکی گونجاو کاری لەسەر نەکراوە؛ واتە "ڕەخنە لە فەرهەنگی ناو کۆمەڵگا"! ڕوانینی گۆنەی بە کێشەکانی کۆمەڵگای کورد، ڕوانینێکی "سانتیمانتاڵ" نییە کە هەموو تاوانەکان لە جەوری "دەسەڵات"دا کورت کاتەوە.
ئەو کێشەی گەورەتر لە قووڵایی ناو ڕۆحی فەرهەنگی کۆمەڵگایێک بۆ ئێمە دەنوێنێتەوە کە لە داب و نەریتی هەڵە، پیاوسالاری و باوک سالاری، بیر تەسکیێکی چر و... پراوپڕە. ئەگەر "دەسەڵات" لەگەڵ جەماوەری خەڵک وەک داگیرکەرێک دەجووڵێتەوە، خەڵکی ناو کۆمەڵگاش لە پێوەندی لە ئاست یەکتر (لەگەڵ کەس و کاری خۆیان) کەمتر لە ئەوان نین و کۆنەپەرستی و بیرۆکە گەندەڵەکان، زۆر بەئازارترن لە جەورێک کە "دەسەڵات" بەسەر خەڵکی دەهێنێ. سەربازەکانی ناو فیلمەکان "جەستە"ی خەڵک دەپشکنن، بەڵام داب و نەریتە بێ ڕوحمەکان "ڕۆح"ی خەڵک.

سەربازەکان بەزەییان بە گەورە و چکۆلەدا نایە، بنەماڵەی "ئەمینە"، هاوسەری "محەممەد"یش، بە بیانووی ئەوەیکە لە کاتی دزی کردن، پاش گەیشتنی پۆلیس، "عەزیز"(برای ئەمینە)ی جێهێشتووە و پێیان وایە بە کوشتی داوە، بەدوای تۆڵەکردنەوەن و لێیخۆش نابن. فەرماندەی سەربازەکان دەستووری پەلامار دەدا، و باوکی "زینێت"(هاوسەری سەیید عەلی) بۆ ماوەی 8 مانگ کچەکەی لە تەویلەیێکدا لە زنجیر کردووە، لەبەر ئەوەی ئابڕووی بردوون و زینای کردووە، ئێستاش چاوەڕێی سەیید عەلییە کە بگەڕێتەوە و گیانی لێبستێنێ.
بەرخۆدان لە بەرامبەر "دەسەڵات"دا لە ڕێگای "بێدەنگی"، "بەیدەستی"، "هاوکاری نەکردن لەگەڵ ئەندامانی دەسەڵات" و... دەکرێت؛ بەڵام بەرخۆدان لە بەرامبەر سوونەتی ئاوێتە بە بیرتەسکی، بیرۆکەی کۆنی پیاوسالاری، باوەڕە لە ناوچووەکانی "فێئۆدالیستی" و... کارێکی ئاسان نییە؛ بەو هۆیە کە تەنانەت ئەو کەسانەی وا قوربانیی ئەو باوەڕە هەڵانەن، ئەو بۆچوونانە بەسەریاندا زاڵە و زوڵمێک کە لێیان دەکرێ بە کردەوەیێکی ڕەوای دەزانن.
"مەولوود" کە دلێرترین دەنگی لە ئاست نەریتە هەڵەکاندا هەیە (کوڕێکی گەنج کە لە ڕواڵەت و وتاریدا دیارە لە چینی دارای کۆمەڵگایە)، تەنانەت ئەویش ئەسیری زیندانێکی دووبەرەیە. لە لایەکەوە بە توندی بەرەنگاری نەریتە کۆنەکان دەبێتەوە (کەس و کاری "ماراڵ"، دەسگیرانەکەی، کە ڕێگەیان پێنادەن دوو بە دوو لە دەرەوە بن)، لە لایێکی تریشەوە لە بەندی "پیاوسالاری"دا ئەسیرە و بەو شێوەیە لەگەڵ هاوژینی داهاتووی دەدوێ:پاش پێکهێنانی ژیانمان، هەر کارێک کە من دەیڵێم دەبێ بیکەی. ئەگەر بڵێم ماست ڕەشە، بڵێ ڕەشە. مافی قسەکردن لەگەڵ هیچ پیاوێک جگە لە باوک و براکانت نییە، ئەو جۆرەی وا من دەمەوێ دەبێ جل بپۆشی، نابێ لەسەر قسەی من قسە بکەی...》 . لە بەرامبەردا، "ماراڵ" بە بزەیێک لەسەر لێوی دەڵێ: 《چەند جوان قسە دەکەی، ئەو قسانە لە ناو زینداندا فێر بووی؟!》
لە پەنا ئەو توندوتیژییەدا، دەبینین کە "مەولوود" پاش ڕۆیشتنی دەسگیرانەکەی، بۆ سەرکوتکردنی پێداوێستییەکانی ڕوو دەکاتە سۆزانیخانەیێک، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوێ زیندانێکی ترە؛ لە کاتێکدا کە لەشفرۆشەکە پێی دەڵێ بڕواتە دیوی 4 و چاوەڕوانی بکا، مەولوود هاوار دەکا: 《لە ژمارەی 4 بێزارم، لە ناو بەندیش ژمارەی دیوەکەم 4ـە، دیوێکی ترم بدەنێ.》

قارەمانی چیرۆک "سەیید عەلی"یە، کە بە دڵێکی پاک و پڕ لە بەزەییەوە، بەرەنگاری نەریتە کۆنەکان دەبێتەوە. هەموو سەیید عەلی هان دەدەن کە تۆڵە لە ژنەکەی بکاتەوە کە گوناهی کردووە و زۆر جار بۆخۆشی بە گومان دەکەوێ، بەڵام لە کۆتاییدا بڕیار دەدا لەبەر عەشق، بێ ئابڕوویی تاو بهێنێت و بگەڕێنەوە بۆ شارەکەیان. لە جوانترین بەشی فیلمەکەدا "زینێت"ی لاواز، لە ڕێگا ڕۆیشتن لە ناو بەفردا دەمێنێتەوە و "سەیید عەلی" و "میرزا" (کوڕی بچووکی سەیید عەلی) بە شەلاخ لێیدەدەن بۆ ئەوەی لە سەرما نەمرێ!؛ عەشق و نەفرەت تێکەڵ دەبنەوە و "زینێت" لە کاتی پاڕانەوە بۆ لێخۆشبوونی هاوسەرەکەی، گیانی دەردەچێ. لەو نێوانەدا، کێ جگە لە هاوژین و منداڵەکەی گوێیان لە هاواری پاڕانەوەی "زینێت" بوو؟ گۆنەی وامان پێ نیشان دەدا کە لە کۆمەڵگایێکی دواکەوتوو و کۆنەپەرستدا، بۆ بیستنی هاواری "ژن"ێکی پەشیمان لە تاوانەکەی، هیچ گوێییێکی بیسەر، بوونی نییە. (قەیران).

تەنیا "زینێت" نییە کە دەنگی دەخنکێ، سەرجەم ژنەکانی ناو کۆمەڵگاکە سەرکوتکراو و بێ پەنا و داڵدەن. گشتیان فەرمانبەر و سەبوور و شوکرانەبژێرن! تەنانەت "ماراڵ"یش کە پێشکەوتووتر و بە دەسەڵاتتر لە ژنەکانی ترە، لە ئاست سەروەریی "مەولوود"دا بەیدەستە و بەرەنگاری قسە ناڕەواکانی نابێتەوە. گشتیان پیاوسالاریی پیاوەکانیان بە مافی ئەوان دەزانن.

دایکی بەساڵاچووی "سەیید عەلی" لەوەیکە پیاوەکەی ژنێکی نوێی هێناوە گلەیێکی نییە.

مردنی ئەسپ و "زینێت" لە ناو بەفردا، نواندنەوەیێکە لە پێگەی ژن ە ناو ئەو کۆمەڵگایەدا.

هاوسەری "محەممەد" (ئەمینە)، لەبەر بەزەیی و عەشقێک کە بە هاوژینەکەی هەیەتی، بنەماڵەی خۆی وەلا دەنێت و هەر بەو تاوانەش، بە دەستی براکەی دەکوژرێت. لەهەر شوێنێک کە ژنان نەریتەکان بشکێنن، بە سەختی سزا دەدرێن؛ بەڵام هەر ئەو کردەوەیە ئەگەر لە لایان پیاوێک ڕوویدات هیچ کێشەیێک پێش نایەت! چ جیاوازییێک هەیە؟ مەگەر تاوان هەر تاوان نییە؟ ئەی بۆچی "زینێت" لەبەر تاوانێک کە سەرچاوەیێکی ڕۆحی و کۆمەڵایەتی هەیە سزاییێکی قورس دەداتەوە، لە بەند و زنجیر دەکرێت و دەبێ بکوژرێت، بەڵام "مەولوود" هەر ئەو کارە ناڕەوایە دەکات، بێ ئەوەی هیچ شەرم و ترسێکی ببێت!

لە پەنای نواندنەوەی ژیانی ئەستەمی ژنێک لە کۆمەڵگادا، گۆنەی منداڵانیش لەبیر ناکات کە دەبنە قوربانی دوژمنایەتی و کۆنەپەرستییەکان. یا لە ژێر ڕەگباری فیشەکی سەربازەکاندا لە گوندی "عومەر" تەنیا و بێکەس دەمێننەوە یا وەکوو "میرزا" کە دایکی (زینێت) بە مرۆڤێکی گەندەڵ دەناسێت، وانەی دواکەوتوویی و بیرتەسکی فێر دەبن. لە ڕاستیدا گۆنەی پرۆسەی پێکهاتنی بەرەیکێی نوێ لە ناو کۆمەڵگاییێکی دواکەوتوو بۆ بینەرەکەی دەنوێنێتەوە کە وەک زنجیرەیێک دووپات دەبێتەوە! منداڵانێک کە لە سەراسەری فیلمەکەدا بێکەس و ئاوارە دەبن، جێی سەرسوڕمان نییە ئەگەر لە داهاتوویێکی نزیکدا وەکوو باوکەکانیان لە بەندیخانەدا بدیترێنەوە؛ لەو کۆمەڵگایەی وا گۆنەی نیشانی دەدات، لە ڕێگای ڕاست بەدەر چوون کارێکی سەیر و ئەستەم نییە.(قەیران)



لە "دیاربەکر" منداڵانی 6–5 ساڵە دەبینین کە سواڵ دەکەن و جگەرە دەکێشن! ئەو بەشە لە فیلم تەواو ڕاستەقینەیە؛ دەڵێی بە دووربینێکی شاراوە هەڵگیراوە. هەر بۆیە دزی "عەزیز"، برای "ئەمینە"(هاوسەری "محەممەد")، داوێنتەڕیی "زینێت" و... ناتوانین تەنیا بە سروشت و زاتی گەندەڵی ئەوان پێوەندی بدەین؛ چونکە بەستێنە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان لە پێکهێنانی کەسایەتیی مرۆڤ، ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە.

لەو کۆمەڵگا پاشکەوتوویەی وا گۆنەی دەینوێنێتەوە، تەنانەت پیاوەکانیش لە گەمارۆی دواکەوتوویی و دوژمنایەتی لە ئەماندا نین؛ بۆ وێنە "محەممەد" کە دەبێتە قوربانیی دڵرەقی و دوژمنایەتی کەس و کاری هاوسەرەکەی. هەروەها"عومەر"یش پاش کوژرانی براکەی (ئەبووزەر) دەکەوێتە بەر ئابلۆقەی سوننەتی پێشینیان و دەبێت ژنی براکەی، کە چەند منداڵیشی هەیە بکا بە هاوسەری، بەڵام لەو کاتەدا دڵی بە "گوڵبەهار" داوە؛ دڵدارێک کە تەنیا لە چەند نیگادا پێکهاتووە و "عومەر" لە نێوان فەرمانی "دڵ و سوننەت" کە هەردوو حورمەتیان هەیە، سەرلێشێواو دەمێنێتەوە. لە ئاکامدا، هەردووکیان بەجێدەهێڵێ دەچێتە ناو هێزی "چەکدارانی چیا". نیگاکانی ئەو و "گوڵبەهار" و لە ئاکامدا جێهێشتنی دڵدارەکەی، ئەو گۆرانییەی "شڤان پەروەر" بیر دەهێنێتەوە کە دەڵێ:

"Dotmam tu pir şêrînî li ba şivan, lê nîşti-
man nadim bi hezar yaran"

لەو نێوانەدا، تەنیا "یووسف" کە بەرگەی مەرەخەسییەکەی لێ ون دەبێت و بە ناچار دەیگەڕێننەوە بۆ بەندیخانە، لە ڕۆیشتن بۆ شار و بنەماڵەکەی دەمێنێتەوە. لە سەرەتا بینەر بۆی بە پەرۆش دەبێ؛ بەڵام مخابن کە لە ڕاستیدا "یووسف" لە نێوان ئەو 5 کەسەدا، بەختەوەرترینیانە کە پێی بە کۆمەڵگاییێکی ئاوێتە بە جەور و دواکەوتوویی ناکرێتەوە و دەبێ قەدری گۆشەی بەندیخانە بزانێ!

باس لەسەر فیلمی "ڕێگا" وەک نوێنەرێک لە بەرهەمەکانی "گۆنەی" پێشکەش کرا. ڕەنگە "ڕێگا" بەهێزترین بەرهەمی گۆنەی نەبێ، بەڵام بۆ ئامانجی ئێمە لەو بابەتەدا، کە ناساندنی شێوازی "نواندنەوەی ڕەخنە" لە سینەمای گۆنەیدایە، تەواوترینیانە؛ بەو هۆیە کە ڕەخنە لە هەردوو چەمکی "دەسەڵات" و "کۆمەڵگا" تێیدا بەدی دەکرێ.

بە گشتی لە سەرجەم چیرۆک و بەرهەمەکانی، هەر وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، "ڕەخنە" ئامرازێکە بۆ "قەیران نانەوە"، "ئاگادارکردنەوە"، و لە کۆتاییدا پێکهێنانی "ڕاپەڕین"!

سپاس و پێزانینی تایبەت بۆ:
بەڕێز "کاوان محەممەدپوور" کە بێ ڕێنوێنی و و یارمەتیی بەڕێزیان ئەو وتارە نەدەخولقا
هەروەها سەرجەم ئەو ئازیزانەی وا لە نووسینی ئەو بابەتەدا یاریدەرمان بوون.

سەرچاوەکان:

1. وتووێژی یەڵماز گۆنەی لەگەڵ "کریس کۆچرا، ژانوییەی 1983
2. فیلمی موستەنەدی the legend of the ugly) (king
3. "فاحشه ها حرف نمیزنند، نقدی بر فیلم رمه یلماز گونی" بهمن خالدی
4. کتێبی " کورد و کوردستان لە هونەری هونەرمەندی شۆڕشگێر، یەڵماز گۆنەیدا"، حەمەکەریم عارف
5. "بازنمایی و قدرت" سایت جامع پرتال علوم انسانی





# ئیسفای دیاردەی دوزوانەیی و باوترین نمێنەکەیل فێرکاری دوزوانە

نووسین :عەلی عەلیزادە

## پێشەکی

دوزوانەیی دیاردەیگ گشتلاگر و جهانی لە سەردەم هاوچەرخە؛ لەیوا ک کەمتر کوومەڵگا و وڵاتێگ پەیا بوو ک لە بار زوانی و فەرهەنگی، خاون جووراوجووری و فرەیی نەود. ئێ دیاردە لە شێوەی کلاسیکێ (جووراوجووری قەومی و ڕاجەیی ناوچەیگ) بنچینەیگ مێژوویین دێرێ ک وەبوونەی هاوژینی قەومەیل و جەرخەیل زوانی جووراوجوو لە وڵاتێگ یا ناوچەیگ تایبەت وەدیهاتییە. هەرلەیوا، شێوەیل نووترێ وە مدوو کووچ و جیوەجیبۆن دەسەیی وەدیهاتێیە ک فرەتر لە وڵاتەیل پێشکەفتێ دۆنریەید. گشتلاگر بۆن ئێ دیاردە وە لەونێگە ک ئڕا وێنە لە قاڕەی ئورووپا، تەنیا دو وڵات ئیسلەند و پرتەخاڵ خاون بنەوای زوانی «یەکزوانە» وە شمار تیەن و وڵاتەیلێگ لەوای: بلژیک (س زوان)، سووئیس (چوار زوان)، ئینگلیس ( لانکەم دو زوان)، جووراوجووری و فرەیی زوانی لە دەڤەرەیل جووراجوور و وەتایبەت لە زەمینەی پەروەردە وە فەرمی ناسینە.

چۆنیەتی پەیوەندی ناوەین دوزوانەیی و ڕاهاوردن و بارهاوردن[1] لە باوەتەیل گرینگێگە ک ئمڕووژە سیاسەت ڕشەیل فێرکاری، بەرنامەڕشەیل، دەروونناسەیل، زوان ناسەیل و ماموسایل وەگەردێ ڕۆوەڕۆن.

سەرنەکەفتن لە خوەنین و کارکردەیل قوتابییەیل دوزوانە لە لاینێگ وەگەرد دوزانەیی و لە لاینێگ تر وەگەرد ڕەوشەیل جیاواز فێرکاری پەیوەندی دێرێ. ئسفادە لە ڕەوشەیل فێرکاری یەکسان ئڕا هەر دو جەرخەی یەکزوانە و دوزوانە وەڕاسی بێسەرنجی وە جیاوازییەیل داهاتێ لە ئەمر چەندزوانەییە. لە شێوەیل باو پەروەردەی ئێران، وە مەسەڵەی دوزوانەیی ئێقە ک ئەوجە دێرێ سەرنج نیەدریەید و ئێیە گوزار[2] یگ گرینگە ئڕا سەرنەکەفتن لە خوەنین قوتابییەیل ناوچەیل چەندزوانەی ئێران لەچەو[3] قوتابییەیل ترەک.

گێچەڵەیل فێربۆن قوتابییەیل، سەرەڕای ئەوە ک بوودە مدوویگ ئڕا وەدەسهاوردن نمرەیل خوار لە وانەیل، بوونەی کەمەوبۆن باوەڕوەخوەیی، نووڕگەی مەنفی سەبارەت وە خود، دڵسەردی، خەج هەزینەیل فرە ئڕا قەرەبووی گێچەڵەیل پێشهاتێ لە لاین خانەوادە و سیستێم فێرکاری، لەکیس دانِ زەمان فرەتر ئڕا فێرکاری و فێربۆن لە لاین ماموسایل و باوگ‌ودالگەیل[5]، وەلانان خوەنین[6]، لەدەسدان شانیەتەیل ناو کوومەڵگا و دەرفەتەیل پیشەیی و ...یش بوودن.



### - پێناسەی دوزوانەیی

ژانگ، ڕاهاوردن و بارهاوردن دوزوانە وەک هەرگوونە ئسفادە لە دو زوان لە ژیان و وانەوەتن[7] ئڕا ئامانجەیل کوومەڵایەتی و پەروەرشی زانستێیە. بەیکر، لەسەر ئێ باوڕەسە ک فەرد دوزوانە کەسێگە ک تۆەنێ لە دو زوان لە هەلومەرجەیل جووراوجوور ئڕا ئەفراد جووراوجوور و ئڕا ئامانجەیل تایبەت ئسفادە بکەید. گروسژین وە پایەی بەراوردێگ ڕەسییە ئێ دەسکەفتە ک هڵایە کوتێگ لە ئاپووره[8]ی دنیا دوزوانەن. ئێیە لە هاڵێگە ک کریستال بەراورد کردێیە ک دوسێیم مناڵەیل دنیا لە ئاقار[9]ەیل دوزوانە هڕشت کەن.

### - خاسییەیل[10] دوزوانەیی

خوەنینەوەیل پەیوەندیدار وە دوزوانەیی لە ڕەوەن مێژوویی خوەی، ئاماژە وە دەسکەفتەیل جیاوازێگ ئڕا ئێ دیاردە وەتایبەت لە زەمینەی فێرکاری و فێربۆن کردێیە.

1- ڕاهاوردن و بارهاوردن: تەعلیم و تەربیەت
2- عامل
3 - نسبەت وە
4 - نتلاف
5 - باوگ‌ودالگەیل؛ والدین
6 - تەرک تەحسیل
7 - تەدریس
8 - جەمعیەت
9 - موحیت
10 - مەزایا

خوەنینەوەیل سەرەتایی وە نووڕگەیگ ڕەشبینانە، دوزوانەیی وەک ئەمرێگ مەنفی و گەزەندار زانستنە و لە لێ وەک وەدیهاوەر ناسامانی لە ئێ پروسە هۆر کردنە. خوەنینەوەیل ترێگیش هەن ک وە نووڕگەیگ بێبار نووڕسنەسە ئێ دیاردە و کارگەریێ لەسەر فێرکاری و فێربۆن کەمبایەخ نیشان دانە. دۆایین خوەنینەوەیل (دۆای دەیەی **1980** ز.) وە ویەر لە قوتببەندی ڕەشبینی – بێبار، وە نووڕگەیگ ڕاسبینانە دەرفایەتییەیل[11] و کێشەوبەرەیل[12] ئێ دیاردە ئیسفا گردنە و وەپایەی بارودووخ و بەستەرەیل کوومەڵایەتی و سیاسی، شوونهاتەیلێ ڕەچاو کردنە. زانستن چەن زوان لە فەزایگ ک گشت زوانەیل و فەرهەنگەیل وەرەو هامگەرایی هان داس و لە بار جهانی پەرە داسە پەیوەندییەیل زانستی، فەرهەنگی و ئابووری، دەرفەت و بارودووخ خاسێگ ئڕا ئەفراد وە شمار تێ.

پیشەیی و سەرکەفتنەیل وەرچەوترێگ لە بانان بەرخوردار بوون. سە تۆەنیم بۆشیم لە بارودووخێگ ک وە هەر دو زوان فەرد وەتایبەت لە دەڤەر فێرکاری گرینگی بدریەید، وە لەونێگ ک بتۆەنێ لە ئمکانات زوان یەکم (زوان داڵگی) لە فێر بۆن و جەنبەیل جووراوجوورێ ئسفادە بکەید، بوودنە بوونەی هڕشتکردن ناسیاری و شارەزاییێ.

## - گەنییەیل[14] دوزوانەیی

دو زوانەیی لە هەلومەرج تایبەتێگ ک زوان یەکم مناڵ هۆچ نەخشێگ لە فێرکاری و فێربۆنێ نەیرێ و فێربۆن زوان دویم پلە پلە مدوو کەمەوبۆن توان و پسپووڕییەیل پەیوەندیدار وە زوان یەکمێ بوود، کارگەرییەیل خاپوورکەرێگ لەسەر پروسەی فێربۆنێ نەید. کەمینەیل زوانی لە کوومەڵگایلێگ ک نمادەیل و نیشانەیل زوانی و




پیل و لەمبرت ڕەسینەسە ئێ دەسکەفتە ک دوزوانەیل لەچەو یەکزوانەیل، لە چەمکسازی و ئەنجام تەکالیفێگ سەرکەفتێترن ک وە نرخ بانێگ لە شلکوشیاوێ[13] زەینی یا نمادین ئەوجە دێرن.

زوورم لێکوولێنەوەیل نیشان دانە ک فام کەڵامی و ناکەڵامی دوزوانەیل وەتایبەت لە هەلومەرجێگ ک لە لێ وەک دوزوانەیی ئەفزایشی هۆر کەن، لە یەکزوانەیل فرەترە و ئێ ئەفرادە وە بوونەی هزر ئافرێنەر و دامێنەی پەیوەندی فرەتر و پەیوەندییەیل کوومەڵایەتی بەربڵاوتر، لە دەرفەتەیل

فەرهەنگییان لە وەرانوەر جەریان سەرەکی و فرەینە کوومەڵگا کارایی و کاربردی نەیرێ، وەگەرد گوونەیگ هەڵسەنگانن مەنفی و نووڕگەی سووککەرانە لە لاین ئەندامەیل فرەینە و هەرلەیوا خود کەمینەیل ڕۆوەڕۆ بوون. یەکێ لە جیاوازییەیل گەورای قابڵ دەرک، لە پرێستیژ کوومەڵایەتی ئێ دو گوونەس: زوان ئاست بان وەگەرد هەجم گەورایگ لە ئەدەبیات هاوڕێیە و وەگەرد خوەی پرێستیژ، سوننەت یا مەزهەب گەورایگ دێرێ، پایارترە و وە مێیەت دەقەیل نۆسریای و لە لاین نزام فێرکاری لە

گۆەڕانێ چاودێری بوود. ئاماڵ لە ناوچەی بەربڵاوترێگ وە کار چوود و وەی بوونەوە تۆەنێ لە خزمەت ئامانج یەکگرتە کردن بوو. گوونەیل ئاست خوار فرەتر خوومالین و تەمایل وە گۆەڕانن زاراوەیل نەنۆسریای دێرن.

سە بارودووخێ ک لە تێ ئەفراد ناچار بوون ئڕا وەدەس هاوردن دەرفەتەیل فێرکاری، زوان یەکم خوەیان بیلنە پشت دەر و لە لێ هۆچگوونە ئسفادەیگ ئڕا وەدەس‌هاوردن دەرفەتەیل ئابووری و شانیەت کوومەڵایەتی نەکەن، جیا لە شوونهاتەیل ناسیاری و هەنجاری زیانبارێگ ک ئڕا ئەفراد وەبار تیەرێ، تۆەنێ وە هازگردن هەست دوچەوەکی و وەلانریان یاری بێیەید و لە بەشداری لە ئوموور کوومەڵایەتی و سیاسی دۆر بیلێدەیان.

## - مودێلەیل فێرکاری دوزوانە

لە فێرکاری دوزوانە لە دو زوان ئڕا فێرکاری و فێربۆن ئسفادە بوود و هەوڵ دریەید تا لەی ڕێیە ڕێکارەیلێگ ئڕا چارەسەر کردن ناهاواهەنگییەیل و دژەتییەیل زوانی مناڵ نیشان بدریەید. مودێلەیل جووراوجوورێگ ک ئڕا فێرکاری زوان دویم لە سیستێم فێرکاری و پەروەرشی وە کار گیریەید، وەپایەی ئامانجەیل و ئستراتژییەیل کوومەڵگا، شوونهاتەیل جیاواز زوانی، ناسیاری و هەنجارییگ ئڕا قوتابییەیل وە بار تیەرێ.

فێرکاری دوزوانە یانی: ئسفادە لە دو زوان وەک یەی ڕسانەی فێرکاری ئڕا مناڵ یا جەرخەیگ لە مناڵەیل لە بەشێگ یا گشت بەرنامەی دەرسی قوتابخانە. هەرلەیوا، ئێ خاڵە پەسەن کریاس ک جیایی زوان و فەرهەنگ نامومکنە و وەی بوونەوە، چەمک فێرکاری دوزوانە، داگیر فێرکاری دوفەرهەنگیش بوودن.

مودێلەیل ڕاهاوردن و بارهاوردن دنیا وە 9 نمێنەک خوار دەسەبەندی بوون:

- مودێل فێرکاری گواستنەوەیی
- مودێل فێرکاری ژێراو کردن
- مودێل فێرکاری دوسەرە
- مودێل فێرکاری چاودێری
- مودێل فێرکاری پرێستیژ
- مودێل فێرکاری ژیانەوەی ژێراو کردن
- مودێل فێرکاری هڕشت کردن
- مودێل فێرکاری دامەزریای لەسەر ناوەڕووک
- مودێل فێرکاری چەن‌زوانە

باوترین و پرکاربردترین ئێ مودێلە سێ مودێل **1 - گواستنەوەیی 2 - ژێراڤ کردن 3 - دوسەرە ن ک لە خوار لەسەریان باس کریەید:**

## 1 – گواستنەوەیی

لە فێرکاری دوزوانەی گواستنەوەیی، زوان داڵگی قوتابی تا هەنای ک وە زوان فرەینە زاڵ بوو، لە فێرکاری کاربرد دێرێ. لە ئێ بەرنامە، فێرکاری لە زوان داڵگی دەس پێ کەید و لە هاتنە دەیشت زوهەن[15]، قوتابییەیل تا کووتایی کلاس دویم سەرەتایی وە زوان داڵگی دەرس خوەنن و لە هاتنە دەیشت دێرهەن[16]، تا کووتایی دەورەی سەرەتایی **40٪** وانەیل وە زوان داڵگی خوەنن. فێرکاری دوزوانەی گواستنەوەیی قوتابییەیل وە شێوەی کاتی ئڕا مەلەکردن لە ناو گوڵەم کەم‌ئاوێگ (زوان داڵگی) ئامادە کەید تا هەنای ک توانایی مەلەکردن لە چەم (زوان فرەینە) وە دەس بارن. ئامانج، ویەر لە زوان داڵگی قوتابی وە زوان فەرمی وانەوەتنە تا ئامێتەکردن زۆتر و هەرچێ فرەتر زوانی وە دەس باید. ئێ شێوە ک لە تێیا لە ماموسایل دوزوانە ئسفادە بوود، چۆنیەتی فێربۆن زوان فرەینە ئڕا قوتابییەیل کەمینە ئاسان کەید و ئاکام دوایین هەمتەزار[17] خاسترکردن نرخ سەرنەکەفتن لە خوەنین کەمینەی زوانییە. ئێ فێرکارییە وەپایەی سەرتری زوان فرەینە وە کەمینەس ک هەوڵ دەید زوان فرەینە وە خاسی فێر قوتابییەیل بکەید و ڕێز لە تەک زوانەیی گرێد و لە لێ پشتیوانی کەید و لە زوان داڵگی ئڕا فێرکاری زوان قوتابخانە ئسفادە کەید.

وەک نموونە لە ئەمریکای لاتین، زوورم بوومییەیل وڵاتەیل کولومبیا، بوولیڤی و گواتمالا لە ڕەوش گواستنەوەیی ئسفادە کەن. لە گواتمالا ک لە **12** ملیوون کەس، **5** ملیوون وە زوان مایان قسە کەن، **1200** قوتابخانەی دەورەی سەرەتایی بەرنامەی فێرکاری دوزوانەی گواستنەوەیی لە ئێ ناوچەیلە وەڕێوە بەن. فێرکاری دوزانە لە وڵاتەیل ئەفریقایی، چین و هولەندیش فرەتر لە گوونەی بەرنامەی فێرکاری دوزوانەیی گواستنەوەییە ک هەوڵێگ ئڕا کەمەوکردن میزان سەرنەکەفتن لە خوەنین قوتابییەیل کەمینەی زوانی وە شمار تێ.

15 - هاتنە دەیشت زوهەن: خروج زودهنگام 16 - هاتنە دەیشت دیرهەن: خروج دیرهنگام 17 - انتظار

## 2 - ژێراوکردن

بەرنامەی فێرکاری دوزوانەی ژێراوکردن وە ئسفادە لە زوان دویم جەخت کەید ک لە تێ ئڕا منالّەیل فرەینەی زوانی وە زوانێ ک توان فێر بوون، وانە ئۆشریەید. لە ئێ بەرنامە مامووسا وە زوان وانەوەتن لە کلاس قسە کەید. بەرنامەی ژێراو کردن جۆر ئەوەسە ک یەی قوتابی کەمینەی زوانی بخریەیدە بەش قۆل گوڵەم و چەوەڕێیی ئەوە بچوود ک لە



کەمترین زەمان و بێ مێیەت موڕەبی مەلە کردن فێر بوود. هەم لە مامووسا و هەم لە قوتابییەیل چەوەڕێیی ئەوە چوود ک تەنیا لە زوان فرەینە لە کلاس ئسفادە بکەن و نە زوان ماڵ. قوتابییەیل وەگەرد ئاخێوەرەیل زاڵ وە زوان فرەینە، فێر کریەن. لە ئێ بەرنامە، قوتابییەیل، ساڵ یەکم وە زوان دویم ژێراو بوون، لە ساڵ دویم، کوتێگ لە وانەیل وە زوان دویم و ئەودوا وە زوان یەکم فێر کریەن.
فەلسەفەی ئێ ڕەوشە یەسە ک زوانەیل لە هەلومەرجەیل پەیوەندی ڕاسکانی خاستر فێر کریەن تا لە هەلومەرجێگ وەک زوان خارجی.
لە ئەیالەت کبک کانادا ڕەوش ژێراوکردن ئڕا منالّەیل ئنگلیسی زوان وە مەبەست فێرکاری زوان فەرانسە ک یەکێ تر لە زوانەیل فەرمی ئەورەسە، وەڕێوە چوود.

فێرکاری دوزوانەی ژێراوکردن لە گوونەی ئەفزایشییە یانی ئڕا پارێزانن هەر دو زوان هەوڵ دریەید. لە زوورم وڵاتەیل ئورووپایی لە ئێ ڕەوشە ئسفادە بوود.

## 3 - دوسەرە

فێرکاری دوسەرە ک وە ژێراوکردن دوسەرەیش ناوێ بەن، لە گوونەی دوزوانەی ئەفزایشییە ک لە تێ لە هەر دو زوان پشتیوانی بوود. یانی کوتێگ لە بەرنامەیل فێرکاری وە زوان داڵگی قوتابی و لە کوتێگ تر چەمکەیلێگ ک وە زوان داڵگی نیشان دریانە، وە زوان وانەوەتن دووارە ئۆشریەن.
لە ئێ ڕەوشە، لە زوان داڵگی قوتابی و زوان لە فەرمی ک لە هاوکاری کاملێگ وەگەرد یەکن، پشتیوانی بوود و دەرک کامل هاوکاری بەین‌فەرهەنگی و دەرفەتەیل فێرکاری بەرابەر شکل گرێ. فێربۆن زوان داڵگی ڕێگیرییگ ئڕا فێربۆن زوان دویم و سەرکەفتن لە خوەنین نیەکەید. وەپێچەوانەوە، قوتابی لە هەر دو زوان شارەزایی زانستی بانێگ وە دەس تیەرێ. لە ئێ شێوە، جیا لە زوان داڵگی، وە زیاد کردن زوان ترێگ، قوتابییەیل کارکرد خاسترێگ لە خوەیان نیشان دەن. ئێ بەرنامە وەپایەی تئوری فێربۆن

زوان دویمە ک هاوکاری ئاخێوەرەیل بوومی و نابوومی وە ئەوجەی فێربۆن زوان دویم زانێ. فرەترین کاربرد ڕەوش دوسەرە لە ئەیالات یەکگرتەی ئەمریکاس.

## - دەسکەفت:

لە سەردەم وێیەردە ک پەرەگری پروسەیل جهانی بۆن و پێشکەفتن تکنولوژییەیل رسانەیی، هامگەرایی فەرهەنگی و زوانی کوومەڵگایل جووراوجوور وە خەڵاتی هاوردێیە، دیاردەی دوزوانەیی وە ئەمرێگ دۆری‌لێنەگر گۆەڕیاس.
فرەوە بۆن پەیوەندییەیل جهانی و ئەوجەی فێربۆن زوانەیل جووراوجوور، بەرنامەی بەربڵاو وانەیی و فێرکارییگ خوازێ ک وە ڕەچاوکردن خاسترین نمێنەک نزام فێرکاری دوزوانە، گەزەنەیل و گەنییەیل دوزوانەیی وە کەمترین میزان کەمەو بکەید و دەرفەتەیل و خاسییەیلێ هەرچێ فرەتر هازدار بکەید.
زوورم لێکووڵینەوەیل لە زەمینەی پێشکەفتن لە خوەنین و پەروەرش قوتابییەیل، نەخش گرینگ زوان یەکم لە شانیەت ناو کوومەڵگا و هڕشت ناسیاری قوتابییەیل پەسەن کەید.
وەپایەی ئامار، لەسەدا 50ی ڕەدبۆەیل دەورەی سەرەتایی لە وڵات ئێران، لە پایەی یەکم و دویمە و ئێ مەسەڵە وەگەرد دوزوانەیی پەیوەندی دێرێ .
مودێلەیل ڕاهاوردن و بارهاوردن دنیا وە 9 گوونە دەسەبەندی بوون ک 3 نمێنەک -1 گواستنەوەیی -2 ژێراو کردن -3[1] دوسەرە لە ئەودۆا باوتر و پرکاربردترن.
خوەنینەوەیل جووراوجوور نیشان دەید ک وە بوونەی کارکرد موسبەت، یەکەمایەتی وە ڕەوش دوسەرەس. وەک نموونە، ئەلانیس وە هەڵسەنگانن پێشکەفتن لە خوەنین و زانست زوانی قوتابییەیلێگ ک بەرنامەی دوسەرە وەرگردۆن، لە جواودان وە «تست ئێستاندارد نرخبڕی شارەزایی لە خوەنین»، کارکرد خاسترێگ دێرن.
سیستێمەیل فێرکاری کارامە و سەرکەفتێ وە دەرک دیاردەی دوزوانەیی و ناسین زەوایای جووراوجوورێ، بەرنامەی دەرسی و نمێنەکەیل فێرکارییان وە پایەی «سیستێم فێرکاری دوزوانەی دوسەرە» دارِشتنە[2] و سامان دانە و لە ئێ ڕێیە، زوان یەکم قوتابییەیل هەم وەک بەشێگ لە میرات[3] فەرهەنگی و مێژوویی و هەم وەک هێمانێگ چالاک لە فێرکاری و فێربۆن پارێزانن و بانترەو بردنە.

- سەرچەوەیل:
- فارسی
• زارع کهنمویی، اصغر (1393). پایان تک زبانی، نشر تبریز.
• بی‌من، ویلیام (1386). زبان منزلت و قدرت در ایران، ترجمه رضا مقدمکیا، نشر نی.
• بیننده، مسعود (1397). دوزبانگی و الگوهای آموزش دوزبانه، شماره پنجم گاهنامه روژان.
• حمادی، حمید و فقیهی، علیرضا و سیفی، محمد و ناطقی، فائزه (1397). بررسی و تحلیل کیفی انواع مدل‌های آموزش دانش‌آموزان[4] دوزبانه، فصلنامه پژوهش در نظام های آموزشی.

- ئینگلیسی
-
Pacific Policy Research Center (2010) Successful Bilingual and Immersion Education Models/Programs, Honolulu: Kamehameha Schools, Research & Evaluation Division.
-
Baker, C. (2008). Foundations of Bilingual Education and Bilingualism. Clevdon Hall: Multilingual matterd.
http://www.ascd.org/publications/curric--ulum_handbook/413/chapters/Bilingual_Education@_Effetive_Programming_for_Language-Minority_Students.aspx

1- ڕاهاوردن و بارهاوردن: تەعلیم و تەربیەت 2- عامل 3 - نسبەت وە 4 - نتلاف 5 - باوگ‌ودالگەیل؛ والدین 6 - تەرک تەحسیل



# جیهانی فانتێزی لە ئەدەبی منداڵان



نووسین: ئارش مێهرەبان

## پێشەکی

خولقاندنی بەرهەمێکی هونەری بۆ منداڵ، پێویستی بە زانستێکی شیاوە لە کۆی ئەو لایەنانەی کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەگەڵ دنیای منداڵ¬دا پەیوەندییان هەیە و لە هەمووی گرینگتر لایەنی سایکۆلۆجیی ((Psychology منداڵ. خولقێنەری هەر بەرهەمێکی هونەری دەبێت تایبەتمەندیی زەینی و دەروونیی بەردەنگەکانی بناسێت؛ لەبەر ئەوەی کە لە دروستبوونی هەست و سۆزی منداڵ و جۆری ڕوانینی بۆ دنیای دەرەوەدا کاریگەر و دەخیلە. ئامانجی خولقاندنی بەرهەمێک بۆ منداڵ سەرەڕای پێدانی حەز و چێژێکی تایبەت بەو منداڵە، کاریگەرە لەسەر ناسین و دۆزینەوەی جیهانی حەقیقیی دەوروبەری منداڵێک کە لە ساڵەکانی سەرەتایی تەمەنیدا ژیان بەسەر دەبات و لە ڕاستیدا تینووی ئەو دۆزینەوە و
ڕوانینەیە کە بەرەو داهاتوو و گەشەکردنی دەبات. کەوایە بەرهەمێکی هونەری وەکوو سۆنگەیەکە بەردەنگ دەتوانێت دنیای شاردراوەی پشت ئەو بەرهەمە ببینێت. لەم نێوانەدا ئەدەبیاتیش کە بەشێکی گرینگ لە بەردەنگەکانی منداڵانن؛ گرینگایەتییەکی تایبەتی بە خۆیەوە بینیوە کە دەتوانێت لە بەرەو پێشبردنی ئەو ئامانجەدا دەورێکی کارا و کاریگەر بگێڕێت. لەم وتارەیشدا ئێمە ئاوڕێک دەدەینەوە سەر ژانرێکی ئەدەبی لە ئەدەبی منداڵان کە دەورێکی بەرچاو دەگێڕێت لە نووسین و خولقاندنی بەرهەمی منداڵانەدا کە ئەویش فانتێزییە ((Fantasy لە ئەدەبی منداڵان.

ئەگەرچی ئەدەبیاتی فانتێزی، زیاتر بە جۆرێک لە ئەدەبیات دەوترێت کە شاکلەی سەرەکیی بەردەنگەکانی منداڵانن، بەڵام کۆمەڵێک بەڵگە لە بەردەستە کە دەیسەلمێنێت کە ئەم جۆرە تەنیا تایبەت بە منداڵان نییە و دەکرێت کە بۆ ئەم بابەتە، بەردەنگگەلێکی دیکە بە تەمەنی جۆراوجۆری دیکەیشەوە قائیل بین. یەکێک لەو هۆکارانەی کە بووە هۆی دروستبوون و گەشەکردنی ئەم بۆچوونە، بوونی نووسەرێکە بە ناوی "جەی.ئار.ئارتاڵکین (J.R.R.Talkien) ، وئەو بەرهەمانەی کەخولقاندوویەتی.تاڵکین لە ساڵی 1892ی زایینی لە بریتانیا بە دنیا هاتووە و لە ساڵی 1973دا کۆچی دوایی کردووە. ئەم نووسەرە پرۆفیسۆری زمان و وێژەی ئینگلیزی بوو لە زانکۆی ئەکسفۆرد (University of Oxford)، بەڵام ئەو هۆکارەی کە بووە هۆی دەرکردنی ناوبانگی ئەم نووسەرە، نووسینی کۆمەڵێک بەرهەم بوو لە بواری ئەدەبی منداڵان کە توانی بەهێنانی فانتێزی بۆ ناو بەرهەمەکانی، ببێتە یەکێک لە گرینگترینی ئەو کەسانەی کە توانی فانتێزی بێنێتە ناو دنیای منداڵان و ڕۆحێکی نوێ بکاتە بەری و بیناسێنێت. ئێمەیش لەم بابەتەدا زیاتر جەخت دەخەینە سەر لایەنی ئەدەبیی تایبەت بە منداڵان و ئەو بۆچوونەی کە بۆ یەکەمین جار لەم بەشەدا هێنایە ئاراوە.

## پێناسەی ئەدەبی فانتێزی

فانتێزی یەکێکە لەو جۆرە (Genre) پراگماتیکانەی ئەدەبیاتی منداڵان و مێرمنداڵانە کە گرینگترین کارایی ئەم جۆرە ئەدەبییە، خەیاڵاویبوون و مەحاڵبوونی ڕووداوی چیرۆکێکە لە دنیای واقیعدا. فانتێزییەکان بە دوو دەستەی گشتی و مۆدێرن دابەش دەکرێن. و یەکێک لە باشترینی ئەو بەرهەمانەیش کە بۆ خولقاندنی فانتێزی گشتی دەکرێت کەڵکی لێ وەربگیردرێت، کتێبگەلی ئوستوورەیی و حەماسین.لە دوای شەڕی جیهانیی دووەم، ئەو بۆچوونانەی کە تایبەت بوون بە



ئەدەبی منداڵانەوە، توانییان کە سنوورەکان ببەزێنن و لە چوارچێوەیەکی نێونەتەوەییانەدا بایەخیان پێ بدرێت. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە توێژەران وەکوو زانستێکی سەربەخۆ بۆی بڕوانن. ئەم گرینگایەتییە تا ئەو شوێنەیە؛ سەرەڕای ئەوەی کە لەو قۆناغەدا ئەدەبی گەورەساڵان بەرەو دابەزین دەچوو، ئەدەبی منداڵان گەشە بکات و لەلایەنی چۆنیەتی و چەندایەتییەوە گەشەیەکی زیاتر بە خۆیەوە ببینێت.

بەم پێیە و بەو پێشەکییە جۆری فانتێزی لە ئەدەبی منداڵان توانی خۆی بنوێنێت و زیاتر لە جاران بایەخی پێ بدرێت و ببێتە یەکێک لە باسە سەرەکییەکانی ناو ئەدەبی منداڵان. ساڵی 1960 لین کارتر (Lin Carter)نووسەری ئامریکایی بابەتی "زیندووکردنەوەی فانتێزی"دەربڕ کرد و تاریفێکی کورتی لەمەڕ ئەم جۆرە ئەدەبییە پێشکەش کرد. هەر ئەمەیش بووە هۆکارێک بۆ ئەوەی کە زۆرێک لە نووسەران، بابەت و بەرهەمەکانیان بەرەو ئەو ئاراستەیە ببەن کە دنیای فانتێزییە. هەرچەند پێشتر لەوەیش کەسانێکی دیکە کۆمەڵێک بەرهەمیان خولقاندبوو کە تێیدا کەڵکیان لە فانتێزی وەرگرتبوو و بنەماکانی ئەم جۆرە ئەدەبییە هەر کە کۆنەوە و لە ناو ئەفسانە، ئوستوورە و چیرۆکە عامیانییەکانیشدا بەدی دەکرا.

فانتێزی بە واتای وەهم و خەیاڵە و لە پێکهاتەیەکی ئەدەبیش¬دا بە ئەدەبیاتێکی خەیاڵاوی دەوترێت. چیرۆکە فانتێزییەکان لە سەرەتادا بەو چیرۆکە زانستی-خەیاڵاوییانە دەوترێن کە هەڵگری ئەم تایبەتمەندییانە بوون؛ چێژبەخش بوون، جێگای باس و خواست¬بوون، خافڵگیرکەربوون، گۆڵمەزخۆشکەربوون.

ئێریک ڕابکین (Rabkin) لەسەر ناسینەی سەرەکیی فانتێزی لە ئەدەبیات¬دا دەڵێت:" فانتێزی جەمسەرێکی دژ بە ڕاستییە" سوورەیا قەزەل ئەیاغیش دەڵێت: لە دنیای فانتێزی¬دا هەر مەحاڵێک، مەیسەرە و بۆ زۆرێک لەو ڕووداوانە هیچ لێداون و ڕاڤەیەک نییە. بەڵام سەرەڕای ئەمانەیش منداڵان باوەڕیان پێ دەکەن و زەینی خۆیانیان پێ دەبخشن. چاکۆفسکی (Aleksandr Chakovsky ) ڕەخنەگر و نووسەری دیاری ئەدەبی منداڵان لەم¬بارەوە دەڵێت:"فانتێزی گرینگترین تایبەتمەندیی زەینی منداڵە کە نەتەنیا نابێت بخرێتە پشت گوێ، بەڵکوو پێویستە کە هەر لە سەرەتاکانی قۆناغی منداڵیدا بۆ منداڵان بوترێت و زەینی منداڵی پێ گەشە بدرێت.

## دنیای فانتێزی و کاریگەریی لەسەر سایکۆلۆجیی منداڵ

دەروونناسەکان لەو بڕوایەدان کە فانتێزی بەرگریکارێکی گرینگە لەهەمبەر گوشاری ڕەوانی و کێشە و گرفتەکان و ئەو حاڵەتە ڕەوانییەی کە لە ژێر کاریگەریی ئەو گوشارانەدا دروست دەبن کە مرۆڤ لە ژیانیدا ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، بە واتایەکی دیکە فانتێزی دەرمان و چارەسەرێکە بۆ سارڕێژبوونی ئەو ناکامیانەی کە لە ژیاندا تووشی مرۆڤ دەبێت. هەستی منداڵان ئەوەندە بەهێزە کە دەتوانێت لەو دنیا ڕاستەقینەی کە بوونی هەیە تەجروبەگەلێک بە دەست بێنێت و لەگەڵ کارەساتی ناڕاستەقینەی چیرۆکە فانتێزیاییەکاندا هەڵیانسەنگێنێت. کەوایە نووسەرانی چیرۆکە فانتێزییەکان دەتوانن کارەسات و کەسایەتییەکان بە شێوازێکی ناڕاستەقینە لە بەرهەمەکانیان¬دا بێنە بەرهەم و بیانخولقێنن. هەروەها پێویست ناکات ئەوانیش بگەڕێن بە دوای سەلماندنی ڕاستی و واقێعی نیشاندانی¬. منداڵان خۆیان ئارام ئارام دەگەن بەو ئاستەی کە بتوانن ڕاستییەکان لە دنیایەکی خەیاڵاوی جیا بکەنەوە و سەرنجی جیاوازییەکانیان بدەن.



قەزەڵ ئەیاغ لە کتێبی "ادبیات کودکان و نوجوانان و ترویج خواندن"دا دەڵێت کە بە بێ هیچ زێدەڕۆییەک دەتوانین بێژین کە جۆری فانتیزی گرینگترین چوارچێوەی ئەدەبیاتی ئیمڕۆیی منداڵانە و زیاتر لە 80لەسەدی ئەو بەرهەمانەی کە بۆ منداڵان و تایبەت بە منداڵان دێنە بەرهەم، فانتیزین." فانتیزییەکان ئەو چیرۆکانەن کە هەڵگری بنەمایەکی خەیاڵاویین کە ئەگەری کەڵکوەرگرتنیان لە ژیانی ڕاستەقینەدا بوونی نییە، بەڵام لە ڕاستیدا حیکمەتێکی ڕاستەقینە باس دەکات.

ئەو بەرهەمانەی کە بۆ خولقاندنیان لە فانتیزی کەڵکیان وەرگرتووە

لە بەشی چیرۆکە فانتیزییەکاندا دەتوانین ئاماژە بکەین بە " ئالیس لە وڵاتی سەرسووڕهێنەر" بەرهەمی "لووئیس کارڕۆڵ (Lewis Carroll) گەشتەکانی گالیوێر"بەرهەمی جاناتان سویفت (Janathan Swift ) ئاماژە بکەین.کە لەم چیرۆکانەدا کەسایەتییەکان، کارەساتەکان و ئەو ئامرازگەلێک بوونیان هەیە کە لە دنیای ڕاستەقینەی ئێمەی مرۆڤ ڕاستەقینە نین و بۆمان قەبووڵ ناکرێت. جاناتان سویفت لە ساڵی 1726ی زایینی "گەشتەکانی گالیوێری" بڵاو کردەوە.

گەشتەکانی گالیوێر لە ئێستادا یەکێکە لە گرینگترینی ئەو چیرۆکە فانتیزیانەی دنیای ئەدەبی منداڵان و مێرمنداڵان. حەوت ساڵ پێش لەویش دانییەل دێفۆ(Daniel(Defoe چیرۆکی "ڕابینسۆن کرۆزۆیەی"بڵاو کردبوویەوە. لە سەدەی حەڤدەی زایینی شارڵ پرۆ(Charles Perrault) نووسەری فەرەنسایی و لە سەدەی نۆزدەی زایینی براکانی گریم (Brothers Grimm) نووسەرانی ئاڵمانی، دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی چیرۆکە عامیانەکان کە بوونە هۆی درووستبوونی کاریگەرییەکی زۆر لەسەر دروستبوون و خولقاندنی چیرۆکە نوێیەکان و ئەدەبیاتی فانتیزی. هانس کریستیەن ئەندێرسۆن (Hans Christian Anders-en) لە سەدەی نۆزدەی زایینی، بە کاریگەریی لەسەر چیرۆکەکانی براکانی گریم، یەکەمین چیرۆکەکانی خۆی کە بە یارمەتیی خەیاڵی تاکیی و پێکهاتەی فانتیزی خولقاندبوو،بڵاو کردەوە. لەم سەدانەی دواییشدا کەسانێک وەکوو ڕۆڵددال ((Roald Dahl ئاستریدلیدگێرن (As-trid Lindgern) جۆرج مەک دۆناڵد (Gorge Mac-Donald) و ... کەسانێک بوون کە لە کارەکانیان¬دا کەڵکیان لە فانتیزیا وەرگرتووە و توانییان واتا و ڕۆحێکی نوێ بکەنە بەر ئەم جۆرە ئەدەبییە لە دنیای ئەدەبی منداڵان و مێرمنداڵان.



- سەرچاوەکان لە ئەرشیڤی گۆڤاری ژوان دا پارێزراوە.





# شێعر

شێعر : مەهوەش درۆستکار

منیچ نەبوو
هەر کناچیەتەر
دووکەڵوو جگەرەکەیت نوقموو شێعرا کەرۆ
تۆ نەبی بەڵام
پاییز نامیەتەر جە لاشەو منەن
من مەریوانم چەماو پیایەنە گم کەردەن
و
زرێیارەم چەمامەنە شارایندەوە
بنویسە دوکتر!
نوسخیە جە دەنگیش و
خوەش هەر ڕۆیە گرد دەیەقیە
بنویسە ئی کناچێ
وەرگەو وێش نەگێرتش و
دلێ پیایەنە هەناسە کێشۆ
بنویسە مەرز هەر مەرزەن
چە نانما چەنە گێرۆ و چە باوشەو یۆترینی
مووسیقیەنا خەمین
خەڵوەتوو گۆڕستانەکانە
خەمین تەر جە تاقەداریە
وەختیە دمایین پەلەوەر مازۆش جیا....
بنویسە گیرۆدەیی
یۆوەمین وشێ ژیوایش بێ و

مەرگ میراتوو کۆڵانەکێشا بێ
دوکتر!
نە ئی بیابانێ گوڵشا چەنە سەوز بۆوە
و نە من بەشەریەتەر...
بنویسە وڕنایە قەرزارەنە بە ئی حەسارا
ئی دیوارە
یاگێ پاڵوەدایش نیەنە
ئی هەناسە
... یاگێ زیننە بیەیش نیەنە





شێعر: سینا شامحەمەدی

ئێوارەیەک
ویشک لە ڕەنگ
پاییزێک
بێزار لە گەڵا
تۆ بە هێوری دەترەقساند پەنجەکانت
لە سەر بێتاقەتی پیانۆ
دۆ، سۆل، می، ڕێ ڕێ
ڕێیەک گرتمیە بەر و
ڕێ ڕۆشت و پێوای من
بەرەو هەر هەمان شوێن وا
تەنیا یەک دەنگ دەزریکاوە
لا
لا
لا
پڕ لە گۆڕی بە کۆمەڵ
هێندێکیان درێــــــــــژتر لە باڵای شین
تاق و لۆقیش کورت بە مەودای لانکە
ئەوێ بوو گۆڕستانی ئەو هۆنراوانە
کە بۆ تۆم هەڵبەست و تۆش
بە نۆتەی لایەکەت هەڵتبەست
دیوارێک لە نێوان ئەوان و ژیان
ئەوەش با چاڵ...



# دەنگ‌بێژی و جێگەی لە ناو زوان کوردیا



زانا کەرەمی

گێرانەوەی ڕووداوەکان، چیرۆکەکان و وەسەرهاتەکان، ئەو جۆرە وا ئەزانین لە ناو فەرهەنگ کوردیا جێگەیێک تایبەتی هەس. ئەو جۆرە وا هونەرمەند ناودار "دەلیل دیلاناری" ئەیژێ ئەم تایبەتمەندیشە لە بان ئەمەو دامەرزیاگە کە ئەم گێراندنەوەگەلە توانای پەیوەندی گردن تەک مێژوو، ئەدەبیات و فەلسەفەیان هەس.

دەنگ بێژی تا وەختێک کە دەنگ مێژووە هۆشی بە مێژووەو هەس. بەو جۆرە کە باس شۆڕشەکان، شەڕەکان و دانیانەکانی کرگە و ئەکا. دەنگ بێژی، زوان و فەلسەفەکەی ئەپارێزێ و وا دیارە کە هەر لە سەر ئەمە بوو کە کوردەکان دێر دەسیان بە نووسین چوو. قسەی گۆرانییەکان بوو بە دەق (مەتن) و دەنگ بێژی بوو بە نووسەریان.

ئەگەر ئێمە ئاوا بە دەنگ¬بێژیا بڕوانین ئەمە حاڵی ئەوین کە دەنگ بێژی بووگە بە پارێزەر زوان کوردەکان، مەردمێک وا دەوڵەتێکیان نەو. بوو بە قوتابخانە(فێرگە)یک بۆ کوردەکان و ڕێگەی ئەوەی دا پیان کە ڕاهێنەر خوەیان بن.

قوتابخانەی دەنگ بێژی لە ناو دڵ کوردەکان دامەرزیا و ئەساسی لە ناو دەنگ ئەوانە وا ئەیانخوەند جێی گرد و لە تواو جۆغرافیای کوردا گەڕیا. کوردەکان شارنشین بوون و بە شۆنیا، پەزێرای بارە قورسەکەی دەنگ بێژی بوون. ئەم ڕا تەنیا گێرانەوەی چیرۆک گەلێک نەو کە بە زوانا ئەهات و نووسینەکانیشی لە بەر ئەگرد (یانێ ئیتر فەقەت بە قسە داستانەکانیان نا ئەگەڕاندەو بەڵکوو دەسیان کرد بە نووسینیشی).

لە ئەم قوتابخانەگەلە ، قوتابخانەی "ئەڤدالێ زەینکێ" (ئەمە کەسێکە شوێن نییە) نەخش ڕەهبەری لە دەنگ¬بێژیا گرد. ژمارێک دەنگ بێژ قتاویی (شاگردی) ئەو ئەکەن و شێواز خوەندنیان لە ئەو هەڵ ئەگرن.

بەو جۆرە وا ئەزانین "ڕەسۆ" شاگرد "ئەڤداڵ"ە و "شاکرۆ"یش شاگرد "رەسۆ".

## بابەتە سەرەکییەکان لە ناو دەنگ بێژیا

تواو ڕووداوە گرنگەکان وا بۆ مێژووی کورد هاتگە پێش لە ناو گۆرانییەکانا هاتگەسەو کە لە چەنتەی دەنگ بێژ تێتە دەرەو و بە شێواز مێلۆدی لیرێکال (lyrical) لە دەم و لێو دەنگ بێژەکانا خوەی نیشان ئا. ئەم مێلۆدیگەلە بووگن بە ماڵ کورد و خوەیانیان بە ئێمە گەیانگە.

بە ڕوانین بە دەق گۆرانییەکان، ئەمە حاڵی ئەوین کە ئەمانە چیرۆکن و خەڵکیش ئەیناسن و وا دیارە کە لە مێژوویان دوور نییە. بازێ جار شوێن ئەوان ئەوا ماڵ میرەکان یا ژوورەکان ئەو ماڵگەلە وا مەردمی تیا کۆئەواوەو.

ئەمە یانێ کە بابەت تواو گۆرانییە دەنگ¬بێژییەکان هەڵ ئەگەڕننەو بۆ مەردمەکە. تواو دیارە کە گۆرانییە کوردییەکان، هەر وەک خوەیان، قسە لە ئێش و ئازار ئەکەن. بە مەشرووب و عشق بازی ئیشارە ناکەن لە حاڵێکا هاوساکانی ئەو کارە ئەکەن.

ئەوینین کە گۆرانییە کوردییەکان فرەتر هان لە سەر وەسەرهاتەکان شەڕ و دەردەکانی. بازێ جار قسەی لەسێدارەدان ئەکەن و بازێ جاریش قسەی شەڕ.

تەنانەت وەختێ دەنگ بێژ ناودار ئەوێ، خەڵک ناوێکی بۆ ئەنن و فرە بە ناو خوەی قاوی لێ ناکەن. بۆ وێنە دەنگ¬بێژ"شاکرۆ" بە ناو "کەوێ ڕبات" لە ناو خەڵکا ناسریاگە و بازێ جاریش "شای دەنگ بێژەکان" قاوی لێ ئەکەن یا ئەوەیکە "ئەگیدۆ جما" بووگە بە "ئەمیر بلور".

ئەمە ئەوە نیشان ئا کە دەنگ بێژ چەنێک بۆ مەردمەکەی هێژاس . جارێ ناوێ لەبیرمان بچێ کە وەک نووسەرە هاوچەرخەکان (موعاسر) تر، دەنگ بێژەکان ئێمە پەنایان بۆ ئەمیر و بەگ ئەبرد. یانێ ئەوان ڕێگە گەلێکیان ئەدۆزیەو کە لە ژێر سێوەر ئەمیرەکان هەر جۆر بووگە هونەرەکەیان دەرخەن.



# Dengbêjî û di Kurmancî de cihê wê



## Ehmed Ûmerî

Dengbêjî; vegotina bûyer, çîrok û serpêhatiyan, wekî tê zanîn di çanda Kurdan de xwedî cihek gelek taybet e. Vê taybetiyê jî wek hunermendê navdar Delîl Dîlanarî gotî ji di xwe hewandina dîrok, ziman û wêjeyê distîne.

Dengbêjî dîrokê di xwe de dihewîne ji ber ku dengê dîrokê ye, behsa serhildanên, şerên û têkçûnên kurdan yên dîrokî dike. Ziman û Wêjeyê dihewîne ango diparêze ji ber ku kurdan zimanê xwe pir dereng derbasî asta nivîsînê kirine û li dêvla pirtûkan klam ji wan re bûne nivîs (pirtûk) û dengbêj jî bûne nivîskar. Heke mirov ji vî alî de li dengbêjiyê binere merov dibîne ku dengbêjî bûye parazvanê zimanê Kurdên bêdewlet, bûye dibistan ji kurdan re û wan di xwe de daye xwendin.

Dibistana dengbêjiyê xwendekarên ji her alî de serkeftî gîhandiye û wan di nava Kurdistanê de kiriye gerok û wan bi klaman(pirtûkan) re li erdnigariya Kurdistanê bi saxî gerandiye, kurdan hay ji xwe kiriye ango barê neteweke sax hildaye. Ne tenê bargirê çanda devkî ye, na, ne wilo ye, bargirê çanda devkî û ya nivîskî bixwe ye.

Di vê dibistanê de ekolek wek Evdalê Zeynikê di dengbêjiyê de barek mezin hildigire, hejmarek zêde dengbêj şagirtiya wî kirine û destûra xwe jî ji wî hilgirtine.

Wekî tê zanîn Reso şagirtê Evdalê Zeynikê ye û Şakiro jî şagirtê Reso ye.

**MIJARÊN SEREKE DI DENGBÊJÎ DE**

Di nava kurdan de çi bûyerên girîng çêbûbe bûne klam ji klamêd tûrikê dengbêjan û di nava dev û lêvên wan de bi şêwazek lîrîk bûne malên kurdî û xwe gîhandine me.

Ger mirov li cihên gotinê yên klaman binere, dê merov fêm bike ku dengbêj bi gel ve ne, ango ne ji gel dûr in. Cihên wan geh bûye odeyên gunda, geh jî bûne malên axe û mîran ku gel bi saxî lê civiyane.

Ev jî dike ku mijarên klaman xitabî gel bike. Li ber çavan e ku klamên Kurdan jî wek wan bi êş û keder in, ne wek gelên derdorê ne, behsa şerab an jî gulê nakin.

Her wiha, em dibînin ku klam bi piranî xwedî mijarên wek: “Serhildan, Şer û Serpêhatiyên ji nava gel” in. Geh klam merov dibin sehpayên îdamê geh jî dibin qada şer.

Herçiqas dengbêjên me xwedî nav bin jî ev nebûye asteng ji bo ku di nava gel de dîsan neyêne navdan.

Wekî du mînakên li ber çavan; dengbêjê navdar Şakiro di nav gel de bûye Kewê Ribat car caran jî bûye Şahê Dengbêjan, Egîdê Cimo bûye Mîrê Bilûrê. Ev tişt jî qîmetdayîna dengbêjan ya di nav gel de pêş me dike.

Di vê navberê de divê merov vî tiştî jî ji bîr meke, herwekî nivîskarên kurdan yên hemdem dengbêjên me jî di bin banên mîr û begên kurdan de stara xwe dîtine, ango di bin siya mîran de derfetan dîtine ku berhem bidin.





وێنەگر: ژینۆ بەردئەڤکەن


وێنەگر: ژینۆ بەردئەفکەن

# Cultural-literal-social Magazine of

# ZHWAN

**Number 30**

**February - March 2021**

**Kurdistan University of Medical Scineces**



